بەهاری ١٩٩٩ **هانا** ژماره ١٢_١١

## ناوەروک:

١_ سیناریویه کی دووباره کراوه، کورده کان و کوسوفو / ئاسو ........................................ ٢
٢_ هه له بجه ئازاریکی نه مری له ویژدانی هه موو مروفایه تی دا / کاروان عبدالله ............ ٦
٣_ ئوجه لان، وانه یه کی میژوویی و نوی بو خه بات / سه لام عبدالله ئیبراهیم ................ ٧
٤_ بزوتنه وه کومه لایه تی یه کان و ته جروبه ی میژوویی / سلیمان قاسمیانی ..................... ١٦
٥_ سه باره ت به پروژه ی "ئاشتی له ریی فه رهه نگه وه" / ره حمان حوسین زاده ................. ١٨
٦_ راپه رینی خه لک له کوردستانی ئیران و هه لویستی پ.ک.ک / سلیمان قاسمیانی ......... ٢١
٧_ نامه یه ک له "کریکالا"وه / جه مال کوشش ............................................................ ٢٣
٨_ نووسینی کوردی به پیتی لاتین، نویگه ری له زمان دا / مه ریوان ره ئوف ...................... ٢٦
٩_ زیندانی ئه ژده هاک / گوران / به پیتی لاتین ......................................................... ٣٠
١٠_ ریالیزم / هاشم که ریمی ......................................................................... ٣١
١١_ چاوپیکه وتنیک له گه ل ته سلیمه نه سرین / مارگه ریتا رومه ری/ شنه عبدالله ......... ٣٥
١٢_ به ده م چاوه روانی شاعیریکی به رزه فره وه / حه مه سه عید حه سه ن ............................ ٣٩
١٣_ شیعر: گوران / بژار / مه ریوان ره ئوف / ئاسو / خالید بایه زیدی /
مه شخه ل / حه مه عه لی حه سه ن / رزگار عومه ر ...................................... ٤٩
١٤_ ئه لوه ن و ئه م به ر و ئه و به ر / ئه سعه د حاج حه سه نی (ناساندنی کتیب) ............ ٦٣
١٥_ میدووسا به سه ر ئابیده ره وه / ئه سه د نودینیان (ناساندنی کتیب) ...................... ٦٥
١٦_ کوتایی چاوه روانی / هیوا ............................................................................ ٦٧
١٧_ بانگه وازیک / مه شخه ل .................................................................................... ٧١
١٨_ بازگه / عه بدول حوسین ................................................................................. ٧٢
١٩_ براگه وره / شیکهار جوشی / ئه سعه د حاج حه سه نی ........................................ ٧٣
٢٠_ راست کردنه وه ی هه له یه ک ............................................................................. ٧٦
٢١_ وه لامی ریبوار به نامه که ی عه باس شوان .......................................................... ٧٧
٢٢_ "کویره دی"، گه وره شار و کومونیستی خاراو / سه ردار عبدالله ........................ ٧٨
٢٣_ بو ئه و که سه ی خوشم ده وی و به جیم دیلی / به یان ............................................ ٨٠

***

# سیناریویەکی دووبارە کراوە، کوردەکان و کوسوفو

نووسینی بە کر ئە حمە د (ئاسو)

ئە م وتارە لە بناغە دا بو روژنامە کانی سوید نووسراوە. ئە مە ی دە یخویننە وە، وە رگیرانی کوردی هە مان وتارە.

هە والنیری روژنامە ی «یوتوبوری پوستن»، "یان هویگلوند"، لە مە کدونیاوە دە نووسی:

«لە رووباریک دەچیت کە رژابیتە سەر لیوارەکانی و بووبیتە لافاو و دولە کانی پرکردبیت و دە ریایە کی پیکهینابی؛ دە ریایە ک لە ئینسان کە نیشتیمانیان نیە» .

من شەپولیکی بچکولەی ئەو رووبارە گەورەیەم کە رژایە سەر لیوارەکانی و بووە دەریایەک و شاخ و دولەکانی کوردستانی پرکرد لە ٢٤ی مارسی ١٩٩١دا؛ کاتیک سی (٣) ملیون ئینسان لە دوای شەری کە نداوە وە ناچارکران شارەکانیان جیبهیلن. ئافرەتیک کە لە تەنیشتمەوە ریدەکات، پیم دەلی:« دوزەخ هەموو کات بە ئاگرەوە پیناسە دە کریت، بە لام چ جە هە نە میکی ساردیان بو ئیمە خولقاندووە؟»

٢٤ی مارسی ١٩٩٩، هە شت سال دوای تراژیدیای کوردە کان، ئە مریکاو ناتو، بومبارانی خویان لە یوگوسلافیادا دە ست پیدە کە ن؛ کە دە بیتە هوی کارە ساتی ئاوارە یی هە زاران هە زار لە ئە لبانە کانی کوسوفو.

"شە ترە نج لە گە ل مردندا" ، روژنامە ی (ئافتون بلادیت ٣ی ئە پریل)، وە سف کردنی "کلاودیا ماکریس" ە دە ربارە ی ئە و یاریە ی کە لە ئیستای یوغوسلافیادا نمایش دە کریت. ماکریس دە لی:

"تەختەی شەترەنجی یوگوسلافیا، سامناک دیتە بەرچاو، بەلام زور وشیارانە ریکخراوە و داشە کانیش بە عە قلیکی دانای ستراتیژیانە وە دە جوولینرین. هە ر داشیک لە شوینی خویدا راگیراوە، یاخود دە جوولینریت و ئاکامیکی خویناوی بە دوای خویدا دە هینیت؛ کاتیک ئارە زووی سە رە وە وا بخوازیت."

ئە وە ی جیگای سە رنجە لە بوچوونی گشتی خە لکدا، داشی ئە مریکا و ناتو، تیشکی روشنی لە سە ر نییە، لە کاتیکدا جوولانی ئە م دوو داشە، لە گشت داشە کانی تر ئە گە ر سامناکتر نە بی، کە متر خویناوی نییە.

کاتیکیش خوپیشاندە رانی ئە لبانیە کانی کوسوفو چاو لی دە کە یت، کە پە رچە مە کانی ئە مریکا و ناتویان لە دە ستدایە ، ئە وە ئە وان پیمان دە لین: « ئە وان رزگارکە ری ئیمە ن»، ئە م پە یامە تا رادە یە ک جیگای داشە کانی ئە مریکا و ناتو نیشان دە دات بو هە موو ئە و کە سانە ی کە شە ر لە شاشە ی تی ـڤی کانیانە وە سە رنج دەدە ن و "سی. ئین. ئین" CNN سە رچاوە ی زانیاریە کانیانە.

خالی دە ست پیکردنی من لە م وتارە دا، دوزینە وە ی شوین و جیگورکیی داشە کانی ناتو و ئە مریکایە لە یاری "شە ترە نج" ی یوگوسلافیادا؛ لە پە یوە ند بە کیشە یە کی تری خویناوی کە زور دوور نییە لیمان؛ جە نگی کە نداو. من تە واو دلنیام کە «میلوسوفیچ» تە نها یە کیکە لە و دیکتاتورانە ی کە هە ر لە مرودا لە گە لیک جیگای دنیادا دە سە لاتیان بە دەستەوەیە. (ئەگەر بوونەوەرانیکی تر لە ئاسماندا هەبن، ئەوا بە دیکتاتورە کانی سە ر زە وییە وە دە مان ناسنە وە.)، ئە مە هاوری یە کی شاعیرم پیی وتم.

بە راستی بو چارەسەرکردنی ئەو کیشە ئیتنییە خویناوییە چارەسەرنەکراوانە ی ئە مروی زە وی، چ ریگا چارە یە کی عە قلانی و شارستانی ئامادە یە؟ زە مینە ی سە رە کی کیشە ئیتنیە کان، ئە و هە ستە میللیانە یە کە لە لایە ن هە ر دوو ناسیونالیزمی بالادەست و بندەستەوە فوو بە بنی ئاگرەکەدا دەکەن و دەیگەشیننەوە. چ ریگا چارەیەک بو کە مکردنە وە و نە هیشتنی ئە م ئاگرە هە لدە بژیردریت؟

کاتیک هەر دوو شاروچکەی "ئەخیم و تورشلاندا" دەیانەویت لە شاری یوتوبوری جیاببنە وە، لە سووچیکی بچکولە ی

ئه م سه رزه مینه  بچووکه دا، ئه وا لوژیک ده ست ده داته "چه کی" ریفراندوم و تا داخوازیه کانی "ئه خیم" و "تورشلاندا" له پروسه یه کی دیموکراتی و ئازاددا وه لام پیبداته وه و بریار له سه ر چاره نووسی ئه و دوو شاروچکه یه بدریت و به «مافی چاره نووسی خویان بگه ن». به لام کاتیک ئه م داخوازیه له لایه ن که مایه تییه نه ته وایه تیه کانی سه رزه مینه وه به رز ده کریته وه و خوازیارن ئه م کیشه یه یان وه لامی پیبدریته وه، ئه وه کومه لگای جیهانی و سیاسی یه به هوشه کانی، ریگای سه ربازی و خویناوی بو هه لده بژیرن. هیچ کاتیک ناسیونالیزمی صرب و ئه لبانی دوای ئه م بومبارانه ی ناتو، ئاوا به هیز نه بوون. روژنامه نووسیکی صه ربی که خوی به ئوپوزسیونی میلوسوفیچ ده ناسینیت ده لی:

"من چون روژنامه نووسیکی بیلایه ن ده بم، کاتیک ولاته که م له خه ته ر دایه، من له پشت میلوسوفیچه وه راده وه ستم.»

بوچی ئه لته رناتیفی "ئه خیم و تورشلاندا" له ئاستی نیونه ته وه یی دا نابیته خالی سه ره کی بو چاره سه ری کیشه میللیه کان؟ بوچه ده بی داشه کانی ئه م شه تره نجه به جوریک بجوولینریت که «کاره ساتی خویناوی به دوای خویدا بهینیت؟»

به لام به کارهینانی هیرشی سه ربازی ناتو و ئه مریکا له یوگوسلافیادا، له شوینیکی تره وه سه رچاوه ده گریت. به کارهینانی هیرشی سه ربازی له مروی دنیادا بووه ته دیارده یه کی هه مه روژه و هه ر جاره ی له ژیر چه تری UN و "ناتو" و گه لیگ جاریش به بی هیچ چه تریک ده بریته پیش. ئه م دیارده یه ناکری له کوسوفودا بوی بگه رییت، به لکو له و بوشاییه گه وره یه دا بوی ده گه رییت که جه نگی سارد و خشته نه خویندراوه کانی ئه و جیی هیشتوون.

یه که مین قوربانییه ک که له به ره کانی جه نگی که نداودا که وت، ئه و حه قیقه ته ساده یه  بوو؛ که ئه مریکا له که نداو دا ناجه نگی تاکو ئه و چاله نه وتانه ی له لایه ن سه دامه وه ده ستی به سه ردا گیراوه رزگار بکات. چونکه سه دام به دریژایی ته مه نی رژیمه که ی نه وتی به ئه مریکا فروشتووه، چ به شیوه ی راسته وخو، یاخود به ریگای ده ستی دووه م یان سی یه مه وه بووبیت. به لکو ئه مریکا له که نداودا ده جه نگی؛ تاکو جیگاو ریگای ده سه لاتی سیاسی خوی، له نه مانی جیهانی دوو قوتبی دا، وه ک خوی بهیلیته وه. کوتایی هاتنی جه نگی سارد؛ ته نها به مانای دوران و له گوره پان ده رچوونی بلوکی روژهه لات نیه. به لکو گورانیکی بنه ره تی و ئیجگار مه زن له هه ریه که لی بلوکی "براوه"شدا پیک ده هینی. ئه و هاوکیشه سیاسیانه ی که سه رجه می دنیای دوو بلوکی پیکی هیناون، له نه مانی یه کیک له بلوکه کاندا، به ته واوه تی تیکده چیت و هاوکیشه ی سیاسی تازه جیی ده گریته وه. ناتو له به رانبه ر وارشو دا پیناسه ده کریت. به دریژی شه ری سارد، به تایبه ت دوای کوتایی هاتنی جه نگی جیهانی دووه م، ده سه لاتی سه ربازی و سیاسی ئه مریکا له ئه وروپادا، راستیه که و هیچ گومانیک هه لناگریت. به لام که کوتایی به جه نگی سارد دیت، واتا کوتایی به و هه لومه رجه ش دیت که جیگا و ریگای ئه مریکای له ئه وروپادا ده ست نیشان ده کرد. به کورتیه که ی؛ جیگای سه ربازی و سیاسی ئه مریکا ده که ویته مه ترسی له ناوچوون، له پاش زیاتر له په نجا سال به هره مه ندبوون له و مه وقعیه ته سیاسییه.

شه ری ئه مریکا له که نداودا، شه ری پاراستنی ده سه لاتی سیاسی و سه ربازی ئه مریکایه، له جیهانیکدا، که ئه م جیگاو ریگایه ی ئه مریکا به ته واوه تی له ژیر پرسیار دایه. هیشتنه وه ی ناتو، له کاتیکدا ئه فسانه ی بوونی ناتو وارشویه، کوششی ئه مریکایه بو هیشتنه وه ی هیزه سه ربازیه کانی خوی له ئه وروپادا.

هه ر بویه ش، شه ری که نداو ده بیته راستیه کی حاشاهه لنه گر به هه موو مانا تراژیدیاکانیه وه. ئه م حه قیقه ته ساده یه ی که له ژیر بومبارانه سه خته ژورنالیسته کانی دنیادا خنکینرا و بووه قوربانی؛ هه موو روژیک له گوشه و سوچیکی دنیادا له جیهانی یه ک قوتبی دا، خوی نیشان ده داته وه.

هیرشه سه ربازیه کانی ئه مریکا له سودان و ئه فغانستان و ئیستاش له بالکان دا، ته نها سه ره تای ئه م هیزنواندنه ی ئه مریکایه بو پاراستن و هیشتنه وه ی ده سه لاتی سیاسی و سه ربازی خوی دوای کوتایی هاتن به شه ری سارد. بی گومان جیگا و شوینی یوگوسلافیا، له پاش هاتنه  ده ره وه ی له شه ره خویناویه که ی بوسنی دا؛ وه هه روه ها وه ک

یه کیک له ده وله ته سه ربازیه به هیزه کانی بلوکی خورهه لات له ناو جه رگه ی ئه وروپادا، ره هه ندیکی تر به یاری شه تره نجی سه ر بالکان ده دات.

له «سیسته مـی جیهـانی نوی» دا، که ده رکه وته خوینـاویه کـه ی شه ری کـه نداو بوو، سینـاریویه ک بو یه کیک له خویناوی ترین کیشه میللیه کانی خورهه لاتی ناوه راست؛ کیشه ی کورد له کوردستانی عیراقدا، ئاماده کرا. ده رکیشانی چه ند دیریکی ئه م سیناریویه، که له جه نگی که نداودا پراکتیزه کرا؛ زیاتر روشنایی د ه خاته سه ر جوولاندنی داشه کانی ئه مریکا و ناتو له یاری شه تره نجی بالکان دا.

له دواروژه کانی شه ری که نداو دا، راپه رینی جه ماوه ری سه رتاسه ری عیراق ده گریته وه. ئه مریکا و هاوپه یمانه کان چرای سه وز بو له شکره به زیوه که ی عیراق داده گیرسینن: با هه لیکوپته ره کان بفرن! گومی خوینی شاره کان ده ست پیده کات. کورده کان له "ماراسون" یکی گه وره ی بی وینه دا، روو ده که نه شاخ، بو ناو خودی "جه هه نه می سارد". به لام ئاواره کان ده بی بگه رینه وه شوینی خویان. بویه ئه م رووباره گه وره یه له ده شت و دوله کانه وه، ده رژیته وه شاره کان. ئه مریکا و هاوپه یمانه کان، "ناوچه ی ئاسایش"بو کورده داماوه کان دروست ده که ن. کورده کان له بری چاره سه ری میللی کیشه که یان، ده کرینه ئاواره ی سه رزه مینه کانی خویان. ئه م که مپه گه وره یه ی ئاواره کان، به خیر و کومه کی ریکخراوه ئینسان دوسته کان و "بیتاقه ی بایعی" نه ته وه یه کگرتووه کان ژیانی مسوگه ر ده کریت. ناوچه ی ئاسایشیش ده کریته وه ره قه یه کی فشارهینانی ئه مریکا بو سه ر به غداد، تاکو زیاتر ملکه چی بریاره کانی ئه مریکا بیت.

روژنامه ی "ئیکسپریس"؛ گه وره ترین روژنامه ی کونسیرفاتیفه کانی سوید له ۳ی ئه پریل دا و له وتاری ده سته ی نووسه راندا ده نووسی:

"هیرشی ئاسمانی به و ئامانجه ده ستی پیکرد؛ که هیرشه درندانه که ی میلوسوفیچ له به رانبه ر ئه لبانیه کانی کوسوفودا رابگریت. ئامانجه که زور مه به ست دار بوو، به لام ئاکامه که ی کاره ساتیکه بو خوی."

له ئه نجامی هیرشی ناتو و هیرشی سه ربازی صربه کاندا:

"کوسوفو له هاولاتییه ئه لبانیه کانی خالی کرا."

به لام هیرشی ناتو له کوسوفودا، به رئه نجامی هه له ی تاکتیکی و حساب بو نه کردنی ئه م هیرشه وه نییه له لایه ن ناتووه؛ چونکه:

"له سه ر ته خته ی شه تره نجی یوگوسلافیادا، داشه کان زور به ئاگاهانه دانراون و داشه کانیش به عه قلیکی دانای ستراتیژیانه وه ده جولینرین."

راستی ئه وه یه؛ که تراژیدیای کورده کان، به هه موو ره هه نده کانی خویه وه له کوسوفودا دوپات ده کریته وه.

ئیستا که کوسوفو له هاولاتیانی ئه لبانی چولکرا، بریاره ئه وان بگه رینه وه شوینی خویان. ناوچه یه کی ئاسایش بو ئه لبانییه داماوه کان دروست بکریت. ئه لبانیه کان له سه ر نیشتیمانی خویاندا د ه بی بکرینه ئاواره ی سه ر نیشتیمانی خویان. ناوچه ی ئاسایشیش ده بی پربکریت له له شکری ناتو. هه مان ناوچه به کارده هینریت وه ک وه ره قه یه کی فشار بو سه ر به لغراد. ئه مه ئه و سیناریویه یه که هه ر له ئیستاوه خراوه ته گه ر و کاتیکیش چه که کان بیده نگ بوون؛ یه که مین خالی دانیشتنه کانی سه ر میزی کیشه ی کوسوفویه.

کوسوفو! من له گه لتا ئازار ده چیژم. به لام تو یه که مین و دواهه مین دوراوی یاری شه تره نجی سه ر بالکانیت. تو ئه بوایه له که مپی ئاواره یی مه زنی کورده کاندا شتیکی تازه فیربوویتایه، به لام تازه دره نگه.

کاتیک رووباری گه وره ی کورده کان به سه ر لیواره کانیدا رژاو بووه ده ریایه ک له ئینسان و شاخ و دوله کانی کوردستانی پرکرد، یه کیک له شاعیرانی کورد له ستوکهولم بوو. ئه و شاعیره؛ ئه و روژانه ی که تیایدا له وپه ری بیده سه لاتیدا به سه ر ده برد؛ به مجوره باس ده کات:

"چی به تانی و لیفه و خوراکی ماله که م هه یه، له به رانبه ر ته له فیزیونه که م دا هه لده چنم. من چاوه روانی وام هه یه؛ که منداليكى بى دايک و باوک، ئافره تيک که کورپه تازه بووه که ی ده داته ده م ئاوی رووباره وه، پیره میردیک که که س وكار و گوچانه که یشی ون کردووه، له شاشه ی ته له فیزیونه که مه وه بینه ده ر. ئاخر من ده مه وی په نا بم بو که سیک، من ده مه وی باوه شیکی گه رم بم بو که سیک."

من به چاوی پر له فرمیسکمه وه له به رانبه ر ته له فیزیونه که، هه لکورماوم. کچه که م پیم ده لی:

"باوکه؛ ئه و هه موو به تانی و لیفه و نانه ت بوچی له به رده م ته له فیزیونه که دا هه لچنیوه؟"

***

# هەڵەبجە ئازاریکی نەمری لە ویژدانی هەموو مروڤایەتی‌دا

کاروان عبدالله

## پیشکەشە بە یادی ۱۱ ساڵەی هەڵەبجە

۱۱ سال لەمەوبەر برینیکی قوولتر کرایە بەر جەستەی مروفەکانی هەلەبجە. پیشتر کانی عاشقان، پیشتر شە ری مە دە نی هە شت سالە ی عیراق و ئیران، پیشتر ناپالمە کانی بە عس و سوفیە ت، پیشتریش سالە کانی ٦٨ _ ٧٠ و توپە ئیوارە کوژە کانی پ.د.ک و بیارە، هە زاران پیشتریش شمشیر بە دە ستە کانی "أبا عبیدە "ی کوری جە رراح و فە تح و فتوحی ئیسلامی.
ئیستاش شاریکی تە ریک و دابراو لە هە موو جورە شارستانی و پیشکە وتنیک، هە لە بجە یە کی تر، ئە فغانستانیکی تر، سە رزە مین و ئە ستیرە یە کی تر.
با هە موو هە لە بجە هاوارکات، ئە مە بوو هە لە بجە؟ ئاوابوو هە لە بجە ؟ کی وای لیکرد هە لە بجە؟ کیمیاوی ئالمانی، توپی نەمساوی، میراژی فەرەنسی، راجیەی رووسی، لوغمی سویدی هەموو لە بازاری هەلەبجە دا تە قینرانە وە؛ بە جە ستە ی هە لە بە جە دا توینرانە وە.
هە لە بجە هە رگیز ناسرە ویت تا زلهیزە کان و نە خوشی دە سە لات پایە دار بیت. ١٦ی ئازار هە رگیز کوتایی نایە ت تا ئە و خوینخورانە حاکمی مروف بن.
پە نجا سالیکە خویان ناو ناوە مروف پە رست، دژی شە ر، دوستی ئاشتی. گە ر بە وانە وترابیت دوو رە وشت، من ئە لیم نەخیر ئەوانە بی‌رەوشتن، بی ئابروون؛ رەوشت بو یەکیکە پرنسیپی هەبیت بەلام پرنسیپی ئەوانە لە بەرژەوەندی سە رمایە و عە مباری چە کە فرە کوژە کانیان دایە کە لە خە رمانە ی هە لە بجە دا مشتیکیان تاقی کردەوە.
لە هە لە بجە دا مروف و گول، درە خت و ئاژە ل بە بارووتی ئە مانە سووتا... بە غازی ئە مانە خنکا.
هە لە بجە هە رگیز ناتوانیت لە مانە خوش بیت، چونکە ئە هریمە نی تە کنولوژیایان کاریکی نە کرد لە بیر بچیتە وە. چە ند ئە دیب و نووسە ر، چە ند هونە رمە ند و روشنبیر هە بن و بن، هە رگیزاو هە رگیز ناتوانن ببنە مامانی چە ند ساتیکی ئە و ژانە گە ورە یە.
با لە یادی هەلەبجەدا ئەم رژیمە بە ناو دیموکراسی و ئازادیخوازانە بایکوت کە ین. با لە یادی هە لە بجە دا دوژمن بناسین، مە زهە ب بناسین، دوست بناسین، سە رمایە دار بناسین و مروف بناسین.

***

# ئوجه‌لان وانه‌یه‌كی میژوویی و نوی بو خه‌بات

## له سوریایه‌وه تا ئیتالیا له یونانه‌وه تا نه‌یروبی
## درندایه‌تی دیموكراته‌كان و مافخوازانی مروف ... و مافی په‌نابه‌ریتی

سه لام عبدالله ئیبراهیم

Í±žÂÅˆ }ä±– zzd

روژنامه ی په یام ته نها ۳ لاپه ره و چه ند دیریكی ئه م وتاره ۱۰ لاپه ره یه ی (له ژماره ی ۱۴ای مارسی ۱۹۹۹ دا) بلاوكرده وه. ئه مه ش كرداری روژنامه یه ك نییه ئالای بیلایه نی و ئازادی هه لگرتووه! هه روا كاریكی نابه جی و متمانه شكینه، له هیچ روژزنامه یه ك رووی نه داوه. وتار یا بلاو ده كریته وه یا بلاو ناكریته وه، نه ك نزیكه ی حه وت لاپه ره ی بقرتینن.

كاتی خوی كاك (...) پیی وتم "تو یه كیكی له ئیمه... په یام روژنامه ی تویه". ئیستا ئه وه نده ی تر بوم ده ركه وت كه نه‌ك په‌یام هی من نیه، به‌لكو له بری قه‌یچی كوته‌ك به كار ده‌هینیت؛ زمانم ده بریت؛ قه له مم كول ده كات و ره خنه ی نابه جیم بو ده هینیت!... من ئیستا چی به خوینه ری به ریز بلیم ئه گه ر پرسیاری كرد: نووسه ر ده یه ویت چی بلیت؟

من ده بی یه ك سه ر حه ق به خوینه ر بده م و بلیم به و شیوه یه ی بلاو كراوه ته، هیچ!!

به‌هه‌ر حال ده‌مه‌ویت هه‌ر ئه‌وه‌نده بلیم كه بوچوونی ئه‌و كه‌سانه نیه كه به ناوی ئازادی كوردستانه وه خیرا خیرا خویان ده كه ن به پیلاو بو فلانه لورد و فیساره میسته ر و هیر؛ خیرا خیرا میواندایان ده كه ن و ناویان له به‌لگه‌نامه‌كانیان بلاوده‌كه‌نه‌وه؛ بو خاتری خاتران جوین و هیرشی درندانه دژ به خه باتی شیوعیه كان بلاو ده كه نه وه...

لیره‌دا به برایانی ده‌سته‌ی نووسه‌رانی په‌یام ده‌لیم، په‌یامه‌كه‌تان گه‌یشت! كاری روژنامه كه تان له سه ر نووسینی من په كی ناكه ویت، شوكور نووسه ر زوره. من له مه ودوا ئاماده نیم نووسین بو په یام بنیرم. هیوای سه ركه وتنتان بو ده خوازم. هیواشم وایه كه جاریكی تر كاری وا له گه ل هیچ نووسراوه یه ك نه كه ن. ئیتر خوشیتان.

سه لام عبدالله ئیبراهیم ۸ـ۵ـ۱۹۹۹

:ä˜ äž yzZ®•zÂœ ç– yd j ä› ä¢

سه ر باری چه وسانه وه ی مافی گه لی كورد وه كو مافیكی دیموكراتی و به رپاكردنی شه ریكی كاولكه رانه له دژیدا، هوی گرنگ و پر مه ترسی تر هه ن كه له ده سه لاتداره فاشسته كانی توركیاـ ده سه لاتی دیموكراتی جه نه راله كان ــ هه ره شه ده‌كه‌ن وه‌ك: قه‌یرانی سیاسی ئابووری. هه‌ر جاریك ئه‌و قه‌یرانانه فشاریان بوبهینیت په نا ده به ن بو به هیزكردنی

گیروگرفته ده ره کیه کان له گه ل یونان، ئیران، سوریا و کوردستانی عیراق. به م شیوه یه ش دەمارگیری ره گه زپه ره ستی و نه ته وایه تی که مالیزم به هیز ده که ن و سوودی لیوه رده گرن بو دوورخستنی جه ماوه ری به رینی خه لک له داخوازیه کانی روژانه یان بو له ناوبردنی: بیکاری و لانه وازی و گرانی یا ئازادی ده نگ ده ربرین هتد... ئه مجاره یان حکومه تی تورکیا گیروگرفتی ئاو و سنوور و بوونی "پارتی کریکارانی کوردستان" و رابەرەکەی لە سوریای کرد بە هەرەشە بو بە کارهینانی تانک و توپ و فروکه کانی: "ولات له مه ترسی دایه"!! له شه و و روژیک دا نه ده نگی په رله مانه که یان ما و نه ده نگی دیموکراتیه ت؛ ده نگی ده سه لاتداره راسته قینه که یان هاته پیش پیشه وه: جەنه راله کان ده دوین و بریار ده ده ن، سه روکی حکومه ت و وه زیره کان گوییان لیده گرن و فرمانه کانیان جی به جی ده که ن!!

یه کیک له داخوازیه کانیان له حکومه تی "سه رکردایه تی سه روک ئه سه د، سیمبولی موقاوه مه ته بو هه موو گه لانی روژهه لاتی ناوه راست" (۱) بریتی بوو له ده رکردنی ئوجه لان له سوریا. حکومه تی سه روک ئه سه د "مروفی مه زن و برا" (۲) چون به سووک و ئاسان به گویره ی پیلانیکی موخابه راتی "کارلوس"یان بو سوودان ده رپه راند، ئاگاداری موخابه راتی فه ره نسی یان کرد و له خه رتووم ده ستگیر کرا و له ویوه بو فه ره نسا رفینرا؛ ئه مجاره یان سه ریان بو هه ره شه کانی جه نه راله کانی تورکیا نواند و به هه مان پیلانی ریوی ئاسا، ئوجه لانیان له سوریاوه بو رووسیا ده رپه راند. به م شیوه یه به ره ی جه نگی تورکیا و سوریا بو ماوه یه ک هیمن بووه وه ـ پاش ریکه وتنه که ی **۱۹۷۵** له نیوان به غدا و تاران، شای ئیران و سی. ئای. ئه ی CIA مه لا موسته فایان بو ئامریکا "ره وانه کرد"ـ.
له لایه کی تره وه ده زگاکانی "پ.ک.ک" باس له م راستیانه ناکه ن و په نا ده به نه به ر دیماگوکی پروپاگه نده یی وه ک "سه ردانی سه روک بو رووسیا" وه کو بلیی به ئاره زووی خوی به ری که وتبیت. له چاوپیکه وتنیکی روژنامه ی الحیاه له گه ل به رپرسیاریکی "پ.ک.ک" که نه یویستووه ناوی بلاو بکریته وه وتراوه: "بریاری گواستنه وه ی کاری سیاسی بو ئه ورووپا، هه ولدانیکه بو به کارهینانی ده وله ته ئورووپی یه کان وه کوو ئامیریک بو رووبوونه وه ی تورکیا و هه روا هه ولدانیکه بو مسوگه رکردنی ئازادی هاموشو بو سه رکردایه تی پ.ک.ک" (۳). ئه م پروپاگه ندانه هه ر له وانه ی پیشوویان ده چیت وه ک: "ده سپیکردنی قوناغی شورشیکی نوی... دامه زراندنی ده سه لاتی گه ل" یا "هیرشه کانی تورکیا بووه به هوی یه کگرتنه وه ی باکوور و باشووری کوردستان و قوناغی پیشخستنی ستراتیجی و تاکتیکی عه سکه ری هاوبه ش بو هه موو کوردستان..." (۴) به گشتی ده رباره ی ده رکردنی ئوجه لان هیشتا پ.ک.ک وشه یه کیان ده رنه بریوه؛ هیمایه ک ناکه ن بو حکومه تی "سرکرده ی گشتی، خاوه ن ره هه ندی ئیدولوجی و ره گی کومه لایه تی و ئامانجی ئیستراتیجی..." (۵) چما هه ر هیچ نه بووه!!

## ئوجه لان له رووسیایه؟

ئاژانسی ده نگ و باسه جیهانی یه کان هه والنامه ی جیاجیایان بلاو ده کرده وه: ئوجه لان له ئه رمینیایه ... ئوجه لان له رووسیایه... نه خیر له رووسیا نیه.... ئه ندامانی په رله مانی رووسی ده عوه تیان کردووه... وه زاره تی ده ره وه ی رووسیا نکولی ده کات له بوونی ئوجه لان له رووسیا... ژیرینوفسکی دوستی "پ.ک.ک"ه یه و ده عوه تی ئوجه لانیان کردووه... نه خیر شیووعیه کان ده عوه تیان کردووه...هتد.
ئه وه ی گرنگ بیت بو "ده رس وه رگرتن" ئه مه یه: زروبه ی ئه ندامانی په رله مانی رووسی مافی په نابه ریان به ئوجه لان دا؛ به لام چونکی بریاره گرنگه کان له ده ره وه ی په رله مان ده دری، بویه له رووسیا ده رکرا!

## میوانداری له ئیتالیا

له گه‌ل گه‌یشتنی ئوجه‌لان بو ئیتالیا و ده‌ستگیر کردنی له فروکه‌خانه‌که‌دا، نوینه ری پ.ک.ک له ئه وروو‌پا "کانی یه لماز" له گفتوگویه ک دا به ژورنالیسته کانی ووت:

"ده‌ستگیرکردنی ئوجه‌لان ده‌ستی بریماکوفی تیدایه"(٦). له هه‌مان کات‌دا "مه‌د.تی.وی" هه‌والی ده‌عوه‌تکردنی ئوجه لان له لایه ن چه ند په رله مانتاریستی ئیتالیایی بلاو کرده وه. ئیستاش ساغ نه بووه ته وه ئایا ئوجه لان به گویره ی پیلانیکی رووسی له فروکه خانه ی ئیتالیا ده سگیر کرا یا بو ئیتالیا ده عوه ت کرابوو؟ فاکت ئه وه یه که ئوجه لان له فروکه‌خانه ده‌سگیرکرا و یه‌که‌سه‌ر داوای په‌نابه‌ری سیاسی کرد. رژیمی تورکیاش یه‌که‌سه‌ر داوای ته‌سلیم کردنی ئوجه لانی کرد. بو جی به جی کردنی ئه م داواکاری یه به فیل سزای کوشتنیان له سه ر ئوجه لان لابرد. ئیتالیا به رپه رچی داواکاری‌یه‌که‌ی تورکیای داوه. جه‌نرال و نوینه‌ره بوره‌کانی تورکیا، ئیتالیا به دوژمنی هه تاهه تاییان له قه له مدا. ئه لمانیا که پیشتر داوای ته سلیم کردنی ئوجه لانی ده کرد، وه کوو تاکتیکیک بو ماوه یه ک پاشگه ز ده بیته وه. به لام ئیستا ده لین ئه گه ر ئوجه لان بو ئالمانیا بیت ده ستگیری ده که ین!

لیره‌دا به گرنگی ده‌زانم ئه‌م خاله‌ی خواره‌وه بخه‌مه روو. به گویره‌ی یاسا و رولی په‌رله‌مان، هه‌ر دوو بریاری حکومه‌تی ئه‌لمانیا نایاسایی‌یه و له ده‌زگاکانی سه‌ره‌وه‌ی په‌رله‌مان بریاری له سه ردرا! هیوادارم سیاسه تمه داره ترکه‌نه‌کانی بزوتنه‌وه‌ی ناسیونالیستی کوردستان له‌مه‌ش ده‌رس وه‌ربگرن و لیی تی‌بگه‌ن؛ دان به‌وه بنین که یاریکه‌ریکی سیاسی باش نین و هه‌ر خه‌ریکی فاولکردنن و بازرگانی هه‌رزانفروشی ده‌که‌ن به گیانی هه‌ژارانی کوردستان! حکومه‌تی دیموکراتی ئه‌مریکای تاوانبار پشتگیری له داخوازی جه‌نراله چه ته کانی تورکیا ده کات و به کورتاوکورتی وتیان ئوجه لان ده بی بدریته وه به تورکیا و دادپه روه ری بکریت!! پسپوری ده زگا تایبه تی یه کانی ولاته ناوبراوه کان، ده گه ران بو چاره سه ریکی گونجاو بو هه موو لایه کیان؛ چاره سه ریک که نه تورکیا و نه ئیتالیا زویر بن و ده‌ربری ویستی ئه‌مریکا بیت و له‌و به‌ینه "که‌رامه‌تی ده‌ستووری" ئیتالیاش نه‌شکیت: ئوجه‌لان ده‌بیت له لایه‌ن دادگایه‌کی نیونه‌ته‌وه‌یی "بی‌لایه‌ن" وه‌کوو "تیروریستیک" دادگایی بکریت، بی ئه وه ی دادگاکه له سه ر مه سه له ی کورد بدویت! به‌م چاره‌سه‌ره، ده‌سه‌لاته زور دیموکراته‌کانی ئه‌وروو‌پا، گوایه بو خویان و به رژه وه ندی یه رژه وه ندی یه کانیان نیشانه که یان پیکاوه ! ئوجه لان بو ئه م چاره سه ره ئاماده یی خوی ده رده بریت.

لیره دا به گرنگی ده زانم په نجه بو راستی یه کی تر دریژ بکه م. بیست ونو ولاته پیشه سازی یه کانی جیهان OECD له کوبوونه وه نهینی یه که یان له پاریس له سالی ١٩٩٧، ریککه وتوون له سه ر دامه زراندنی دادگا و یاسایه کی تایبه ت به خویان بو دادگایی کردنی ئه‌وانه‌ی بریار و به‌رژه‌وه‌ندی‌یه‌کانیان له سه‌ر ئاستی جیهان، واته هه موو ولاته کان، جیبه‌جی ناکه‌ن. به کورتی: "ریناتو روجیرو" سه‌روکی ریکخراوی بازرگانی جیهانی WTO ئه‌م په‌یمانه‌ی به "ده ستووریکی جیهانی" ناساند!

له‌م ماوه‌یه‌دا هه‌والی جیاجیا بلاوکرایه‌وه: دادگای ئیتالیا بریاری داوه ئوجه‌لان ئازادی گفتوگو و هاتوچو له ناو سنووری ئیتالیای هه‌بی... ئوجه‌لان ده‌ست به سه‌ره‌وه... و له دواییدا بلاو ده‌که‌نه وه که ئوجه لان ئازاده!! ئه مه چی ده‌گه‌یه‌نیت؟ مه‌به‌ستیان له "ئازاد" چیه؟ بوچی بو نموونه ریک و ره‌وان نالین: ئوجه لان مافی په نابه ری سیاسی پیدراوه یا پینه دراوه یا پیده دریت؟ هه موو هه وال و بوچوونه کان هه تا ئیسته هیچ شتیکیان به ده سته وه نه دا، یه ک شت نه‌بیت: مه‌سه‌له‌ی ئوجه‌لان دوا بریاری له‌سه‌ر نه‌دراوه؛ ژیر به ژیر پیلانیکیان به ده سته وه یه و کارده که ن بو جیبه جی کردنی!

## بژی ئیتالیا، بژی کوردستان؟!

به گویره ی ئاماری پ.ک.ک نزیکه ی ۴۰_۳۵ هه زار که س روو له روما ده که ن. روما به پایته ختی کوردستان له قه له م درا! هه ندی که سیش گه یشتنی ئوجه لان بو رومایان به کوچی مه حه مه د قوره یشی (درووددی خوای له سه ر بیت!) شوبهاند. سه دان که س مان له خواردن ده گرن، له ولاته کانی تر هه زاران که س به شداری له هه مان ئاکسیون ده که ن بو پشتگیری له "سه روکی نه ته وه ی کورد؛ سه روکی چل ملیون کورد". یه کیک له ئافره ته مانگرتووه کان ده لیت:
"ریکخستنی چی؛ پیویست به ریکخستن ناکات، گه ل خوی بو ئیره دیت _ بو روما_"
ئاژانسی ده نگ و باسی پ.ک.ک له به یاننامه یه کدا بلاوده که نه وه: "ئیمه ده بین به په رژینی ئاگر و ئاشتی له ده وری سه روکی گه ل عه بدوللا ئوجه لان". ئه م ده ربرینه ده بیته هوی کاریکی پرمه ترسی: له ناو زیندانه کانی تورکیا، له به رده م په رله مانی رووسیا و چه نده ها شوینی تر لاوانی زه حمه تکیشی کوردستان بو پشتگیری له داخوازی ئوجه لان و په یوه ست بوون به سه روک، خویان ده سووتینن. ژماره ی ئه م خوسووتاندنانه له بیست و دووکه س ده چیته سه ر. زوری به سه رچوو تا ئوجه لان بانگه وازی وه ستاندنی "چالاکی" خوسووتاندنی کرد. له روما لاویک هاوار ده کات "بژی ئیتالیا، بژی کوردستان" و خوی ده سووتینیت! ... خوشبه ختانه گیانی له ده ست نه دا.
ئه و گه نجه تاقه که س نه بوو هاواری "بژی ئیتالیا"ی کرد، نه خیر. به هوی پروپاگه نده ی چه واشه کاری پ.ک.ک ده رباره ی ده وله تیکی سه رمایه داری خاوه ن میژووی پر خوینرشتن و داگیرکردن، ئه ندامی پاکتی ناتوی تیروریست وه کو ده وله تیکی ئازاد و مروف دوست پیشان ده دریت. هه ر به گویره ی هه مان سیاسه ت ئوردووگایان له ژیر بالی سه رکرده ی مه زنی عه ره ب، فاشیست سه دام حوسین له شاروچکه ی مه خمور کرده وه. ئوجه لان پیش چه ند سالیک فه رمووی:
"توانا هه یه گه شه به په یوه ندی له گه ل ولاته عه ره بیه کاندا بده ین به بی (أستنهاء). له عیراقدا بو نموونه مه سه له ی کورد هه یه که ده کریت به ریگه ی ئاشتیانه و گفتگو چاره سه ر بکریت" (۷)
ره نگه بلین جا بو نه، خراپ نیه سوود له هه موو لایه ک وه ربگیریت.
ده زگاکانی پ.ک.ک له گه رمه ی هه واله کاندا ده یانووت هاتنی سه روک ئوجه لان بو ئیتالیا بوو به هوی نیونه ته وه یی کردنی مه سه له ی کورد و ئیتر جیهان ده بی چاره سه ری مه سه له ی کورد بکات. به لام راستیه که ی ئه وه بوو که ئیتالیا ویستی به دنیا بلیت منیش هه م؛ ئه ی به شه که ی من کوا!
ئیستا ده وله ته دیموکراته به ریزه کان سه رقالی سه ر له نوی دابه شکردنی بازاره کانی جیهانن! بیجگه له مه ش پیش گه یشتنی ئاپو، گیروگرفتی کرین و فروشتنی چه ک له نیوان ئیتالیا و تورکیا له ئارادا بوو! به راست؟؟... وایه؟؟ به هه ر حال جه ماوه ر وا سه رخوش کرا، له سه ر شه قامه کاندا هاواریان ده کرد: به روح... به خوین... فیداتین ئه ی سه روک...!
سه ر له نوی ئاماژه ده که م بو گالته جاری یه که ی ئیتالیا: سه ره رای "پشتگیری" کردنی حکومه ت و په رله مانی ئیتالی _له سه ر ئاستی پروپاگه نده یی_ و پشتگیری یه کی جه ماوه ری و حیزبی بو مانه وه ی ئوجه لان له ئیتالیا، ئوجه لان ناچارکرا ئیتالیا به جی بهیلیت. بو؟؟ سه ر له نوی ده لیم: "به ریزه کان"، بریاره کان له جیگایه کی بالاتر دراون!

## کی تیروریسته؟

به بی چه ندو چوون ولاته ئوروپی یه کان، ئامریکا و سه گه ملکه چه که یان له تورکیا، تیروریستن و هه ر به تیرور ده سه لاته که یان راگرتووه. ده وله ته به ناو دیموکراته کان به کرده وه و به هه موو چه کیکه وه پشتگیری له تورکیا ده که ن

(به حوکمی ئه وه ی دیموکراته کان په ل و پوی چر و زوری ئیستخباری و موخابه راتی یان هه یه، له ئیمه مانان چاکتر ده زانن تورکیا چ سیاسه تیکی خویناوی په یره و ده کات) به لام به یناوبه ین داوای لیده که ن ریز له مافی مروف بگریت، وه کوو بلیی خویان رابه ری تیرور و کاولکه ری نه بن!.
کاتیک ده سه لاتداره کانی تورکیا له بواریکدا له گه ل ده وله تیک یا مونوپولیکدا په یمان ده به‌ستن یا بازرگانی ده که ن، که پیشتر نه یانکردبیت یا گوریبیتیان،... ده یان هوی تریان هه یه که زه ره یه ک په یو ه ندی به مافی مه یموونیشه وه نیه! له لای هه مووشمان ئاشکرایه، ئه وه ی له لایه ن سه رداراني ده سه لاتی دیموکراتی جیهان به تیروریست له قه له م بدریت، هه ولی کوشتن و له ناوبردنی ده دریت یا زیندانی ده که ن، به لام ئوجه لان سه ره رای ئه وه ی دادگای ئه لمانی، هه روه ها حکومه تی ئه مریکی، ته نانه ت سوید و چه ندین ولاتی تریش تاوانی تیروریست ده خه نه پالی، به پیی خوی دیته به رده ستیان و هیچیان لی نه کرد! کام ده وله تی ئورووپی به رژه وه ندی له گه ل حیزبیکدا هه یه که به تیروریست له قه له م درابیت؟ ئه گه ر پ.ک.ک تیروریست نیه، بوچی به تیروریست ناوی ده به ن؟ ئه گه ر تیروریسته بوچی ریگای پیده ده ن؟ نهینی و راستیه کان به ده ست کی یه و که ی ده ردکین؟
ریکخراوی "کلاودیو" (ریکخراوی تیروریستی نهینی پاکتی ناتویه له سالی **١٩٥٣** دامه‌زراوه و سه‌نته‌ره‌که‌ی له ئیتالیایه و هیچ ده وله تیک دان به بوونی نانیت!!) چ رولیک له ناو ئه م گیروگرفته دا ده بینیت؟؟ بو چاره ره شی، ئه م درویه بلاو ده کریته وه که ئالمانیا له پ.ک.ک ده ترسیت یا فلانه ده وله ت، کوردی زور تیدایه، بویه نایانه ویت باری ناوه‌وه‌یان بشیویت!! تو بلییت ئه‌لمانیا، خوای جه‌نگ و تیرور، که بوو به هوی کوشتنی په نجا میلیون مروف، له پ.ک.ک بترسیت؟
سیاسه تی پ.ک.ک که هه ر سه عاتیک له سه ر به زمیکه، زور له سیاسه تی پارتی و یه کیه تی دوور نیه. هه ر له پیاوه ئایینی یه کانه وه هه تا سه روک عه شیره ت و کومونیست و دیموکرات و لیبرال و بی لایه ن و گه دا و ریش سپی یه کان هه‌تا ده‌گاته هه‌ندی ئه‌ندامی به مروه‌تی ناو هه‌ر دوو حیزبه‌که، داوایان له پارتی و یه‌کیه‌تی کرد شه‌ره کاولکه ره که یان راگرن، به لام به قسه ی که سیان نه کرد؛ سواری فروکه بوون و ده هه زار کیلومه تریان بری هه تا بگه نه به ر ده رگای قه واده ی سیاسه تی ده ره وه ی ئه مریکا، خاتو "ئولبرایت"، بو ئه وه ی له ژیر بالی پر تاوانه که یدا موری په یمانی شه رراگرتن بکریت، په یمانیک که هه تا ئیستا هیچ ئاسویه کی دلخوشکه ری به رچاو نه که وتووه؛ ئه وه نه بیت خوشبه ختانه شه ره که راگیراوه و روله هه ژاریکی که متر کراوه به خوراکی شه ری نه فره تکراویان. سه یر ئه وه یه ناویان له په یمانه که ناوه "ریککه وتنی نیشتمانی"!
بوچی به قسه ی خه لکی نیشتمانه که ریک که وتوون تا به و جوره ناوی لی بنین؟ هه ندی که س له نه زه ری یه کیتی خوین و ره گه‌زنامه‌یان ئاراسته‌ی هه‌ر دوو سه‌رکرده‌ی "به‌ریز" کرد و به باشی ده‌زانن به ئاگاداری و به‌شداری ده وله تیکی مه زن وه ک ئه مریکا ریککه وتنه که مورکراوه ــ ئه وه ها ده یانه ویت کوردستان رزگار بکه ن ــ.

پ.ک.ک ش ده‌رکردنی ئوجه‌لان به ده‌ست "ئه‌سه‌د"ی براگه‌وره‌ی و "گه‌یشتنی" به ئیتالیا، به هه‌نگاویکی مه‌زن داده‌نین، گوایه هه‌ول ده‌ده‌ن به ریگای ده‌وله‌ته ئورووپی‌یه‌کانه‌وه چاره‌سه‌ری ئاشتیانه ی مه سه له ی کورد له گه ل فاشیسته که‌مالیسته‌کاندا بکه‌ن (تورکیا و جه‌نراله‌کانی له لایه‌ن ده‌وله‌ته‌کانی ئه‌ورووپاوه وه‌ک ده‌وله‌تیکی دیموکراتی و خاوه‌ن په‌رله‌مان و ده‌ستوور ده‌ناسری)؛ ئه‌مانیش له‌وه‌تی هه‌ن مافی گه لانیان خستوه ته ژیر پی و هه تا پییان بکریت بازرگانی پیوه ده که ن. پ.ک.ک هاتووه یاری به م وه ره قه مردووه ده کات: ئه ورووپا نه خشه ی ناوچه که بو خاتری پ.ک.ک بگوریت! (شتیک که له ئیستراتیجیه‌تی ئه‌م ولاتانه‌دا نیه)... چه‌وساوه کان و مافه ره‌واکانیان خستوه ته هه راج خانه و له گه ل هه موو لایه ک و به هه موو نرخیک (هه ر له دامه زراندنی ده وله ت بو کورد له گشت پارچه‌کان، هه‌تا ئوتونومی به له‌رزوک‌ترین شیوه‌ش تا مافی کولتوری) مامه‌له ی پیوه ده‌که‌ن؛ به‌لام بیگومان

مه‌سه‌له‌ی ره‌وای ژیرده‌سته‌كانی ناو گه‌لی كوردستان و مافه دیموكراته‌كه‌یان به خه‌باتی هاوبه‌ش له گه‌ل ژیرده سته كانی گه لانی ناوچه كه له دژی چه وسینه رانی ده سه لاتدار له و ولاتانه و له دژی ئیمپریالیزم به ئامانجه كانیان ده گه ن!

## مافی په‌نابه‌ریتی!

مافی په نابه ریتی پیش ٢٠٠ سال بوو به یه كیک له مافه دیموكراتی یه بنه ره تی یه كانی بورژوازی له كاتی شورشی فه ره نسی؛ ناوه روكه كه ی له سالی ١٧٩١ به م شیوه یه  ده رچوو:
"گه لی فه ره نسا مافی په نابه ریتی مسوگه ر ده كات بو هه موو ئه وانه ی كه ناچاركراون ولاته كه یان به هوی خه باتیان له پیناوی ئازادی به جی  بهیلین؛ به رامبه ر به وان ئه م مافه بو چه وسینه ران یاساغه".
سالی ١٩٣٦ یه كیتی سوفیه ت له ده ستوور دا دانی به م مافه داناوه:
"یه‌كیتی سوفیه‌ت مسوگه‌ری مافی په‌نابه‌ریتی ده‌كات بو هه‌موو هاوولاتیانی جیهان كه ده‌چه‌وسینه‌وه به هوی پشتگیرییان له به رژه وه ندی چه وساوه كان یا به هوی خه باتی ئینترناسیونالیستییان یا به هوی خه باتی ئازادیخوازییان".
پاش جه نگی جیهانی دووهه م به یاننامه ی مافی مروف له سالی ١٩٤٨ بلاوكرایه وه. به ندی ١٤ ته رخان كراوه بو مافی په نابه ریتی:
"هه ر مروفیكی ره دوونراو، مافی داواكردنی په نابه ریتی هه یه".
ئه‌گه‌ر مافی په‌نابه‌ریتی به گویره‌ی ده‌ستووری شورشی فه‌ره‌نسی یا یه‌كیتی سوفیه ت تایبه‌ت بووه به كه‌سانی دیاریكراو، ئه‌وا ئه‌م مافه پاش ١٩٤٨ دراوه به هه‌ر مروفیک! واته فاشیسته‌كانی ئالمان و ئیتالیا و پاشا و دیكتاتوره كانیش ده گریته وه! لیره دا ده شیت پرسیاریكی به جی له حكومه ته سوسیال دیموكراته كانی ئیستای ئه مریكا و ئه‌ورووپا بكریت: بوچی ئه‌م مافه به گویره‌ی یاساكانی خویان به ئوجه‌لان نه‌درا؟ وه‌لامی ئه‌م پرسیاره بو من ئاشكرایه: دیموكراته كانی ئامریكا و ئه ورووپا هه موو مافه دیموكراته  ره واكانی گه لی كوردستان ده كه ن به قوربانی به رمیلیكی نه وت یا غاز و فروشتنی هیلیكوپته ریک یا تانكیک! ئه م راستیه به باشترین شیوه پیشاندرا و به تایبه تی بو گه لی كوردستان.
ئه مجار با روشنبیره كورده دیموكرات و لیبرال و ناسیونالیسته كان تا ده گات به بوچوونه  هه لپه رستانه كه ی پ.ک.ک كه وه‌ک هه‌ر ئه‌حمه‌قیكی عادی بروا به‌م مروف‌كوژانه ده‌كه‌ن؛ و ساله‌های ساله به بوگه‌نترین پروپاگه‌نده‌ی ئه‌م "شارستانییانه" به ناوی دیموكراتییه ت و مافی مروفه وه (له ١٧ی ٢ی ١٩٩٩، پاش ئه م ناره وایه تییه ی كه ده رهه ق به عه بدولا ئوجه لان كرا و سه ره تایی ترین مافی لی زه وتكرا، عوسمان ئوجه لان له لیدوانیكدا به ناوی كومیته ی ناوه ندی پارتی كریكارانی كوردستان هیشتا رووی ده‌می ئاراسته‌ی دیموكرات و مافخوازانی مروفی كرد. زه‌حمه‌تكیشانی كوردستان كویر ده كه ن؛ له هه ره س بو هه ره س ده یانبه ن؛ به ژه هری دژ به شیوعیه ت ئه وه نده ی تر ژه هره كانیان بلاو ده‌كه‌نه‌وه، سه‌ره‌نجامه‌كه‌ی: توقینیكی‌تر... هه‌لخه‌له‌تاندنیكی‌تر... ویرانكردنیكی به‌رفراوانتر و هیچی‌تر! به‌لام لینه براوانه ش هیچ كول ناده ن له ئومید و خوشباوه ری یان به ئه مریكا و ئه ورووپا و حكومه‌ته كانی ناوچه كه! بویه من یه كه مجار ئه م ره وتانه به دوژمنی سه رسه ختی گه لی كوردستان ده زانم. ئه مانه ن كه به  به‌رده وام له بازاره كانی "بون" و "له‌نده‌ن" و "واشنگتون" و ئه‌وانی‌تر، سه‌وداكاری به خوینی هه‌ژاره‌كانی كوردستان ده كه ن؛ وه ک هه ر ئه لقه له گوییه كی خویریش له لای سه دام و "بوله ند ئه جه وید"ی سوسیال دیموكراتی فاشیست و درنده كانی ئیران و سه روكی ئیستراتیجی شام و روژهه لاتی ناوه راست، خوینه كه مان هه رزان فروش ده كه ن.

## له یونانه‌وه تا نایروبی

پاش چاودیری کردنی هاتوچوکانی ئوجه لان له لایه ن کوماندوی تیروریستی تورکیاوه به هاوپشتی ده زگای سی. ئای. ئه ی دیموکرات و مافخوازی مروف، له روژی ۱۷ی ۲ ده ستگیریان کرد و بو سووک کردنی مروفی کورد، به وه حشی ترین شیوه مامه له یان له گه لدا کرد و پیشانیاندا! دیموکراتیه ت و مافی مروف له ئه مریکا و ئه ورووپا و جه نه راله کانی تورکیا گره وه که یان برده وه ! سه روک حکومه تی ئه لمانیا "شروده" زور به ریاکاری یه وه به جه نه راله کانی تورکیای وت: "دادپه روه رییه کی عادیلانه ی بکه ن!" جه نه رال و عه داله تیان وتووه؟! له لایه‌کی تره وه هه ره شه ی ده رکردن ده کات: "ده بی ئاشتی بپاریزن... ده نا ده ریان ده که ین"!

## ده رسه کان!؟

هه تا روژانی پیش ده سگیرکردنی ئوجه لان، گه لیک حیزب و روشنبیری دژ به شیوعیه ت، هه ر له یه کیه تی و پارتی تا ده گات به بوچوونه فاشیستی یه کەی جه‌واد مه لا و بوچوونه هه لپه رستانه که ی حیزبی کریکارانی کوردستان، پروپاگه نده ی دیموکراتییه ت و مافی مروفیان ده کرد. پشتیان به فلانه لورد و فیساره ئه ندامی کونگریسی ئه مریکی و فلانه هیزی ئالمانی ده به ست؛ گوایه ئه‌وانه دوستی گه لی کوردن. به لام ئه مرو ئه ورووپا و ئه مریکا خویان زور به روونی و ئاشکرایی بو هه موو که سیک و به تایبه تی بو کورد، دوا په رده یان له سه ر رووی پروپاگه نده ی نه گریسی دیموکراتییه ت و مافی مروف لابرد! سوپاس و پیزانین بو ئه م ده رسه میژووییه!
ئه‌وانه ی به دریژایی پینج سه د سال سیاسه تی کوشتن و توقین و داگیرکردن به رپا ده که ن، مومکین نیه ببن به لایه نگری مافی ره وای گه لان! ئاماده ش نین به ریگای ئاشتییانه وه چاره سه ری کیشه ی کوردستان بکه ن. ئوجه لان به و نیازه وه هات بو ئه ورووپا، ئه مه ش هه له یه کی تره له هه له کوشنده کانی: "ئیستا هه ندی که س ده لین کاتی ئه وه نیه!!" و ئیستا نرخی ئه‌و خوشباوه ری یه ده دات. ئه مریکا پیشتر "پ.ک.ک"ه یان به تیروریست ناو ده برد، پاش گه یشتنی ئوجه لان بو روما، ریک و ره وان وتیان: ئیمه پشتیوانی له داخوازی تورکیا ده که ین (واته ته سلیم کردنه وه ی ئوجه لان).
که س ئه م هه ره شه یه ی به جدی وه رنه گرت. سه ره نجامه که ی ئه مه یه که ده یبینین!
ئیستا سیاسه تمه داره زور زور زیره که کان ده لین: ئه مریکا و موساد ده ستیان له گرتنی ئوجه لاندا هه یه! ئافه رین بو ئه م أکتشافه! ئه گه ر ده سه لات و ده ستووری دیموکراته کانی ئه‌ورووپا و ئه مریکا باش جه ر بدریت ئه مه ی لی ده چوریته‌وه : "ئازادی فروشتنی تانک و توپ و فروکه به جه نه رال و دیکتاتور و پاشاکان و پشتگیری کردنیان له به کارهینانی دژی هه ژاره ئازادیخوازه کان! ئه مه یه ناوه ره وکی گشت ره وشت و مروف دوستیان. ئه وه ی له مه تی نه گات خوی بو هه ره سیکی تر ده خاته گه ر! ده رکه وتنی ئه م راستی یه یه کیکه له ده سکه وته گه وره کانی کریکار و جوتیاره هه ژاره کانی جیهان له ئیواره ی روژی کوتایی پیهاتنی سه ده ی بیسته م! به سه رهاته که ی ئوجه لان نموونه یه کی به رجه سته یه بو ئه م راستی یه.

۲_ سیاسه تی سوسیال دیموکراته کان، واته ده سه لاتی کلینتون له ئه مریکا و "شروده" له ئالمانیا و "تونی بلیر" له بریتانیا و "بوله ند ئه جه ویت" له تورکیا، به روونی و ئاشکرایی ده رکه‌وت که دژی مافی دیموکراتی خه لکی

کوردستانن. ئەمانیش هیچ جیاوازی یەکیان نیە لە گەل حکومەتە کونسرفاتیفەکان دا بە هەمان شیوە بە تیرور و ئە شکە نجە و هە رە شە کردن ولامی داخوازی گە لان دە دە نە وە. چیتر هە ژار و زە حمە تکیشانی کوردستان بروای خویان نادە ن بە سوسیال دیموکراتە خوینریژە کان.

٣ـ هە لویستی ئە مریکا و ئە ورووپا داریکی کوشندە ی دا بە روحی ئە وانە ی وا خویان بە مودیرن و شارستانی دە هیننە پیش و باسی دژایەتی خەباتی چەکداری دەکەن، هیوا دەخوازن ئەم جورە خەباتە جی و شوینی لە کوردستان نەمینیت. ئەمرو یەک راستی ئاشکرا بووە بو هەموو لایەک: تەنها بە خەباتی چەکدارانەی لەشکری سووری کومونیستەکان لە ناو پایتەخت و شارە میتروپولەکاندا، دەسەلاتی کەمالیست و بەعسە فاشیستەکان تەفروتونا دە کریت؛ بە خە بات دژی بە رژە وە ندی ئیمپریالیستە کان ئازادی بە دە ست دیت! خوشبە ختانە کومونیستە شورشگیرە کانی کوردستان هیچ کاتیک بە رامبە ر هە لە و بوچوونە هە لپە رستە کانی ئوجە لان بیدە نگ نە بوون!

## ئەلتەرناتیفەکان

١ـ دە بی قورسایی خە باتی چە کداری بخریتە ناو پایتە خت و شارە گە ورە کان و بە هاوخە بات بوون لە گە ل ریکخراوە کومونیستە چە کدارە کان بە ریا بکریت.

٢ـ هەر پروپاگەندەیەکی پان ناسیونال، مەبەستم ئەوانەی باسی دامەزراندنی دە ولە تیک لە هە ر چوار پارچە کە دە کە ن بە خیانە تکار و دوژمن ناو ببرین. ئە مانە هە مان بوچوونە کانی بە عسی یە فاشیستەکان لە مە ر دیموکراتییە ت، یەکگرتن، ئازادی و سوسیالیزمیان هەیە و هەمان رەوشت و مامەلە دەکەن و لە دوا روژ هەر وەکوو بەعس حوکمرانی دە کە ن. جیاوازی و ئە مان و بە عسی یە کان یە ک شتە: بە کوردی قسە دە کە ن و هە ڵان دروشمە کان بە کوردی دەلینەوە و کاری بو دەکەن. لەهەر پارچەیەکی کوردستان لە لایەنی کەمەوە خەبات بکریت شان بەشانی کومونیستە کان لە پیناوی کوماریکی سووری سە ربە خو! کوماری سووری هە ژارە کان. لە بری دامەزراندنی یە ک کومار بە خە یال و موستە حیل، چوار کومار، ئە گە ر حە ز دە کە ن با ببیت بە پینج کومار!!

٣ـ دوست و هاورییانی مافی زە حمە تکیشە کانی کوردستان دە بی بە هە موو هیزیکیانە وە رووبە رووی هە ر پە یوە ندی یە ک لە گەل حکومەتە دیموکراتەکان، ریکخراوە سوسیال دیموکراتەکان، سەوزەکان، کونسەرفاتیفەکان و فاشیستەکان راوە ستنە وە.

ئە م دە سە لات و حزبانە زور بە ئاسانی و لە ماوە یە کی زور کورت لیتلە ند و لیتاون و کرووواتیایان کرد بە دە ولە ت، بە لام سە رە رای هە موو خزمە تکاری یە کی پارتی و یە کیە تی، کوردستانی عیراق ناکە ن بە دە ولە ت! بیجگە لە وە ش، بو هە موومان ئاشکرایە چون هە موو دە نگی دوستە کانی کوردستان، لە بە ر دە م ویستی فاشیستەکانی تورکیا و ئە مریکا لە بار چوونە وە!

٤ـ رسواکردنی ئەوانەی وا پروپاگەندە دژ بە خەباتی چەکداری بلاو دەکەنەوە. ئەمانە ئەوەندە بە پروپاگەندەی ئیمپریالیستەکان گیل بوون، گوایە دەیانەویت بە ریگای ئاشتیخوازانە مافە دیموکراتی یە کانی گە لی کورد مسوگە ر بکەن. بیگومان بەسەرهاتەکەی ئوجەلان دەبیت بە دەرسیکی میژوویی بو ئەم جەنابانە! ئەمانە خویان زور بە پەروشی کوردستان دەزانن، بەلام پرسیار لە خویان ناکەن چی روو ئەدات ئەگەر بە چەک دژی جەنەراڵە فاشیستە کانی تورکیا و عیراق خە بات نە کریت!

٥ـ خە باتمان بە خە باتی چە کدارانە ی دژ بە ئیمپریالیزم لە ولاتە ئە ورووپی یە کان گری بدریت و تییدا بە شداری بکریت! دە سە لاتی دیموکراتی و لیبرالیزم و سیستیمە "نوی کە یان" یە ک واتایان هە یە: هە ژاری و چە وسانە وە ی هە رچی زیاتری

کریکار و جوتیاره هه ژاره کانی دنیا و کوردستان.

سه رکه وتوو بیت خه باتی کومونیستی چه کدارانه ی کریکاران و هه ژارانی گه لان!

### **په راویزه کان:**

١_ گوفاری "صوت کردستان"، ژماره ی ٢٦، سالی **١٩٩٥**، لاپه ره ی ١٧_٢١.

٢_ هه مان سه رچاوه.

٣_ روژنامه ی الحیاه، ١٦_١١_٩٨

٤_ له به یاننامه ی ئه ر.گه.که. ٨_٨_**٩٥**

**٥**_ گوفاری "صوت کردستان"، ژماره ی ٢٦.

٦_ گفتوگوی کانی یه لماز له گه ل مه د. تی. وی.

٧_ روژنامه ی الحیاه، ٢٠_١١_**٩٥**

**٩٩_٢_١٧**

***

# بزوتنەوە كومەلایەتی یەكان و تەجروبەی میژوویی

سلیمان قاسمیانی

ده سگیركرانی ئوجه لان لـه بـه رده م و بـه هاوكاری حكومـه تـه دیموكراتـه كانی روژئاوا، هـه ر لـه سویده وه بگره تا ئیتالیا و یونان، جاریكی تر ئـه م راستیـه زور ئـاسایی یـه ی خستـه وه روو كـه ئـازادی و مـافـه كانی سـه ره تایی ئینسان، هیچ پـه یوه ندی یـه كی راسته وخویان به دیموكراتی و "ده سه لاتی دیموكراتی یه وه" نیه، به لكو چونیه تی و چه ندایه تی ئازادی و ریزگرتن لـه مـافی مـروف، لـه پلـه ی یـه كـه مدا ده گـه ریتـه وه سـه ر ئـه و هیزه ی كـه جوولانـه وه ی كریكاری و رادیكال لـه ململانیی بـه رده وامی چینـه كانی كومـه لدا، بتوانی لـه هـه ر لـه حزه دا بیخاتـه گـه ر. كاتیـك جوولانـه وه ی رادیكال و كریكاری لاوازه، ده نگی هیزه كونه پـه رست و كونسرواتیوه كان بـه رزه و ئـه وكات ئیتر مـافی مـروف نرخی پوشیكیش ناكات! دیموكراتی یه كه هه ر هه مان دیموكراتی یه، به لام توازنی هیزه كانی كومه لگا به باریكی تردا شكاوه.

نووسینـه كـه ی سـه لام عبدالله ئیبراهیم، لـه م ژماره یـه ی هانادا بـه شیوه یـه كی كرونولوژیک جاریكی تـر ئـه و شانویـه مـان ده خاتـه وه بـه رچاو كـه چـه مـاوه ری بـه رینی خـه لـك لـه كوردستان ده یان جار بـه خوین و فرمیسك شاهیدی بوون. ئـه ویش ملكه چی كردن و ده سته وداوین بوونی هیزه كانی ئیمپریالیستی و ده سه لاتداره كونه په رسته كانی ناوچه یه. له بـه رامبـه ر نووسینـه كـه ی سـه لام عبدالله دا بـه پیویستی ده زانم كـه ئیشاره بـه دوو خالی سـه ره كی بكـه م كـه بـه بروای من بـه هـه لـه بوی چووه.

١ـ سـه لام عبدالله ده ركـه وتنی مـاهیـه تی راستـه قینـه ی دیموكراتییـه ت (و ولاتـه دیموكراتـه كـان) و دوژمنایـه تی هیزه ئیمپریالیستـه كـان لـه گـه ل داخوازه كانی ره وای گـه لی كورد، بـه ده سكـه وتیكی گـه وره بـو كریكاران و جوتیاره هـه ژاره كانی جیهان له كوتایی سه ده ی بیسته مدا، نیو ده با.

موشكیلـه كـه ئـه وه یـه كـه ئـه مـه نـه یـه كـه م جاره و نـه ئـاخر جاریش كـه كریكار و زه حمـه تكیشی كورد بووه تـه گوشتی بـه رده م توپی ناسیونالیزم و پرده بازیک بو ده سه لاتخوازی هیزه كونه په رسته بورژواكانی كوردستان. تا ئـه و جیگایـه ی كـه ده گـه ریتـه وه سـه ر كریكار و زه حمـه تكیشی وشیاری كورد، ئـه وان خویان لـه پارت و ریكخراوی سـه ربـه خوی خویاندا ریك ده خـه ن و هیچ پـه یوه ندی یـه كیان بـه م میژووه ی پـر لـه خوفروشی و سـه ودا و مامـه لـه ی بورژوازی كورد بـه خوینی شه هیدانی له بران نه هاتووه وه نیه.

تـه جروبـه كاتیك وه رده گیری كـه كـه سیك بیهـه وی بـه هـه مان ریگادا بروا و هـه مـان كار دووپات بكاتـه وه و هـه مان ئـامانجی هـه بیت كـه تـه جروبـه كـه ری یـه كـه م هـه یبوو و كردی. كریكارو زه حمـه تكیشی كوردستان، نـه هـه مان ئـامانجیان هـه یـه و نـه ده یانهـه وی هـه مان كار بكـه ن كـه ناسیونالیستـه كان سالی چـه ند جار دووپاتی ده كـه نـه وه و خوین و زووخاو ده رخواردی خـه لك ده ده ن. بزوتنـه وه ی كریكاری و بزوتنـه ی ناسیونالیستی هیچ شتیكی هاوبـه شیان نیـه تا لـه یـه ك فیر بن و له ته جروبه كانی یه كتر كه لك وه رگرن!

تا ئـه و جیگایـه ی كـه ده گـه ریتـه وه سـه ر بزوتنـه وه ی بورژوایی و ناسیونالیستی كوردیش، ئـه وان بـه سـه دان جار ئـه م ریگایـه یـان بریوه و هـه مـوو جاریكیش بـه سـه رشوری و بیشـه رمی یـه وه گـه راونـه وه و دوای مـاوه یـه كیش وه ك ئـه وه ی هـه رگیز شتیكی وا لـه وه پیش رووی نـه دابی، بـه رمبـه رمب هـه مان ریگـه سواوه كـه دووباره ده كوتن. موشكیلـه ئـه وه یـه كـه بزوتنـه وه ی ناسیونالیستی لـه ده ربیجـه ی تایبـه تی خویـه وه سـه یری دنیا ده كات و ده نیا هـه رگیز فراوانتر لـه و ده ربیجـه ی كـه لی یـه وه ده روانیتـه ده ره وه، نابیت! بـو بزوتنـه وه ی ناسیونالیستی كورد، ئامانجی سـه ره كی گـه یشتنـه بـو سـه ر سفره ی ده سـه لاتی سیاسی و ئابوری لـه ناوچـه كـه دا . ئـه وه ئامانجـه كـه یـه و كـه لك وه رگرتن لـه هـه ر وه سیلـه یـه ك بـو گـه یشتن بـه و ئامانجـه پاك و ره وا لـه قـه لـه م ده ده ری. بـو پارتـه بورژوا ناسیونالیستـه كانی كورد، هیچ كات ئازادی مـروف و مـافـه

سه ره تایی یه کانی ئینسانی، مودرنیسم و پیشکه وتنخوازی و خیر و خوشی بو جه ماوه ری خه لک (کریکار و زه حمه تکیش پیشکه شیان!) مه سه له نه بووه؛ هه ربویه ش به بی هیچ شه رم وشکویه ک، ده توانن کونه په رست ترین تویژه کانی کومه لگای کوردستان و ناوچه بگرنه باوش و پشتیان پی ببه ستن؛ ده توانن ئاغاوات و ئیسلام زیندوو بکه نه وه؛ چه پله بو پیسترین باو و ری و ره سمی فیودالی لی بده ن؛ یان هه ر روژه ی قه باله ی شورشی چه کداری کوردایه تی به ده وله تیکی جیران یان زلهیزیکی ئیمپریالیستی بفروشن.
ئه و کریکار و زه حمه تکیشانه ی که ده بنه گوشتی به رده م توپی بزوتنه وه ی بورژوایی و، ناسیونالیزمی کوردی له سه ر شانیان خوی هه لده کیشی، هیچ کات ناتوانن له خوفروشی دایمی ئه م بزوتنه وه یه به کونه په رستی و ئیمپریالیسم و ده وله ته کانی ناوچه، ده رس وه ربگرن! چون مادام له ده ربیجه ی ناسیونالیستی و بورژوای کورده وه سه یری دنیا بکه ن، ریگایه کی تر بوگه یشتن به ده سه لات شک نابن، غه یری ئه وه ی که پشت ببستن به هه ر هیزیک که ئیددیعای یارمه تی دانیان بکات.

۲ـ کریکار وه کوو چینیکی بن ده ست، ته نیا له ریگه ی به کارهینانی زور، (قهر)، ده توانی ده سه لاتی سیاسی به ده ست بینی و بورژوازی له ته ختی ده سه لات بینیته خواره وه. له هیچ شوینیکی دنیادا، بورژوازی له ده سه لاتی سیاسی و ئابووری خوی به سولح و سه فاوه ده ست هه لناگری و پیشکه ش به خاوه نانی راسته قینه ی ناکا. بزوتنه وه ی کریکاری بزوتنه وه یه کی چینایه تی یه که بو گه یشتن به ئامانجی سه ره کی خوی واته بنیات نانی کومه لگایه کی یه کسان و به ری له چه وسانه وه و سته م، خه باتیکی هه مه روژه و دایمی به ریوه ده بات و له هه موو مه یدانه کانی ژیانی کومه لایه تی دا خوی ده نوینی. بو گه یشتن به ئامانجی سه ره کی ناوبراو، بزوتنه وه ی کریکاری له هه ر وه سیله یه ک که راسته وخو یا ناراسته خو دژایه تی له گه ل پرنسیپ، ئامانج، ئوسول و جیهانبینی کریکاری نه بی، که لک وه رده گری. واته بو بزوتنه وه ی کریکاری، گه یشتن به ئامانج ناتوانی پاکانه بو ریگا و ره وش و وه سیله ی گه یشتن به ئامانجه که بکات.
هه ر وه کوو له سه ره وه باسی کرا، بزوتنه وه ی کریکاری ناچاره بو گه یشتنی یه کجاری به ده سه لات، ده ست بداته چه ک و ده سه لاتی حاکمی بورژوایی بروخینی. به لام ئه وه به مه عنای ئه وه نیه که خه باتی بزوتنه وه ی کریکاری خه باتیکی چه کدارانه ی دریژخایه نه. خه باتی چه کداری دریژخایه ن، شیوه ی خه باتی کریکاری نیه. هویه که شی ده گه ریته وه سه ر واقیعیه تی ژیانی کریکار و بنه ماله که ی. کریکار و بنه ماله که ی له هیزی کاریان واتر هیچ دارایی یه کی تریان نیه که ژیانی ئاسایی پی ببه نه سه ر. ئه گه ر کریکار نه توانی له سه رچاوه یه که وه نانی مناله کانی دابین بکات، ناتوانی مل بداته خه باتیک که سه ری خوی تیدا بدات و بنه ماله که شی تووشی قات و قری بکات. ئه مه ئیتر مه سه له یه کی لوژیکی زور ساده یه. هه ربویه ش شیوه ی خه باتی سه ره کی بزوتنه وه ی کریکاری، کریکار وه کوو چین، خه باتی سیاسی و ریکخراوه یی و مانگرتنه له شوینی کار و ژیانی دا، نه ک مال به کوله وه گرتن و شاخه و شاخ کردن له شه ری له بن نه هاتووی چریکی و پارتیزانی دا.
سه ره کی ترین ئه رکی بزوتنه وه ی کریکاری بو رزگاری له ده ست هه ژاری و به ش مه ینه تی، ریکخستنی سیاسی و حیزبي چینه که یه تی. ته بیعی یه که حیزبی کریکاری، له خه باتی ئابووری، سیاسی، فه لسه فی، هونه ری و فه رهه نگی و چه کداری...، و له هه ر شوینیک که ده نگیگ دژی نابه رابه ری و زولم و زور به رز بیته وه، حضوری ده بیت و به پیی توانا ده نگی خوی به شداری ئه و جوولانه وه یه ده کات و هه ول ده دات که به ئاسوی خه باتی کریکاری یه وه گریی بدات.
به شداری کردن له خه باتی چه کداریش، له لایه ن حیزبی کریکاری یه وه، له هه ل و مه رجی تایبه تیدا، یه کیکه له و شیوه جوراوجورانه ی خه بات که ده که ویته به رده م جوولانه وه ی کریکاری، بی ئه وه ی ببیت به شیوه ی سه ره کی خه باتی کریکاری.

***

# سەرنجێکی کورت سەبارەت بە پرۆژەی "ئاشتی لە رێی فەرهەنگەوە" پێشنیارکراوی سەلاحوددینی موهتەدی

## رەحمان حسین‌زادە

لە ۲۸ی مانگی ژوییە ی ۱۹۹۸، سە لاحوددینی موهتە دی لە کونفرانسی ئە نستیتوی کورد لە واشینگتن وتاریکی بە ناونیشانی "ئاشتی لە ریی فە رهە نگە وە" لە پە یوە ندی لە گە ل کیشە ی کورد لە کوردستانی ئیران تە رح کردە وە و دە قی وتارە کە شی لە گوڤاری "گزینگ" ژمارە ۲۱، پاییزی ۹۸، بلاوکراوە تە وە. دواتریش لە بەرنامە یە کی رادیویی لە شاری ستوکهولم مە بە ستە کانی خوی بە روشنی شی کردوە تە وە.

جەوهەری قسەی سەلاحوددینی موهتەدی هیوابەستنە بە سەروک‌کوماری تازە "محمد خاتمی"، بو ئە وە ی ریگای گفتوگوی "کورد لە کوردستانی ئیران لە گە ل رژیمی دە سە لاتدار لە تاران" بکریتە وە. موهتە دی ئە م هیوابە ستنە ی بە م جورە باس کردووە:

"بە ر لە وە ی کە سە رو ک کوماری هە لبژاردە فە لسە فە ی سیاسی خوی لە سە ر بناغە ی کومەلگای مە دە نی و دیالوگ و هاوژینی هیمنانە ی بیرورای جیاواز و تە بایی کومە لایە تی دە ربری، زور دژوار بوو بو کورد لە کوردستانی ئیران کە هیوایە کی جیدیان هە بی بە چارە سە ری ئارام و دیموکراتیکی کیشە میللیە کە یان لە ناو چوارچیوە ی ئیران و لە ریگای گفتوگو لە گە ل ریژیمی دە سە لاتدار لە تاراندا" (گزینگ ژمارە۲۱- پاییزی ۹۸).

لە سەر ئە م بناغەیە سەلاحوددینی موهتەدی پیی وایە "دەبی کورد جلەوی دەست پیشکە ری بو گفتوگو لە گە ل کوماری ئیسلامی بە دە ستە وە بگری" و تە رحە کە شی بو ئە م مە بە ستە یە. ئە و لە وتوویژیک لە گە ل رادیویە کی محە لی لە ستوکهولم ئاشکراتر وتی:

"بە ئاشکرا بلیین قانون و نیزامی ئیران ناروخینین، خە باتی چە کداری وە لا دە نیین، ریگای گفتوگوی سیاسی دە گرینە بە ر".

من لیرە نامە وی بچمە سە ر وە لام دانە وە یە کی تە فسیلی بە نوسراوە کە و وتە کانی سە لاحوددینی موهتە دی، بە لکوو بە کورتی لە سە ر چە ند خالیک تە ئکید دە کە م.

۱- گە لیک حیزب و جە ریان و کە سایە تی سیاسی لە ئیران هە ر کام بە گویرە ی قازانج و مە سلە حە تی سیاسییان ئومیدیان بە "خاتمی" بە ست و بە شاخ و بالیدا هاتن و بە دە ر لە نییە تی هە رکامە یان، لە راستیدا بە ریگایە کدا چوونە پیش کە جگە لە یارمە تیدان بە کوماری ئیسلامی بو نە جاتی لە قە یرانی ئیستای شتیکی دیکە ی تیدا نە بووە و نیە. پروژە کە ی سە لاحوددینی موهتە دیش هە ر لە م چوارچیوە یە دا جیگای لیکدانە وە و هە لسە نگاندنە.

۲- ئەو جورەی خوی تەئکید دەکا مەبەستی بنەرەتی موهتەدی لە پیشنیارەکەی "دەس پیشکەری و ابتکار بە دە ستە وە گرتنە" بو پیکهینانی هە لومە رجی گفتوگو لە گە ل رژیمی کوماری ئیسلامی. سە لاحوددینی موهتە دی باش لە بیریە تی و هە موو خە لکی کوردستان دە زانن کە وینە ی ئە م جورە "ابتکارە" لە ۲۰ سالی رابردوودا و هە ر لە سە رە تای هاتنە سەرکاری کوماری ئیسلامی، لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە چەندین و چەند جار تاقی کرایە وە و ئاکامیکی غەیری شکست و ناکامی سیاسی بو ئەو حیزبە تیدانەبوو. هەر وەها ئەم جورە "کایەی سیاسی‌یە" بەشیکی جیانە کراوە و ناسراوی میژووی سیاسی بزوتنە وە ی نە تە وایە تی یە؛ بە شیکە لە کارنامە ی شکستی ئە حزابی ناسیونالیستی کورد لە کوردستانی عیراق و ئیران و ئیستاش لە تورکیا کە هە رکات مە سلە حە تی حیزبی و سیاسییان داوای کردبیت هەموو جورە "ابتکار"یکیان بە هەر قیمەتیک بو مفاوضە و سازان لە گەل رژیمە کانی سە رکوتگە ری مە رکە زی بە

ده سته وه گرتووه. هه موو جاریکیش ده س به تال بوون و شتیکیان پی نه براوه. که وایه موهته دی خه ریکه "تاکتیکی" تاقیکراو و سواوی لانی که م ۵۰ ساله ی بزوتنه وه ی ناسیونالیستی، به ناوی "ابتکار" و "ره وشی تازه" قالب ده کا.

۳- له باری ناوه روکیشه وه ئه م ته رحه په یوه ندی به چاره سه ری مه سه له ی نه ته وایه تی له کوردستان نیه. چونکه تا ئه و جیگایه ی به داخوازی به رحه قی لاچوونی زولمی نه ته وایه تی ده گه ریته وه و بو هه موو ئه وانه ی به راسته قینه ده یانه وی ئه و زولمه له سه ر شانی خه لکی کوردستان لابچی، ته جروبه ی بیست ساله ی رژیمی کوماری ئیسلامی سه لماندوویه که له ژیر ده سه لاتی ئه م رژیمه دا هه لاواردن و زولمی نه ته وایه تیش هه ر ده مینی و ده ستپیشکه ری وه ک "ئه وه ی قانون و نیزام ناروخینین و خه باتی چه کدارانه وه لا ده نیین و..." جگه له سازان به هه ر قیمه‌تیک له گه ل کوماری ئیسلامی، جگه له پاشه کشه و سه ردانه واندن بو رژیم و شه رعیه ت دان به و رژیمه و ئاکامه که ی جگه له پشت کردن به خواستی سیاسی خه لکی کوردستان شتیکی دیکه نیه. ئه م بوچوونه بیگانه یه به حه قخوازی خه لکی کوردستان و قه تعه ن زولمی نه ته وایه تی له کوردستان به ره و چاره سه ر نابا.

۴- سه لاحوددینی موهته دی وه ک زوریک له "روشنبیرانی ناسیونالیستی کورد" هه ول ده دا هه موو کیشه جوراوجوره کانی کومه لگای کوردستان له ژیر ناوی مه سه له ی "کورد"دا کو بکاته وه و به قه ولی خوی ریگای گفتوگو و سازان له گه ل رژیم به نوینه رانی "کورد" نیشان بدا. واقعیه ت ئه وه یه ئه مرو له کوردستان چین و تویژی جوراوجور، ویست و داخووازی جوراوجور و ریگاچاره ی جیاوازیان بو کیشه کانی کومه لگا و بو "کیشه ی نه ته وایه تیش" هه یه. هه ر که س له م راستی یه چاوپوشی بکا وادیاره ده رسیکی له خه باتی سیاسی ۲۰ سالی رابردوو له کوردستانی ئیران وه رنه گرتووه. به شی هه ره زوری جه ماوه ر به پله ی یه که م بو دابین کردنی مافی سه ره تایی و ژیانی شایسته ی ئینسان به شتیک که متر له کوتایی هینان به ده سه لاتی ره شی کوماری ئیسلامی رازی نین. هه ر بو وینه نیوه ی کومه لگا ژنانن که به دل و گیان یه ک سه عات زووتر روخانی رژیمی ئیسلامی ئاواتیانه، کریکاران و کومه لانیکی به رین له خه لک که له ژیر باری هه لومه رجی ناهه مواری ژیاندا پشتیان چه ماوه ته وه و ئارزوی ژیانیکی ئاسوده یان هه یه و لاوانیک که به دوای ژیانیکی شاد و خوشه وه ن، هه ر له م یه کساله دا و بو ئه م داخوازی یانه خوپیشاندان و ده یان شیوه ی تری خه باتیان له جه رگه ی شاره کانی کوردستان وه ری خستووه، گیانیان له سه ر به خت کردووه و که سیان لی گیراوه. ئه مانه موشکله یان نه به دانی "مافی فه رهه نگی" چاره سه ر ده کری و نه هیچ کات به "ئاشتی" له گه ل ئه م رژیمه چه په له ره زایه ت ئه ده ن.

پروژه ی "ئاشتی له ریی فه رهه نگه وه"ی سه لاحوددینی موهته دی، پیی خوش بی و یان پیی ناخوش بی، له دژی ئه م خه باته به رحه قه یه که روژ له گه ل روژ له په ره گرتندایه.

۵- شتیکی دیکه که ده بی تاکیدی له سه ر بکه م ئه وه یه که خالی گرینگ و هاوبه شی هه موو جه ریانات و که سایه تی یه کانی "پرو خا تمی"، کورت بینی سیاسی، دیتنی رووکاری رووداوه کان و سه تحی دیتنی راستی یه کانه. دیارده ی "خاتمی" دیارده یه کی گوزه رای ئالوگوری سیاسی ئیرانه و ئیستا به روشنی کوتایی عومری ئه م دیارده یه گه یشتووه. بیجگه له مه خاتمی له باشترین حاله تدا خوازیاری به ریوه بردنی "قانونی ئه ساسی" کوماری ئیسلامی و به م جوره راگرتنی حکومه تی ره شی مه زهه بی به سه ر سه ری خه لکه یه وه. حه ره که تی ناره زایه تی خه لک له ئیران و له کوردستانیش ریک له دژی سه رتاپای کوماری ئیسلامی، به قانونی ئه ساسی و به هه موو بال و ده سته و تاقم و سه روک کوماره که شیه وه و به مه به ستی روخاندنی وه ری که وتووه. پروژه که ی موهته دی هه م کورت بینی سیاسی و سه تحی دیتنی رووداوه کانی به ئاشکرا پیوه دیاره و هه م به پیچه وانه ی ره وتی حه ره که تی ناره زایه تی خه لکه له کوردستان و ریک له به رانبه ر ئه م ره وته دایه.

# رابەری حیزبی دیموکرات و کومەلە سەبارەت بەم پروژەیە چ دەلین؟

سە لاحوددینی موهتە دی لە کوریکدا (۲۸ نوو امبری ۹۸) کە لە لایە ن "ناوە ندی لیکولینە وە ی کوردستان" بە رپا کرا بوو، رایگە یاند کە پیش لە چوونی بو کونفرانسی واشنگتن، بوچوونە کانی خوی لە گە ل سکرتیری گشتی حیزبی دیموکرات (عبدالله حسن زادە) و سکرتیری یە کە می کومە لە (ئیبراهیم علیزادە) هە ر کام بە جیا باس کردووە و تاکیدی کرد "راستە ئە وە ی کە من نووسیومە تە نیا من نووسیومە، مسئولیە تی تە نیا لە سە ر شانی خومە... بەلام بە پیویستم زانیوە ئە من پیش لە چوونم بە وردی و بە دوور و دریژی، ئە و بوچوونانە لە گە ل ئە و بە ریزانە باس بکە م. ئاموژگاری یە کانی ئە وان کە لکی زوری بوو بو من، وە بە تایبە ت پشتیوانی کردن لە و بیروباوە رە لە لایە ن ئە وانە وە دە ستی منی بە هیز کرد و دلی قایم کردم." تا ئەو جیگایەی بەم ئیدعایەی موهتەدی دەگەریتەوە، ئەوا ئەرکی سەرشانی رابەری کومە لە و حیزبی دیموکراتە کە رادە ی تە وافوقی خویان لە گە ل بوچوونە کانی سە لاحوددینی موهتە دی روشن بکە نە وە، تا خە لکی کوردستان تکلیفی خویان لە گە ل ئە وان روشنتر لە هە میشە دیاری بکە ن.

لە میژووی خەباتی سیاسی خەلکی کوردستاندا، سات و سەودا و معاملەی ئەحزابی سیاسی سە ر بە بزوتنە وە ی نە تە وایە تی لە گە ل دە ولە تە مە رکە زی یە کان کە م نە بووە کە تا ئیستاش هە ر لە گە ل شکست و ناکامی بە رە و روو بووە. هەلسوکەوتی حیزبی دیموکرات لە گەل کوماری ئیسلامی خوی نموونەی روشنی ئەم وەزعیەتە بووە. حیزبی دیموکرات زور هە ولیدا خوی بکا بە تاقە "دە م راست و کویخا"ی خە لکی کوردستان، بە لام وشیاری و وریایی بە رە ی رادیکال و چە پ لە کومە لگای کوردستان کە کومە لە ی ئە و کات بو خوی کولە کە ی ئە سلی ئە و بە شە لە خە لکی کوردستان بوو، بە ری بە وە گرت کە حیزبی دیموکرات لە سە ر سە ری خە لکە وە و بە ناوی ئە وانە وە، حاسلی خە باتیان بکاتە دە سمایە ی "سازانی" خوی لە گە ل کوماری ئیسلامی.

بە تە ئکیدە وە ئە لیم کە لە ئالوگوری ئیستا و داهاتووی کوردستاندا جە رە یانی کومونیستی و بە رە ی چە پ و رادیکالی کومە لگا زور وشیارتر و ئامادە تر لە جاران بە رهە لستی سیاسە ت و کردە وە ی دژ بە قازانجی خە لکی کوردستان دە بن. ئە مە راستی یە کی حاشاهە لنە گر و سە لماوی کومە لگای کوردستانە.

بە باوە ری من بریاردە ری راستە قینە سە بارە ت بە چارە سە رکردنی کیشە ی میللی و دواروژی چار ە نووسی سیاسی خە لکی کوردستان، هەر خودی ئەم خەلکەیە. ئەوانن چونیەتی خەبات و پەیوەندی خویان لەگەل دە ولە تی مە رکە زی و نوینە رانی راستە وخوی خویان بو نوینە رایە تی کردنی ویست و داخوازیان دیاری دە کە ن. هە ر جە ریان و هە ر کە سیک، ئە گە ر بە راستیە تی و خوازیاری چارە سە ری راستە قینە ی کیشە ی میللی کوردە، با بیت و لە بە رپاکردنی ریفراندومیک لە کوردستاندا بو رادە ربرینی خە لکی کوردستان سە بارە ت بە دواروژی سیاسی یان پشتیوانی بکا.

زور جار وتراوە پیویستە لە تەجرەبەی رابردوو دەرس وەربگیری. جیی خویەتی حیزبی دیموکرات و کومەلە لە تەجرەبەی ۲۰ سالی رابردووی خەباتی سیاسی لە کوردستان دەرس وەرگرن. با حیزبی دیموکرات جاریکیتر نە کە ویتە وە یادی سیاسە تی تە جروبە کراو و ناکامی خوی، واتە هە ولدان بو خو کردن بە "قیم و دە م راستی" خە لکی کوردستان و "چرای سە وز" لیدان بو کوماری ئیسلامی؛ چونکە لە رابردوودا لە زە رە ر زیاتر چی بە نە سیب نە بووە.

هەروەها کومەلەی ئیستا لە باتی ئەوەی لەم بوارەشدا لە بیری خوگونجاندن لە گەل ئەم جورە "دیپلوماسی و تاکتیکی" تاقیکراو و شکست خواردووی بزوتنە وە ی میللی دا بی، باشتر وایە ئاوریک لە سیاسە تی رادیکالی کومە لە ی پیشوو بداتە وە. قە تعە ن ئە مە بە قازانجیانە.

دیسا مبری ۱۹۹۸

***

# راپەرینی خەلک لە کوردستانی ئیران و هەلویستی نیشتمانپەرستانەی پ.ک.ک

سلیمان قاسمیانی

هیزە کانی ناسیونالیست لە پارچە جوراوجورە کانی کوردستاندا، بە دریژایی میژووی ستە می میللی لە سە ر ئە م خە لکە، بەوپەری ئاشکرایی یەوە نیشانیان داوە کە "کوردایەتی"، خەباتی سیاسی و چەکداری ئە م هیزانە، تە نیا و تە نیا بو ئە وە یە کە ریگە یان پی بدری لە سە ر سفرە ی چە وساندنە وە و دە سە لاتی ناوچە کە بە شداریان بیت و بە شیان بدریت. ئاکامی هیزە ناسیونالیستەکانی کورد دەسەلاتداریتی بەهەر قیمەتیک بووە و لەم ریگەیەدا کوردستان شاهیدی کوشتوبر و جەنایەتی زور و دلتەزین بووە. مەلا مستەفا بارزانی بو دلخوشی شای ئیران، دەستی بە خوینی شورشگیرانی کوردستانی ئیران سوور کرد و پیشمە رگە ی کوردستانی ئیرانیان تحویلی ئە رتە شی ئیران دایە وە. "قیادە ی موقت" لە گەل هاتنە سەرکاری کوماری ئیسلامی، دەست لە دەستی پاسدارەکانی ئیراندا، بو داگیرکردنەوەی ناوچە کانی کوردستان گیانبازیان لە خویان دە نواند. یە کیە تی نیشتمانی دە میک دە ستی دە خستە ملی سە دام، دە میک پاسداری ئیرانی تا جە رگی هە لە بجە رینوینی دە کرد و دە میک لە خزمە ت سوپای تورکیادا، دە کە وتنە گیانی پ.ک.ک. ئاخرین شاکارە کانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئیراقیش بو هە موان ئاشکرایە: خزمە تکاری دوو لایە نە ی ژنرالە کانی تورکیا و بە عس.

دەسگیرکردنی رەزیلانە و تەحویلدانەوەی "عبدالله ئوجەلان" بە ژنرالە جەللادەکانی تورکیا، هەستی هەموو ئینسانیکی ئازادیخوازی لە سەرتاسەری دنیادا، بریندار کرد. لە زور شوینی دنیا خەلک نارە زایی و نە فرە تی خویان لە م پیلانە دژی ئینسانی یە دە ربری.

لە کوردستانی ئیرانیش، جەماوەری خەلک لە سنە، سەقز، بوکان سەردەشت و باقی شارە کان رژانە شە قامە کان و نەفرەت و بیزاری خویان لەم کردەوە دەربری. بەلام ئەو خەلکەی شەقامەکانی گرتبووە دە ست خوی، بە مە حکووم کردنی دەولەتی تورکیا و هاوکارە نیونەتەوەیی یەکانی، رازی و دەستبەردار نەبوو بەلکوو دەنگی نەفەرەتی پە نگ خواردووی خوی دژی کوماری ئیسلامی ئیران و کوشت وبری بیست سالە ی لە ئیران و کوردستاندا دە ربری.

کومیتەی ناوەندی پ.ک.ک لە راگەیاندنیکدا سەبارەت بە راپەرینی خەلک لە کوردستانی ئیران (٢٥ی فیبراوری ١٩٩٩)، راست و رە وان دە کە ویتە داوینی کوماری ئیسلامی ئیران و راپە رینی خە لک لە دژی کاربە دە ستانی ئیسلامی ئیران بە "پرووکاسیون و ئاژاوە نانە وە" و "هە دە فی چە وت" نیودە بە ن و بە وپە ری بی شە رمی یە وە لە خە لکی کوردستانی ئیران داوا دەکەن کە دژی کوماری ئیسلامی شیعار نەدەن و تەنیا دەولەتی تورکیا و ئامریکا و هیزەکانی سە یونیست بدە نە بە ر پە لاماری بیزاری و نارە زایە تییان.

داخوازی پ.ک.ک لە جە ماوە ری شورشگیری کوردستان هیچ جیاوازی یە کی ئە وتوی لە داخوازی دە سە لاتدارە کونە پە رستە ئیسلامییەکانی ئیران نەبوو. ئەوانیش دەقاودەق وەکوو پ.ک.ک لە خەلکیان دەویست کە قورسایی هیرشیان دە بی بکە نە رووی ئیمپریالیزمی ئامریکا و سە یونیزم و سوپاسی ئیسلام و دە سە لاتدارە کانی لە ئیران بکە ن کە ئە وانی بە و دە ردە نە بردووە کە تورکیا بە گە لی کوردی کردووە!

تا پیش فروشرانی عبدالله ئوجەلان لە لایەن سوریاوە بە تورکیا، پ.ک.ک سویندی بە سەری "برای بە ریز و شورشگیر حافز ئەسەد" دەخوارد؛ کەچی ئیستا لەو کوسپە دەرنەچوون خەریکن شورشیکی جە ماوە ری لە ناوچە یە کی تر بە نوینە رانی کونە پە رستی سە دە کانی ناوە راست، واتە ئایە تولاکانی ئیران بفروشن.

پ.ک.ک خه ریکه هه مان کایه دووپات ده کاته وه که له مه وپیش بو براگه وره ناسیونالیسته کانی له پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراقه وه تا یه کیتی نانیشتمانی و هیزه ئیسلامی یه کانی کوردستان، له رووره شی و ملکه چی بو داگیرکه رانی ده سه لاتدار واتر، هیچی تری نه هیشتووه ته وه!
ریگاچاره ی کریکار و زه حمه تکیشی کوردستان رامالینی هه ر چه شنه بیروباوه ریکی بورژوایی و ناسیونالیستی یه له مه یدانی خه بات بو رزگاری یه کجاری له ده ست سته می میللی و بی به شی هه میشه یی و بو دامه زراندنی دنیایه ک که ئیتر که س له که س سه رتر نه بی و جیگه بو شوینی له دایکبوون له هه ویه ی هیچ که س له م جیهانه دا نه بی.

❊❊❊

# نامەیەک لە "کریکالا"وە (١)

جەمال کوشش

کاتیک نووسینی بە "ئاوەلایی بەلام بە ریکخراوەیی"م وەک چەند تیبینی یەک بەر لە بە ستنی کونگرە ی یە کە می "مە لبە ندی ئە دە ب و هونە ری کریکاری" بلاو کردە وە (٢) ، لە شپرزە یە کی توندی دە روونی دا دە ژیام، ئە و بارە شە م بە پلەی سەرەکی بو دوو خال دەگەراوە کە تەنهاش "من" نەبووم گیرودەی بم؛ مەلی ئاوات و خەیال و فکرم، پەروبال کراو، و لە لایەن "رابەرەکەمەوە" (٣) چەقویەکی تیژ نرابووە گەردنم و دەبوایە بە ناچاری "جەمال؛ و "رەوت"(۴) زور بە خیرا بکوژم. دوو؛ بزوتنەوەی هونەری کومونیستی ئەوەدەم تا دەهات خوی کلوم دەدا و بواری فراوانی کیشمە کیش کومە لایە تی یە کان و نیونی ژیانی ئاسایی رە ش و رووتە کانی لە خوی دە کوژاندە وە و لە خە می بلاوکردنە وە ی راگە یاندنیکی تری دامە زراندنی ریکخراوە یە کی تری جە ماوە ری و پیشە یی بوو، ئە مە شی لە ژیر پە ردە ی "گەشەکردنی حیزبیەتی ئەدەب" برەو پیدەدا. قەلەم بە دەستە کلول و دەستەپاچەکانی گوڤاری ئەدەب و هونەری"کریکاری" (۵) گەلیک تانە و تەشەری بی ناوەروکیان بو هەلدام. ئەوەی ویستم بە دینەهات لە کونگرە کە دا، ئیدی خە مناک و بی وە لام _ گوزە راندم.

ئیستا لە روژگاریکی یە کجار سە خت و پر هە ژاری شلە ژاوی دا دە ژیم. ئە و روژگارانە ی ئینسان سە رسام و بی بریار دەکەن، بی پرسیار و بی وەلام، سەرە دەرناکات و... دەربارەی ئایندە، پی ناچیت توزقالیکی لە رابردوو بکات، دە مینی بو لاپە رە کانی تر،... چیتان لی ناشارمە وە ، لە راستی دا ئە م نامە یە ، پتر خوی لە لاواندنە وە یە کی کابرایە کی دلرە قتر لە جوگە لە دە کات بە سە ر مە رگی "بوونیکی شیعراوی رومانسی دل ناسکی شە رمن" کە رە نگە ئە و دیاردە لادی یانە بە س بن بو کە سیک کە گوزە رانی ژیر رژیمە دواکە تووە _ دیکتاتورە کان و گە ماردراوەکان شارە زا بیت.

خە لکی ئە م شاری "کریکالا"یە (٦) ، زور شارنشین نین، زور بە پە لە ئاپارتمانی بە رز بە رز قوت دە بیتە وە و جە ماوە ر خو دە پە ستیون تییدا؛ سوپە ر مارکیتی زە بە لاح و رە نگاورە نگ و پیشکە وتوو و یە کجی و چە ق بە ستوو پە لاماری بازار دەدا و دەور و دووکانی لاکولان و بچووکەکان ناهیلی. سەرمایەدارەکان سەری هەموو مەیدانەکاکانی هەلدانی کورپە کانی خویان دە نینە ژیر یە ک کلاو، کارگا چکولە کان، سە مون خانە کان، وردە والە فروشە کان... تا دە گاتە بازاری زور گە رمی دولار و ئاپارتمانە کان... هە موو لا.

خە لکی ئە م شارە، بە زمانی خویان بە شارە کە یان دە لین "قری قالا" واتە قە لای رووخاو. ئاسە واری قە لایە کی کون لە نزیکی ناوەندی شار هەیە، سەربردەی ئەو قەلایە چیروکیکی دریژە، بەلام هەنووکە شە ریکی گە رم گە رم لە نیوان خەلکی شار هەیە؛ ئەوانەی سەوداسەری ژیانی نیو ئاپارتمانە نوییەکان و بارە گەورەکانی ناوەندی شارن، کە زوربە یان کاربە دە ستی پلە بە رزی دە ولە تین و ئە وانە ی دوو سی گیجە گوندی(٧) دوو تەبە قیان بو کری دروست کردووە و زە وی و زاریان لە کە نار و دە ورو بە ری شار هە یە و بریک لە دووکاندارە لاچە پە کانی کولانان؛ دە ست لە یە خە ی یەکترن.

ئە م بە شە ی دوایی، دە گە ل هە موو ئە و توانایە ی ئاپارتمانی یە کان هە یانە و هیرشی پی د ە کە ن، خوگری یە کی بە سام لەناویاندا هەیە؛ رەوشت و ئاکاریان لە چەشنی "ئایەتولا"کانی ئیران دەچی. بە دە گمە ن هە لدە کە وی ژنانیان بی حجاب بن، پیاوە کانیان سمیلیان کورت نە کردبیتە وە و ریشیان دریژ نە بی. راستی یە کە ی ئە مانیش کارامە یی یە کی سە یر دە نوینن. هە ر کە گە رە کیکی نوی شان و شکوی بویاخ دە کری، یە ک دوو روژ دوای ئە و گومەزیکی عە باسیانە ی نوی بە خوی و بە چوار بلندگووە لە بە ر دە می راست دە بیتە وە . هە ر هیندە ی یاریگایە ک و سالونیکی قژتاشینی ژنانە و ئارایشگایە ک دە م و چاوت فینک بکات، مالی هاوسی یە کی تە نیشتی دە کریتە "یاریگای وە رزشی روحی ئیسلام و

په روه رده ی ئیسلامی".
له روژئاوای "کریکالا" گه وره ترین کارخانه ی ته قه مه نی دروست کردنی تورکیا هه یه. دوا به دوای ته قاندنه وه ی مانگی چوار دا، گروپی یه که م، گروپی دووه می تاوانبار کرد که به ده ستی ئه وان کراوه. به هه رحال ئه م گروپی دووه مه، به قوولی شانازی به میژووی خویناوی ده وله تی ئاییینی عوسمانی و سولتان عه بدول حه مید ده که ن و هه ژاری به ربلاو و کوشنده ی ئه مرو گری ده ده نه وه به لادانی کومه لگای تورکیا به ره و ئه ورووپیانه. به داخه وه ئه مه تاکه ره خنه یه کی جه ماوه ری و جیگرتوویه بو چاککردنی هه ل و مه رجی ناجیگیری تورکیا.
لایه نی یه که م زور که م گرنگی به م حاله ته ده دات، چونکه به حساب ئه م ره وه نده _ له سویچه وه کوژاوه ته وه _ سوننه تی شورشگیرانه و ئایدیای چه پی و مه سه له ی دادوه ری کومه لایه تی _ ریشه یه کی داکوتاوی له میژووی نویی کومه لگای ئیران دا هه یه ، که ناکری و ناشکرا به سانایی چاوی نه ده ینی. پیاوه ئاییینی یه کان یه که مجار به ناوی مه زهه بی شورشگیرانه و داد و به رگری له هه ژاره وه و دواتر به سه رکوت و زور توانیان خویان بسه پینن. له ئیستادا تورکیا تازه خه ریکه ئه م "ئینسانی "بوونه وه ی ئیران چه که ره ده کات. لایه نی یه که م ده یه وی فه لسه فه که ی له "حقد"دا ، له "رق"یکی کویرانه دا بنوینی، رق له یه کسانیخوازی و له "ئینسانی"، بوغز وکینه له نیو چاوی هه موو کاربه ده ستیکی بالای ده وله تی دا به دی ده که ی به تایبه ت "عه سکه ری یه کان".
کریکالا، له پوست کارت دا شاریکی دلگیر و ره نگینه، به لام بو منیک که په نابه ریکی دوورخراوه ی ئه ویم، ده بی هه موو روژ له "قه ره قول"(۸) ئیمزا بکه م و ئینجا ئه گه ر جنیویکی تال هه بوو به منی شیرین بکه ن، نه خاوه نی خومم و نه بوم هه یه بپرسم و به حال و وه زعیکی دژواری ئابووری و به چاره نووسیکی نادیاره وه ، ئه مجاره ش نه ته نیام به کوشی خیزان و هه لاتووی ده ست مه رگه وه ، به ته واوی شپرزه ی کردووم. شپرزه ی ئه م که ره ته م به خودا چوونه وه یه کی لا په یدا کردووم، وه لی هیشتا باش له خوم حالی نه بووم.

۱۹۹۷_۵_۱

قیرشه هیر _ کریکالا

## په راویزه کان:

۱_ ده قی ئه م نامه یه، سه ره تا هه ولم دا به ولاته کان دا بگه ری و هه رکه س ده رباره ی ژیان و شاری تیای ده ژی یان خوی چ ئاره زووده کا و چونی هه ست ده خروشینی، ده رباره ی بنووسی. سه فین عه لی شاعیر و رزگار و عومه ر له م باره وه ئاگادارن. ئه وه نه کرا، هیوادارم بی که لک نه بی بلاوکردنه وه ی لیره دا.
۲_ کونگره ی مه لبه ندی ئه ده ب و هونه ری کریکاری له روژانی ۲_۵ /۸/ ۱۹۹۳ له شاری سلیمانی له هولی یه کیتی نووسه رانی کوردستان به سترا.
۳_ رابه ر _ مه به ستم هاوری مه نسور حیکمه ته.
۴_ ره وت _ ره وتی کومونیست.
۵_ ئال و گوریک له سه ر پیشنیاری ده فته ری سیاسی حککا و هاوری مه نسور حیکمه ت سه باره ت به چه پی عیراق و دامه زراندنی حککع پیک هات.
۵_ گوڤاری "ئه ده ب و هونه ری کریکاری" گوڤاریکی ئه ده بی بوو به دوای سالی ۱۹۹۱ ه وه ده رده چوو. سه رنووسه ری عه باس شوان بوو. ۳۳ ژماره ی لی بلاوکرایه وه.
۶_ Kirekkale ، یان قری قالا، شاریکی دیرینه ده که ویته باکووری روژهه لاتی ئه نقه ره _ ئه نکارا _ وه و ۸۰ کیلومتر لیوه ی دووره. دانیشتوانه که ی نزیکه ی ۷۵۰ هه زار که سده بی و گه وره ترین کارخانه ی دروست کردنی ته قه مه نی جه نگی لیوه وه به رهه م دیت.

٧ـ گیجه گوندی: مالی شه وانه، خانووی کونن و زیاتر تایبه ت به هه ژارانه.

٨ـ قه ره قول: پولیس خانه.

***

# نووسینی کوردی به پیتی لاتین
# نویگه‌ری له زماندا

مه ریوان ره ئوف

چه‌ند رۆژیک له‌مه‌وپیش هاوری‌یه‌کم ژماره ۱۰ی گوفاری "هانا"ی سالی ۹۸ی بو هینام. نووسراویکی ریبوارم به‌رچاوکه‌وت سه‌باره‌ت به گورینی پیتی باوی کوردی بو لاتین، وه بانگه‌وازیش ده‌کات بو تویژینه‌وه و سازدانی قسه وباسی جدی له سه ر ئه م بابه ته.
له میژه که مینه یه ک له روشنبیران شانیان داوه ته ژیر ئه م باره و شه ونخوونی یان له گه ل کردووه.
"ئیمکانی به کارهینانی ئه لف و بی ی لاتین دوای ئه زموونه که ی سالی ۱۹۲۰ هه میشه له لایه ن ئالقه ی روشنبیرانی کورده وه گیراوه ته به رچاو و مه یل و داخوازی یه کی زوری هیناوه ته دی" (۱)
به لام ئه مجاره ئه م که مپینه ی "هانا" بانگه وازی بو ده کات، شکلیکی یه کجار ره سمی یه و پی د ه چی بتوانی کاریگه ری زیاتر له سه ر روشنبیرانی کورد دابنیت و له داهاتوو دا به ئاکام بگات.
منیش ده‌مه‌وی ده‌نگی خوم بخه‌مه پال ده‌نگی سه‌رجه‌م داکوکی‌که‌رانی جیگه‌وته‌کردنی پیتی لاتین و سه رنج و تیبینی یه درشت و خیراکانم بگه یه نمه خوینه ران به و هیوایه ی هانده ریک بیت بو پیشخستن و عه مه لی کردنه وه ی ئه م پروسه یه .
زور جار باسی سوودمه‌ندی به‌کارهینانی پیتی لاتین کراوه و ریبواریش له ژماره ۱۰ی "هانا"دا هه ندیکی لی خستنه روو. من هه ول ئه ده م تا ئه و جیگه یه ی بتوانم و به روکم پی نه گری قسه له سه ر ئه م لایه نه نه که م، چونکه پیم وایه باسه‌که له سه‌ر ئه‌وه نه‌وه‌ستاوه لیکولینه‌وه له سه‌ر باشی و خراپی ئاکامی گورین بکریت، به لکو دوو تیروانینی جیاواز، دوو جه‌مسه‌ربه‌ندی هه‌ناوجیاوازی بی دیسپلینی خولقاندووه، ده‌نا لایه‌نی پوزه تیف له گوریندا راستی یه کی به رجه سته و بی ئه ملاولای هه یه بو زورینه ی روشنبیران و خه لک.
تیروانینیک ده چیته سه نگه ری کون په رستی و داکوکی له هیشتنه وه ی پیتی به کاربراوی عه ره بی ده کات به هه موو ئه و ناته واوی یانه ی له ناوخودی ریزمانه که دایه (مه به ست له ریزمانی کوردی یه) و ئه‌و لایه نه نیگه تیفه ی که هه یه تی.
ئه م سه نگه ره چوار ره وتی که م تا زور جیاوازی گرتوته خوی:

۱ـ پان ئیسلامیزم
آـ بالی تیروریستی بـ بالی میانه ره و.
هه ردووکیان له ده ربیجه یه کی هاوبه شه وه سه رشیتانه به رهه لستی گورینی پیتی باوی کوردی د ه که ن، به ده لیلی ئه وه ی له پیته‌کانی قورئان وه‌رگیراوه، هه‌روه‌ها بوه‌ته هوی خولقاندنی په‌یوه‌ندی‌یه کی توکمه له نیوان خوینده واری کورد و فه رهه نگی ئیسلامی دا، وه دوورکه وتنه وه له پیتی باوی کوردی واته دوورکه وتنه وه له قورئان و فه رهه نگی کون و به زور داسه پاوی عه ره بی.

۲ـ ناسیونالیزمی کویر
به‌شیک له ناسیونالیزم بی ئاگا له میژووی گه‌لی کورد، وروکاس، ئیستاش له ژیر کاریگه ری ژینگه ئیسلامی یه کونه‌که‌دا (سه‌رباری ئه‌وه‌ی خاوه‌نی ره‌وتی سیاسی‌یه) له به‌رامبه‌ر یاساکانی گوراندا سه رکیشی ده که ن؛ ئه وه نده سه رسورماون به نه ریت، وه به هیز و ئیعتباری ئیسلام، ته نانه ت شه جه ره ی بنه ماله که یان ده گیرنه وه سه ر یه کیک له

سەرکردە و ئیمامەکانی ئیسلام. بو ئەوەی خوینەران لە ئاستی ئەم خالەدا تووشی سەرەگیژە و ئاوزی نەبن، نموونەمان بنەمالەی بارزانی یە (مەبەست لە بنەمالەیە، نەک عەشیرەتی بارزانی) کە شە جە رە ی هە لبە ستراویان دە گیرنە وە سە ر خالید کوری وە لید. سە دان ناسیونالیستی دیکە ی لە م جورە...

٣ـ کونە پاریزان یان کونە واران
ئەمانیش بو هیشتنە وە ی بارودوخی مە وجود وە بە رە وپاش گە رانە وە ی خە لک، ریگە بە هەموو سیمبولیکی نویگە ری و داهینان دەگرن. یەکیک لەو دیاردانەی لیی توقیون عەمەلی کردنەوەی ئەم پروسەیە، نەوەک ببیتە هوکاریکی پالپیوە نە ر بو هە لگرتنە وە ی جی پیی شارستانیە تی روژئاوا.

٤ـ ئاپورە ی نە زان
جیگە ی داخە کە سیستە مە یە ک لە دوای یە کە کانی حوکمران بە سە ر کوردستاندا بە پیی بە رژەوە ندی چینایە تی یان لە هە ولی بی بە شکردنی خە لک لە زانین دا بوون، بە لام خوشبە ختانە ململانی و پە رچدانە وە کان قلیشی زور گە ورە یان خستوتە جەستەی ئەم میردەزمانەوە. لەهەمان کاتدا بەشیک (کەم و زور) لە خەلک لە ژیر کاریگەری ئەو سیستەمانە و ئەو ٣ رەوتەی لە سەرەوە باسم کردن، وە بە هوی راگەیاندنە جوراوجورە کانیانە وە، لە چین و تویژی جیاوازە وە دە بنە پاشکوی هە لگرانی ئە م بیرە نە گورە.

تیروانینی دووەم دەچیتە سەنگەری گەشەپیدان بە زمان و فەرهەنگ و روشنبیری و شارستانیەتی کوردی یە وە؛ لە کومە ل و گرووپی جیاجیا پیکهاتووە بە لام ئامانج لە م پروسە یە دا بە نیزیکی هاوبە شە. بویە تە نها ئاماژە یان پیدە کە م (بەشیکیان) نەک لیکولینەوە لە سەر ئامانج و ستراتیجی هەریەکیکیان، وە دەستنیشانکردنی تیکرا هەموویان هیشتا کامل نابیت و لە وانە یە زوریک لە تویژ و تاکە کان بکە ونە درزی میشک و بیری ئیمە وە. بە هە ر حال ئە مانە بە شیکیانن: کومونیستە کان، مودیرنیستە کان، روشنبیران، ناسیونالیزمی هوشیار، وردە بورژوازی فیکری و.... هتد.
بە گە شە پیدان و کامل کردنی شیوە نووسینی نوی (لاتین) دە بی ئە م خالانە ی خوارە وە رە چاو بکری:

١ـ دە بی لیکولە وە رانی ئە م بوارە و تە واوی روشنبیر و خویندە واری کورد، وە ک تە نیکی بی گیان، وە ک ئایە تە کانی قورئان دوور لە گوران سە یری ئە م نووسینە نوی یە نە کە ن (کە لە باری عە مە لی یە وە کە م ئە زموونە)، بە لکو دە بی یاساکانی گوران تا ئە و جیگە یە ی لە خزمە تی گە شە کردن و فراژووتنی زمانی کوردی دایە ئامیزی بو بگیریتە وە.

٢ـ دانە تاشینی وشە ی نامو و خە ت وخالی ئە وتو کە کیشە بو چاپە مە نی کوردی دروست بکات، یان لە کاتی نووسین و بە کارهینانی کومپیوتە ردا ئالوزی دروست نە بی و پیتە کان بە جوریک ریک بخری لە هە موو کومپیوتە ریک یان لە زوربە یاندا خە زن کرابیت؛ بو ئە و کومپیوتە رانە یش پیتە لاتینی یە کانی بە هە موو کاملی یە کە وە تیدانیە، دیسکە کانی بە ئاسانی وە چنگ بکە یت.

٣ـ شوربوونەوە بە ناخی دەنگەکان تا ئەو جیگەیەی ئیمکانی هەیە و نابیتە ریگر بو خوێندەواری کورد، گرنگییەکی تایبەتی هەیە. لە زمانی عەرەبیدا (فتحە، کسرە، ضمە، سکون، الف مقصورە، تە نوینە کان و... زور شتی تریش) کومە لە هیمایە کن بو دە رهینانی دە نگ لە کاتی نووسین و خویندنە وە دا. ئە مە یش وای کردووە هە موو لایە ک دان بە و راستی یە دا بنین کە ریزمانی عە رە بی ریزمانیکی بە پیز و دە ولە مە ندە. بە لام ریزمانی کوردی کە

نزیکه ی هه موو پیته کانی عه ره بی به کار ده هینیت و هیچ کام له و هیمایانه ی له سه ره وه ئاماژه م بو کردن به کار ناهینت، تووشی هه له ی ریزمانی و نه گونجانی بیژکردن (دیالکتیک) له گه ل نووسیندا هاتووه.
"به کارهینانی پیتی لاتین له خزمه ت خیراکردنی پروسه ی فیربوونذایه و متمانه یه کی زیاترمان پی ئه دات له وه ی به ناو بوومه لیلی ئه زموونکردنی نابه جی ی پیتی عه ره بی دا بروین ــ به و شیوه ی وا کورد خوی پیته که به کار ده هینی" (۲)
جیگه‌ی خوشحالی‌یه له نووسینه لاتینی‌یه‌که‌دا چاره‌سه‌ری زوریک له‌م گرفتانه کراوه. "بخو" و "بشو" کاتیک به‌کارده‌هینرین له دوای پیتی "ب"اوه ده‌نگیکی کورت هه‌ست پیده‌کری، له نووسینی نه ریتی کوردی‌دا حسابی بونه‌کراوه، به‌لام له لاتینی‌یه‌که‌دا ئه‌م خه‌وشه چاره‌سه‌ر کراوه و پیتی لاتینی "I" بو ئه‌و ده‌نگه کورته به کارده هینریت. ئه مه یش به و مانایه نیه نووسینه نوی یه که ته واو و بی گه رده؛ به تایبه تی له هونراوه دا هه ست به لاوازی ده که ین. با سه رنجیک بده ینه سه ر ئه م دوو نیوه دیره هونراوه ی گوران:
کام به رزی جوانه وه ک به رزی بالای؟
کام تیشک ئه گاته تیشکی نیو نیگای؟
له نیوه دیری دووه مدا له ناو وشه ی "تیشک"ی یه که مدا پیتی "ش" سووک وبی داچوون و له سه روه ستان ده رده بردری؛ له کاتیکدا به ته نها و له ده ره وه ی ئه و هونراوه وشه ی "تیشک" وه ربگرین، پیتی "ش" له سه ری ئه وه ستین، که میک قوولی ئه که ینه وه و به باشی دانی پیدا ئه نیین. خوینه ر کاتیک دووه م نیوه دیری به رچاو ده که ویت له ناو هونراوه که دا، هه‌ست به تیکچوونی کیش ده‌کات (که له‌راستی‌دا تیک‌نه‌چووه) بویه بو جاری دووه‌م به بی نه‌خشه و به ناچاری، (لاشعور)ی ده یگیریته وه سه ره تای دیره که و جاریکی تر ده یخوینیته وه، ئینجا کیشه که ی بو راست ده بیته وه؛ ئه مه یش ده لیلی لاوازی ریزمانی کوردی یه و له لاتینی یه که شدا هه ر به و جوره ماوه ته وه. له هونراوه یه کی تری گوراندا:
سیاچه مانه، سیاچه مانه
به هه شتی عه شقه ئه م هه ورامانه (۳)
ئه گه ر که سیک شاره زای کولتوری کوردی نه بیت، که سیاچه مانه جوریکه له گورانیی ناوچه ی هه ورامان، ناتوانیت به راستی بیخوینیته وه؛ له به ر ئه وه ی له کاتی ده ربرینی وشه ی "سیاچه مانه"دا پیتی "ی" ی دوای "س" قورسه، به لام به نووسین هیچ قورسی یه کی پیوه دیار نیه.
ده کری هیمایه ک دیاری بکری بو قورسی یان سووکی پیته کان، به له به رچاوگرتنی چی نه کردنی ئالوزی.

۴ــ سوودوه رگرتن له "له هجه و شیوه زمان"ه جیاوازه کانی کوردی له کاتی نه بوونی وشه یه ک، بو خواستن هه ول بدری په نا نه بریته به ر زمانه بیگانه گان، به لکو له ناو له هجه جیاوازه کانی زمانی کوردیدا به دوای ئه و وشه یه دا بگه ریین تا ئه ده بی کوردی ببیته ئه ده بیکی خاراو و هه لینجراوی ناوخودی زمانی کوردی. ئه مه له داتاشینیش گه لیک باشتره و هه‌ولیکه بو نزیکبوونه‌وه له ئه‌ده‌بیکی یه‌کگرتووی کوردی؛ وه‌ک چون زمانی عه ره بی قه واعیدی هه یه له هه موو ولاته‌کاندا وه‌ک زمانی ره‌سمی خویندن و نووسین و کاروباری سیاسی و ئیداری و... هتد به‌کار ده هینریت، وه زمانی "العامیه"یشیان هه یه که له هه ر ولاتیکدا جیاوازی هه یه له گه ل ولاتیکی تر.
به لام ئه م باسه له م سه رده مه دا ره نگه وه ک خه ونیکی خوش بیته به رچاو؛ له راستیشدا دووره ده سته، ئه گه ر کاری زور جدی بو نه کری.

۵ــ پیاچوونه‌وه به ئه‌ده‌بی کوردیدا پیش جیگه‌وته‌بوونی خه‌رمانه نووسینی لاتینی، وه ده ست نیشانکردنی وشه دوو شاخه کان (دوو مانایی)، به ئومیدی دارشتنی بناغه ی کاملی زمانی کوردی:
شه و دره نگه \ ره شه با نووست. \ وه ک بترسی هه ور هه لات (۴)

"هه لات" کورتکراوه ی "هه لهات"ه که دوو مانای جیاواز به ده سته وه ده دات و ته نها له ناو رسته دا ده توانین ماناکه ی بدوزینه وه. له م هونراوه ی شیرکودا به مانای "راکردن و قوتار بوون" هاتووه.

شه و نووچی دا و

له میحرابی بی هیزیدا کرنووشی برد

به ئه سپایی خور هه لات و

زه وی تیشکی له ئامیز گرت (۵)

لیره دا "هه لات" به مانای "ده رکه وتن و خونیشاندان" دیت. هه لکه وت و شیر و... چه ندین وشه ی تر هه مان دوو مانایی یان هه یه . به شیک له ده وله مه ندی زمان و ئه ده ب کاتیک ده رده که ویت که چه ندین وشه ی هه بیت یه ک مانا به ده سته وه بده ن، وه ک: هه له مووت و لوتکه و تروپک و دوند، لیوار و که نار و قه راخ، ئاونگ و شه ونم، ته یمان و په رژین... هتد.

"به هوی ئه م راستی یه وه که ئه لف وبی ی لاتین زیاتر له هه موو ئه لف وبی یه کی تر بلاوبوته وه و له شیوه ی چاپی خویدا گه یشتوته به رزترین پله ی ته کنیکی (وه ک سه قامگیربوونی رواله تی ده ره وه ی هه موو نیشانه کان له باری هونه ری یه وه، گیژ و گومی که متر له پیته کاندا، به ده سته وه بوونی چه شنی جور به جور و...) کاتی که زمانیک ده یه وی گرینگایه تی ئه ده بی خوی وه ده ست بینی و بیر له شیوه یه کی فونیتیکی تازه بکاته وه، ته نیا پیتی لاتینی یه که رووی تیده کری"(٦)

به لام جیگه وته بوونی پیتی لاتینی هه روا کاریکی ئاسان نیه (ئه گه رچی له زمانی عه ره بی و فارسی زیاتر که شه که ی بو له باره)، به لکو پیویستی به شورشه وه له ئیستادا پیویستی به کومیسیونیکی شاره زا و به توانا هه یه که ریبه رایه تی ده نگی خوازیارانی گورینی پیتی باوی کوردی بکات بو به ئه نجام گه یاندنی ئه م شورشه.

کومیسیونی بالا له ناوه وه ی کوردستان بیت یان له هه نده ران کیشه یه ک نیه. گرنگ سه ربزیوی و دلسوزی یه، دواتریش ئاستی چالاکی و به ته نگه وه هاتنی پروسه که بریار ده دات کومیسیون له کوی بیت. نامه وی بچمه ناو دریژه ی چونیه تی کاری کومیسیونه وه؛ خالیکی به رچاو که پیشه می هه بیت، قورسایی خستنه سه ر سه رانی پارته ده سه لاتداره کانی کوردستانی باشووره. هه ر کاتیک ده سته یه ک، گروپیک له روشنبیران و ئه دیب و زماننا‌سان، ئاماده یی خویان نیشاندا بو وه ئه ستوگرتنی ئه م کاره، منیش پیشنیاری چونیه تی کاری کومیسیون به پیی توانا له گه ل چه پکیک نیرگیز پیشکه ش به له خوبردووانی ئاماده باش و خوینه رانی تامه زروی نویگه ری ده که م.

## په راویز:

١_ سیسیل جون ئه دموندز، نووسینی کوردی به ئه لف وبی ی لاتین، لاپه ره ی ٢٢

٢_ سه رچاوه ی پیشوو، لاپه ره ی ٢٣

٣_ گوران، فرمیسک و هونه ر، لاپه ره ی ١٣٥

۴_ شیرکو بیکه س، داستانی به رده قاره مان

۵_ مه ریوان ره ئوف، شیوه ن

٦_ فلادیمیر مینورسکی، نووسینی کوردی به ئه لف و بی ی لاتین، لاپه ره ی ۴٨

***

| | |
|---|---|
| ء | ' |
| ب | Bb |
| پ | Pp |
| ت | Tt |
| ج | Cc |
| چ | Çç |
| ح | Hh |
| خ | Xx |
| د | Dd |
| ر | Rr |
| ر | Rr |
| ز | Zz |
| ژ | Jj |
| س | Ss |
| ش | Šš |
| ع | ‘ |
| غ | Xx |
| ف | Ff |
| ق | Qq |
| ڤ | Vv |
| ک | Kk |
| گ | Gg |
| ل | Ll |
| ل | Ll |
| م | Mm |
| ن | Nn |
| و | Ww |
| ه | Hh |
| ی | Yy |
| ا آ | Aa |
| ئه | Ee |
| ئی | Êê |
| | I i |
| ئی | Î î |
| ئو | Oo |
| ئوی | Öö |
| ئو | Uu |
| ئوو | Ûû |

# Zîndanî Ejdehak

Goran

Bo bitekanî fasîzm

Ejdehak! zîndanit qela-qela ye;
Dîwarî konkirêt, dergay pola ye.

Ejdehak! kunbir ê, sext ê zîndanit,
narûsê be birben bendî giranit!

Hêzî les mirêne kot û zincîrit;
karî-ye le demar napakîy bîrit.

Dilreqît her tawe çesne sizaye
bo bendîy xawen hos exate kaye.

Hênd çes-in serbir û zindanewanit,
serxos-in be xönî gist bendiyekanit!

Ejdehak! ey dêwî le bir ziraw-çû,
ey nastay maranit be mêsik kirdû!

Ew mêsik tazaney zincîrit krdûn,
le lêwi pêçalî merga ratgirtûn,

çawerêy ferman-in be rêy nehata
bibrêne ber tenaf le nore w kata,

mêskyan, amancyan, hîwa u taseyan
le peta bitasê wek henaseyan!

Emane gist eron, eyanrewênî,
hîç nebê le benda eyanrizênî...

Belam to Ejdehak, le helpey xorak
natwanî bikewî bo marî napak;

her egrî, ekujî, edey le gerdin,
mêsik derxward edey be marî newsin...

ta rojêk ew xöney be naheq ristit,
ew bîrey wat zani êcgarî kustit,

taw eden tendûrî demarî Kawe,
ew çekus-wesêney role kujrawe

exrosê w ecosê w komel yek exa,
her helsa w ebînî zîndanit rûxa!

Ew hele her lawê le zîndanta mird
ebête mayey bex bo netewey Kurd;

le binkey peykerya enûsrê nawî
legel gist kirdewey pesendkirawî...

# ریالیزم

ç¿žf ä˜ âŽ£•

میلیت وینتلی ده لی: له ئاکامی ئه و بزوتنه وه زانستی یانه که بالیان به سه ر ئه و روژگاره دا کیشابوو، ریالیزم هاته دی. ئه نگلسیش ده لی: سه رکه وتنی ریالیزم، سه رکه وتنی واقیعیه ته به سه ر خه ون و خه یالدا.
له واقیع دا هه ر هونه ر و ئه ده بیاتیک ئاوینه ی زه مانی خویه تی. ئه گه ر له ده ورانی کون دا ئه ده بیاتی کلاسیک باو بوو که هونه رمه ند و نووسه ر نه ده بوو له هیندیک یاساو قه وانینی دانراوی عه قلی لابده ن و له چوارچیوه ی په یره وی له عه قل‌دا بزاف بکه‌ن؛ ئه‌گه‌ر له ئه‌ده‌بی رومانتیک‌دا هونه‌رمه‌ند و نووسه‌ر بو دژایه‌تی له گه‌ل کلاسیسم و سه ختگیری یه که ی له مه ر په یره وه ی کردنی عه قلدا له غاو بو خه یال و ئیحساس شل ده که ن و هینده بایه خ به عه قل ناده‌ن؛ له‌خووه نیه به‌لکو ئه‌نگیزه‌ی ئه‌سلیی ئه‌م جوولانه‌وه که ده‌گه‌ریته‌وه بو ساله کانی ئاخر و ئوخری چه رخی هه‌ژده‌هه‌م، پیویستی‌یه‌کی میژوویی بوو بو وه‌لانانی سوننه‌ته‌کانی کلاسیک، که نوینه‌ری ئه‌شرافیه‌ت و نیزامی فیودالیستی بوو.
هه‌روه‌ها رومانتیزم ئاکامی سه‌رهه‌لدانی چینی نیوه‌راست بوو که تیده‌کوشا به هوی دروشمه کانی بازرگانی ئازاد، ویژدانی ئازاد و حکوومه‌تی ئازاد، له جیهانی ئه‌ده‌بیات وهونه‌ریش‌دا خوبنوینی. ئه گه ر له چه رخی نوزدهه م و به تایبه‌ت له چه‌رخی بیسته‌م‌دا و دوای شه‌ری یه‌که‌می جیهانی، جوره‌کانی، هونه‌ر و ئه ده بیاتی غه یره ریالیستی وه‌کوو ناتورالیزم، سووررریالیزم، سیمبولیزم، کوبیزم، دادایزم و ئیگزستانسیالیزم (وه ک ئه ده ب نه ک وه ک فه لسه فه) هونه‌رمه‌ندان ونووسه‌ران بو له بیر خوبردنه‌وه‌ی که‌م وکووری‌یه‌کانی نیزامی مه‌وجوود و تاوانکاریه‌کانی شه‌ر و شوینه‌واری ئالوزی کومه‌لایه‌تی دوای شه‌ره‌که و قه‌یرانی سه‌رمایه‌داری خویان له واقیعی ژیان لاده ده ن و په نا بو سیمبول و ئه ده بیاتی ته مومژاوی و کینایه و ئیستیعاره ی دوور له تیگه شتنی زوربه ی کومه لانی خه لک ده بن. ئه و شیوه هونه ر و ئه ده بیاته، به ناو کاردانه وه یه کن له به رانبه ر ئه و قه یرانه سیاسی و کومه لایه تی و ئابووری یه دا که تووشی کومه لی مروفایه تی بووه.
ریالیزمیش هونه ر و ئه دبیاتی سه رده می خویه تی و باری چه وساندنه وه و فه سادی ئه شرافییه ت و میراتگره که ی واته سه رمایه داری ده رده خات و ته نانه ت له وه ش دیته ده ری و ژیانی کوله مه رگی و پر له کویره وه ری زه حمه تکیشان به هوی ئه و نیزامه وه پیشان ده دات. ریالیزم بناغه ی تیوری خوی له راپه رینی زانستی و فه لسه‌فه ی ته جریبی وه رگرت و چه مکی حه قیقی خوی له سه ر هوکاری دانا؛ بویه نووسه ران وهونه رمه ندانی ریالیستی خویان له ریکه وت و ته سادف دوورخسته وه و وه سف کردنی ده ورووبه ری خویان له سه ر ئه و بناغه یه داده نا که هه ر دیارده‌یه کی سروشتی و میژوویی شوینی خوی له نیو زنجیره یه کی بی ئه ژماری مه رج و هودا ده بینیته وه. ریالیزم نواندنی ژیانه، به و جوره ی که هه یه، به لام ریالیزم دیارده کانی رواله تی و له روو له جیگه ی واقیعیه ت دانانی.
میژووی سه رهه لدانی ریالیزم وه کو قوتابخانه یه کی هونه ری و ئه ده بی، ده گه‌ریته وه بو نیوه راستی سه ده ی نوزدهه م. دیاره ئه وه به و مانایه نیه که پیش سه ده ی نوزده هه م هیچ واقعییه تیک له هونه ر و ئه ده بیات دا نه بینراوه. ریالیزم پاش مه کته بی رومانتیزم هاته گوری که له ئاسمانی خه یال دا ده فری و که واقیعیه ت و راستیی له کومه ل شاردبووه. یه کیک له ره خنه گرانی ئه ده بی ده لی: ئه ده بی ریالیزم په رده ی ناهه مواری له رووی رومانسیزم و چینی سه رمایه دار هه لمالی. قوتابخانه ی ریالیزم، ئه ده بی داگرته سه ر زه وی که رومانتیکه کان بردبوویانه جیهانیکی خه یالاویی ئاسمانی.
قوتابخانه ی ریالیزم زورتر بایه خی به شتی زانستی داوه بو روونکردنه وه ی واقیع و هه ستی خوی به رنه داوه بو سوز و خه‌یال. ئه‌م مه‌کته‌به رووی له واقیعی عه‌ینی کردووه و زورتر له ژیانی کومه‌لایه تی ده کولیته وه و گیروگرفتی نیو کومه ل له به ر رووناکایی زانست دا ده ست نیشان ده کات. دیاره ریالیزم لاسایی کردنه وه و گواستنه وه ی فوتوگرافیانه و

کوپی کردن و عـه کس هـه لگرتن نیه، به لکو نیشانه ی نوی کردنه وه و به ره و پیش چوونی هه میشه ی ئه ده ب و هونه ر به شیوه ی باشتره. ریالیزم به پیچه وانه ی رومانسیزم که بایه خی به که س داوه، رووی له کومه له. به کورتی ریالیزم بینای رومـان و کورتـه چیروک له سه ر یاساکانی سروشت و کومه ل دا داده نی؛ له دیارده کانی روحی له به ر رووناکایی ئه سلی هوکاری ده کولیته وه؛ ریشه ی چاره نووسی ئینسان له هه لومه رجی ژینگه وتایبه تمه ندیی که سایه‌تی یه کان سه یر ده کات، پیش ئه وه ی له باری ژیان ناسی یه وه و سفی ئینسان بکات، له ئینسان ده کولیته وه له باری کومه لایه تی ومیژوویی یه وه، له گورانی که سایه تی یه کانی رومان و په ره سه ندنی سه رگوزه شته کان دا ریگه له ته سادوف و ریکه وته کان ده گری.

لـه چه رخی نوزده هه م دا بـه هوی پـه ره گرتنی شارستانیـه تی و گه شه سه ندنی سه رمایه داری، ده بینین که هونـه رمـه ند و ئه‌دیب هه‌ول ده‌ده‌ن کـه خو لـه زنجیری بناغـه و ئه‌رزشه‌کانی ئه‌و سیستمه کـه بریتیـن لـه هه ول بو وه ده ستهینانی سوودی زیـاتـر، مـاده پـه‌رستی، بـه کـه‌مگرتنی مـروفایـه‌تی و شـه‌ری مـروف دژ بـه مـروف کـه کومه لی نوی به سه ریدا سه پاندووه، ئازاد بکه ن. هینـدیـک جار هونـه رمـه نـد نـاچار ده کـه ن کـه پـه نا ببا بو جیهانی ئه فسووناوی سیمبوله کان و چه مکـه تـه م ومـژاوی یـه کان، کاتیـک هونـه رمـه نـد هیزی بـه ربـه ره کانی لـه خودا نابینـی لـه بـه ری راده کات یان تـه سلیمی ده بیت. هـه رچه نـد هـه مـووان لـه م وه زعـه بیزارن ئـه م بیزاری یـه هـه ر جاره ی بـه جوریـک خوی ده نوینی. بـه لام هـه موان بـه تیـوری‌یه‌کی هـاوبه‌ش ده‌گه‌ن، ئه‌ویش قوتابخانه‌ی "هونه‌ر بو هونه‌ر"ه که پارناسه کان پروپاگه نده ی بو ده که ن. به پیچه وانـه ریـالیزم پیی وایـه هونـه ر و ئـه ده بیات ده بی لـه خزمـه تی خـه لکدا بی و بـه توندی هیرش ده کاتـه سه ر سیستمی بـورژوازی و کـه ره ستـه ی تاقیکردنـه وه کانی لـه چین و تـویـژه ره ش و رووتـه کان وه رده گری. بـه هـوی ریالیزمـه وه کریکار وه ک چینیکی مـافخوراو هاته نیو ئه ده ب و هونه ره وه.

بلینسکی ره خنه گری گه وره ی رووس ده لی:

"هه ر که س بیهه وی هونه ر له خزمه ت به کومه ل بی به ش بکات، نرخی ئه وی که م کردوته وه. چونکه هونه ری له هیزی بیری مروف بی به ش کردووه."

"ماوتسی تونگ"یش که خوی ده ستی له ئه ده بیات دا هه بووه، ده لی:

"ئه وه ی که چینه کانی خواروو له ئه ده بیاتیان ده وی دروونی گول له سه ر قوماشی زیرکفت نیه، به لکو پیشکه ش کردنی خه لووزه له روژی سه رما و سول دا."

ریـالیزم لـه وشـه‌ی "ریـال" پیکهـاتـووه بـه مـانـای راستـه‌قینـه و واقیعی، ئـه‌م وشـه‌یـه لـه چـه‌رخی نوزده‌هـه‌م‌دا بـوو بـه زاراوه یـه کی ئـه ده بی و هونه ری و وه ک بزووتنه وه یه کی ئیدولوژیکی که چه ند تایبه تمه ندی له ناوه روک و فورم دا هه یه، خوی لـه مـه کتـه بی کلاسیزم و رومـانسیزم جیـاکرده وه. مـه سـه لـه ی سه ره کی هه لبژاردنی ئه م زاراوه یه بو ئه م مه کته به ئیدولوژیکی و هونه‌ری‌یه له رووی میژوویی‌یه‌وه به‌ره‌پـه‌رچ‌دانه‌وه‌ی بیرورا به ناوبانگه‌که‌ی "ئیفلاتوون"ه سه‌باره‌ت به هونه‌ر به گشتی و شیعر به تایبه‌تی. ئیفلاتوون ده‌یگووت هونه‌ر کاریکی راست و واقیعی نییه، به لکو ئاکامیکی درویـه لـه لاسایی کردنه وه ی سروشت و ٣ هه نگاو له راستیه وه دووره . ره خنه گرانی ئه ده‌بی ئه و سه رده مه، ریالیزمیان هه‌لبژارد له به‌رامبه‌ر بوچوونی هونه‌ری ئیفلاتوون‌دا و گوتیان ئه‌ده‌ب کاریکی راست و واقیعی و ره سه نه ، چونکه ئاکامی ژیانی کومه له و ئاوینه یه کی روون و بیگه رده بو نواندنی هه موو دوز و رووداویکی راست و واقیعی.

ریالیزم ته نیا به وه رازی نه بوو که واقیعی ژیانی کومه ل بناسینی و وه سفی بکات، به لکو ده یویست گورانیشی به سه ردا بینیت. گرینگترین تایبه تمه ندی ئه ده بیاتی ریالیستی وه سف کردنی مروفه وه کوو بوونه وه ریکی کومه لایه تی. ریالیزم ریشه ی کرده وه ی مروف له هه لومه رجی کومه لایه تی ژیاندا ده ناسیت. تولستوی ده لی:

"ژیانی خه لکی زه حمه تکیش هه ر خودی ژیانه و مانای ئه م ژیانه هه مان حه قیقه ته.

هه روه ها له باری هونه ری سه رده می خوی ده لی:

"نه یانویست و نیانتوانی سوود به گه ل ببه خشن و ئامانجیان خزمه تکردنی حکوومه ته کان و سه رمایه داره کان بوو؛

ده بی رووناکبیر و هونه رمه ند له گه ل خه لک وه ک یه ک دل به ئازار بن." رومه ن رولانیش ده لی:
"ده بی هونه ر به شیوه یه کی حه تمی و به وره وه ده ست بداته تیکوشانی مه زن دژی دوو رووبی و زورداری و سته م له جیهان دا، دژی ره وشتی خراپ له کومه ل دا بی و خزمه تی پیشکه وتنی میللی بکات."
هیندیک له ره خنه گران پییان وایه که هه موو هونه ره کان ناتوانن بچنه چوارچیوه ی ریالیزمه وه، به لام جوره کانی په خشان به گشتی و رومان به تایبه تی، بواری سه ره کی ریالیزمن. نووسه ره ریالیستی یه کان د ه توانن به هوی رومانه وه واقیع بنوینن و ژیانی چین و تویژه کانی کومه ل تومار بکه ن و بیرورا شورشگیرانه و کومه لایه تی یه کانیان بلاوبکه نه وه. رومه ن رولان، ماکسیم گورکی، توماس مان و برتولت بریشت ی ئه لمانی، نووسه رانی گه وره ی چه رخی بیسته م له هونه ری نوی ده گه ران، به لام ریالیزمیان به بناغه داده نا و قوتابخانه ی مودیرنیزمیان ره د ده کرده وه و رایان وابوو که ده بی ئه ده ب و هونه ر له خزمه تی گه ل دا بی و ریخوشکه ر بی بو چاک کردنی کومه ل و په روه رده ی مروفی نوی.
نووسه ران و هونه رمه ندانی ریالیستی ده بی هه میشه له هه ول دا بن بو به رزکردنه وه ی فورم و ناوه روک. دیاره ئه وه ی واقیعیه ت له هونه رمه ندی ریالیستی ده وی، خستنه رووی واقیعیه ته نه ک سیاسه ت و فه لسه فه بافی.
له سالی ۱۸۵۵ی زایینی، "کوربی" نیگارکیش ۱۸۱۹_۱۸۷۷ وشه ی "له واقیع دا"ی کرده ناونیشانی سه رده رگای پیشانگاکه ی. هه روه ها "چامفلور"ی رومان نووس ۱۸۲۱_۱۸۹۹ وشه ی "واقیعی" کرده ناونیشانی کومه له نووسینیک که له سالی ۱۸۵۷دا بلاوی کردووه. "ئوگست کونت" خاوه نی فه لسه فه ی "پوزفیتیزم" (اثبات گرایی)، هه رچه ند فه لسه فه که ی له گه ل حه قیقه ت ناته بایی هه بوو، به لام بیرو بوچوونه که ی رولی هه بوو له سه ر باوبوونی قوتابخانه ی ریالیستی. کونت ده لی:
"زانستی کومه لایه تی (سوسیولوژی) بالاترین زانسته و ده بی گشت جوره کانی زانین بخرینه خزمه تی کومه لگاوه. ئه مه ش نایه ته دی مه گه ر له ریگای تیبینی و گه ران و ئه زموونه وه نه بیت. دیاره ئه مه ش له ریگای پینج هه سته وه دیته دی."
له پیشدا باسی ئه وه کرا که قوتابخانه ی ریالیزم له نیوه راستی چه رخی نوزده هه م دا سه ری هه لداوه. دیاره ئه وه به و مانایه نیه که له وه پیشدا له به رهه م و نووسینی هونه رمه ندان و نووسه راندا بوچوونی ریالیستی نه بینرابی. له سه رده می "رینسانس" دا له نووسینه کانی ۳ نووسه ری گه وره ی کلاسیک "رابله"ی فه رانسه یی ۱۴۹۵_۱۵۵۳، "سروانت"ی ئیسپانی ۱۵۴۷_۱۶۱۶ و "شکسپیر"ی ئینگلیزی ۱۵۶۴ _۱۶۱۶ دا شوینه واری واقیع بینی ده بینریت. هه روه ها له سه ره تای ده ست پیکردنی شورشی گه وره ی فه ره نسا بیجگه له شیعر و نووسینه کانی دوو شاعیری گه وره ی ئه لمانی واته "گوته" ۱۷۴۹_۱۸۳۲ و "شیللر" ۱۷۵۹_۱۸۰۵ له نووسینه کانی "مولیر"، "دیده رو"، "ریچاردسون"، "دانیل دوفو"، "ئیسترن"، "لیسنگ"، "سیمولت"، "فیلوینک"، "سریفت"، "مایوو"، "ئیستیل"، "پره وو"، "مرسیه" و چه ندین شاعیر و نووسه ری دیکه دا واقیع بینی هه ست پیده کری.
هه روه ها له به رهه می رومانتیکه کانیشدا جگه له شیعره کانی دوو شاعیری گه وره ی ئینگلیزی واته "بایرون" ۱۷۸۸_۱۸۲۴ (به تایبه ت له کتیبی دوون ژوان دا) و "شیللی" ۱۷۸۲_۱۸۲۲ واقیع بینی له شیعر و نووسینه کانی "هانریش هاینه"، "فیکتور هوگو"، "لنو"، "لورمانتوف"، "گریبایدوف"، "بارییه"، "برامژه"، "فرای گرافت"، "بورد" و چه ندین شاعیر و نووسه ری تر که به رومانتیکه شورشگیره کان ده ناسرین، شوینه واری واقیع بینی به رچاوه.
ده بی ئه وه مان له بیر بی که قوتابخانه ی رومانسیزمی شورشگیرانه رولیکی بالای بینی له سه رهه لدانی ریالیزم دا. ئه و ئه رکه مه زنه ی که رومانسیزم رایپه راند ته نیا پشتگیری کردن و داواکردنی ئازادی نه بوو، به لکو هه ولدان بو دابین کردنی ئازادیش بوو. رومانسیزمی شورشگیرانه ده نگی ئیعتراز بوو دژی کویله تی ئینسانی ئازاد؛ دژی گورانی شاره کان بوو به ئوردووگای یه خسیرانی کارخانه؛ دژی ره قابه تی ئازاد بوو که ببوه هوی شه ر و پشیوی هه میشه یی. بو نموونه گورکی پیش ئه وه ی ببیته نووسه ریکی ریبازی ریالیزم و ریالیزمی سوسیالیستی، له ریبازی رومانسیزمی

شورشگیرانەدا بوو. لە گەل ئەوەی ٣ نووسەر و شاعیری گەورەی ریالیستی لە باری تەمەنەوە پیش "بەلزاک" هەلکەوتوون کە بریتین لە: "والتر ئیسکات"ی ئینگلیسی ١٧٧١_١٨٣٢ و "پوشکین"ی رووسی ١٧٩٩_١٨٣٧ و "ئیستاندال"ی فەرەنسی ١٧٨٣_١٨٤٢، بەلام زوربەی رەخنەگرانی ئەدەبی لە سەر ئەو باوەرەن کە بالزاک باوکی ئە دە بیاتی ریالیزمی رە خنە گرانە یە. هە رچە ند دوای ناوبانگ دە رکردن، چوە ژیانی ئە شرافیە تی سە رمایە داری یە وە کە پر بوو لە فەسادی کومەلایەتی کە رەنگە ئەوەش هویەک بیت بو باشتر ناسین و پیشاندانی کەم وکوریەکانی ئەم سیستمە کومە لایە تی یە، بە لام نووسینە کانی ناوبراو لوتکە ی قوتابخانە ی ریالیستین.

بالزاک لە نووسینە کانیدا بە تایبە ت لە "کومیدیای ئینسانی" دا چالاکانە و نە ترسانە پە ردە ی لە رووی ئە شرافیە ت و سە رمایە داری سە ردە م هە لمالیوە و کردە وە ناهە موارە کانی ئە م چین و تویژانە ی خستوە تە روو . ئە نگلس لە ئاوریلی ١٨٨٨ دا لە نامە یە کدا کە بو "مارگاریت هارکنس"ی نووسیوە، لە گە ل شیکردنە وە ی نووسینە کانی بالزاک دە لی کە ئەو (واتە ئەنگلس) لە رومانەکانی بالزاک تەنانەت لە (جزئیات)ی ئابووریشدا پتر لە هەموو میژوونووسان و ئابووری زانان و (ئامار) ناسانی ئەو کات شت فیربووە. دوای بالزاک ئەم نووسەرانە لە پیشخستن و باوکردنی ئە م قوتابخانە هونەری و ئەدەبی یە، گەورەترین رولیان بینیوە لە پیشاندانی چەوساندنە وە و فە سادی سە رمایە داری و کویرە وە ریی ژیانی زە حمە تکیشاندا و خزمە تی گە ورە یان بە مرفایە تی کردووە. "چارلس دیکنس"ی ئینگلیسی ١٨١٢_١٨٧٠ کە دوای بالزاک گە ورە ترین نووسە ری ریالیستی بوو، "فلو بیر"ی فە رانسی ١٨٢١_١٨٧٠، "موپاسان"ی فە رانسی ١٨٥٠_١٨٩٣، "تولستوی"ی رووسی ١٨٢١_١٩١٠ کە دوای بالزاک و دیکنس گەورەترین نووسەری ریالیستی یە، "ئە ناتول فرانس"ی فە رانسی ١٨٤٤_١٩٢٤. دوو نووسە ری گە ورە ی ریالیستی تریش بریتین لە "داستایفسکی"ی رووسی ١٨٢١_١٨٨١ کە هوکاری روحی لە نووسینەکانیدا زور بەرچاوە، هیندیک لە رەخنەگران لە ریزی نووسەرانی ریالیستی داینانین و "ئیمیل زرلا"ی فە رانسی کە هوکاری سروشتی لە نووسینە کانی دا زور زە قە، هە ر بە و هویە شە وە کە "ئیمیل زولا" بە دامە زرینە ری قوتابخانە ی ناتوریالیستی دە ناسری، هە رچە ند زوربە ی بە رهە مە کانی ریالیستین. جگە لەوان "تاکەری"، "کینگزلی"، "دوکستر"، "ئیبسن"، "جین ئوستین"، "هبل"، "کاسکل"، "شچدرین"، "گوگول"، "چیخوف"، "تورگنیف"، "خوشکانی برونتە"، "جورج ئیلیوت"، "کلپ"، "ئوسپنسکی" و چەندین شاعیر و نووسەری دیکە ئەم قوتابخانە ئە دە بی و هونە ری یە یان رە چاو کردووە و لە نووسینە کانیان دا هونە ر و ئە دە بی ریالیستی یان پە رە پیداوە.

لە نیوە ی یە کە می چە رخی بیستە م دا نووسە ران و شاعیرانی مە زنی وە ک "توماس مان"، "گورکی"، "رومە ن رولان"، "یانیس تیسپدس"، "هاشک"، "ئەلیکس تولستوی"، "جەک لەندەن"، "هانری بابوس"، "برنارد شو"، "بلوک"، "فادایف"، "جان رید"، "ئاراگون"، "ولز"، "برتولت بریشت"، "نیرودا"، "ئیلوار"، "نازم حیکمە ت"، "ئارتور میلر"، "مایاکوفسکی"، "ئیلیا ئیرنبورگ"، "ئارسکین کالدول"، "همینگوای"، "گراهام گرین"، "هانریشمان"، "گارسیا لورکا"، "چە نگیز ئایتماتوف"، "کارل چابک"، "شون ئاوکیسي"، "شولوخوف" لە ریزی قوتابخانەی ریالیستیدا بوون. دوای ریالیزمی رە خنە گرانە کە باسکرا، ریالیزمی سوسیالیستی و ریالیزمی جادوویی و زور جوری تری ریالیزم پە یدا بووە کە سە دان نووسە ر و شاعیر لە م بوارانە دا هونە ری خویان نواندووە و ئە دە بیاتیان پی دە ولە مە ند کردووە کە لیرە دا لە بە ر دریژبوونە وە ی باسە کە ناگونجی باسیان بکە ین.

**تیبینی:**

بو نووسینی ئە م وتارە سوود لە م سە رچاوانە وە رگیراوە:

١_ رالیسم و ضد ریالیسم . دکتر میترا

٢ تاریخ رالیسم نوسیندگان روسی . ترجمە محمد تقی فرامرزی

***

# چاوپێکەوتنی "مارگەریتا رومەری" لەگەڵ تەسلیمە نەسریندا(١)

## وەرگێرانی بو کوردی : شنە عەبدولا

توندرەوە ئیسلامیەکان لە بەنگلادش هەتا ئیستاش داوای هەلواسینی تەسلیمە نە سرین دە کە ن. ناوی لە سە رە وە ی لیستی ئە و ناوانە دا هە یە کە دە بی بکوژرین. تە سلیمە نە سرین بو جاریکی تر ناچارکرا کە بە نگلادش بە جی بهیلی و روو بکاتە وە ستوکهولم. لە ماوە ی سی کاتژمیردا بریاری دا کە ولاتە کە ی بە جی بهیلی، کاتی پولیس پی ی راگە یاندبوو کە تیروریستە کان بریاریان داوە کە بیکوژن.

گرووپی تیروریستەکان لە لایەن "ئوسامە بن لەدەنەوە" کومەک دەکرین، کە یەکیکە لە سەرکردەی تیروریستە ئیسلامی یە کان لە ئە فغانستان.

_ من لە ژیانی خوم دە ترسام، نە م دە توانی لە وە زعیە تیکی ئاوە هادا بمینمە وە.

تەسلیمە نەسرین گەرایەوە بو ستوکهولم، ئەو شوینەی کە یەکەم جار، مانگی ئابی ١٩٩٤ بوی هەلات، کاتی ناچارکرا بچیتە ژیر زەوی. ئەمەش کاتی بوو کە ئیسلامی یەکان فەتوایان بو دەرکرد، سەری تەسلیمە نەسرین بە رامبە ر ٢٠٠٠٠ کرونی سویدی.

تاوانە کە شی: بریندارکردنی ئیحساساتی دینی ئە وان بوو کە بریاریان دا هە لی بواسن.

_ ئە گە ر بیانگرتمایە ئە یانکوشتم. زورن ئە و ئافرە تانە ی کە لە بە نگلادش کوژراون لە بە ر ئە وە ی پە یرە وی ئیسلامیان شکاندووە. رژیم هیچ کاتی هە ولی نە داوە بو گرتن یان سزادانی تیروریستە کان، لە بە ر ئە وە یە کە ناتوانم لە ولاتە کە ی خوم دا بمینمە وە.

مانگی ٩ی سالی پار بوو کە تەسلیمە نەسرین بریاریدا بگەریتەوە بو بەنگلادش، پاش چوار سال هەلاتن. بە پشتیوانی خوی گەرایەوە، هیچ زەمانەتیکی وا لە ئارادا نەبوو بو پاراستنی ژیانی، بە لکو بە پیچە وانە وە دە ولە ت ئاگاداری کردە وە.

_ دایکم لە سە رە مە رگدا بوو، نە خوشی شیرپە نجە ی هە بوو، تە نها لە بە ر خاتری ئە و گە رامە وە.

تە سلیمە نە سرینم لە مالە کە ی خویدا بینی، لە خانوویە کدا کە لە هاوری یە کی بە کریی گرتبوو، لە بە شی دە رە وە ی ستوکهولم، بە رە و باکور. روبیکی زە ردباوی لە بە ردا بوو، هیشتا شپرزە یی سە فە رە کە ی پیوە دیاربوو.

لە هولە کە دا سی جانتای گە ورە ی لی بوون کە هیشتا نە کرابوونە وە. لە سە روو هە موویە وە؛ زور نارە حە ت و خە فە تبار دە هاتە پیش چاو بە هوی مردنی دایکی یە وە، کە لە مانگی یە کی ئە م سال دا مرد. ئەو چاوە روانی وای نە بوو کە بە روبی بە یانی یە وە پیشوازی من بکات، چونکە بریار بوو کە من درە نگتر بگە م. هە رچە ندە کات ١١ ی پیش نیوە رویە بەلام هەتا نیوەشەو خەریکی کاروبارەکانی بووە بە ئینتیرنیت. داوای لیبوردنی کرد، پرسیاری کرد کە چای دە خومە وە.

لە سە ر میزی چیشتخانە کە ی دا کە جە نجالیە کی ئیجگار گە ورە ی پیوە دیاربوو، لە ناو هە موو ئە و کوپ و تە پلە کی جگە رە و پە رە و کتیبانە دا، پاکە تی جگە رە کە ی دوزیە وە و جگە رە یە کی داگیرساند.

باسی ئە وە ی کرد کە ئیستا رومانیکی نویی؛ کە زیاتر گیرانە وە ی یادداشتە کانی خویە تی و بە قە وارە ی خشتیک ئە ستوورە، لە فە رە نسا چاپ کراوە. ئە م کتیبە ی لە سوید نووسیوە و بە ناونیشانی "مندالی کچیک"ە.

بەلام تا ئیستا ئەم کتیبە لەلایەن ئەو کتیبخانە سویدیەوە کە بریارە بەرهەمەکانی نەسرین چاپ بکات، وە رنە گیردراوە تە سە ر زمانی سویدی.

ـ شاره زایی من  وه ک ئافره ت، له گوشه گیرکردنمان، کوته ک کاریمان یان سجن کردنمان وه باسکردنی ئه وه، له لایه ن زوربه ی ئافره تانه وه پشتگیری ده کریت. چوونکه ئه مه هه ل و مه رجی گشتی ئافره تانه له وی.

پاش‌چه‌ند روژیکی‌تر ته‌سلیمه نه‌سرین سه‌فه‌ر ده‌کات بو فه‌ره‌نسا، بو یارمه‌تی دانی نووسینی ئه‌و فیلمه‌ی که کتیبه که ی ئه و چیروکی فلیمه که پیک ده هینیت.

له ده ره وه ی به نگلادش ته نها فه ره نسایه که زوربه ی رومانه کان و نوفله کان و شیعره کانی ئه‌وی لی چاپ کرابیت.

ته‌نها یه‌ک کتیبی به زمانی سویدی چاپ کراوه، که ئه‌ویش ناوی "شووره‌یی"یه، نه ختی ناره‌حه‌ته که ژماره‌ی کتیبه کانی زیاتر نین، وه ده شزانیت که کتیبه که ی لیره له ناو کورو کومه لی ره خنه گراندا جیگایه کی ئه وتوی نه گرت.

ـکاتی ئه و کتیبه م نووسی هیچ خه یالم له سه ر زمانی نووسینه که ی نه بوو، زور ئاگاداری دنیای ئه ده بی نه بووم، به لکو رووداوه کان و خه بات کردن به ده ره جه ی یه که م ده هاتن، ئه وانه بوونه سه رچاوه ی نووسین.

وه‌ک به‌شیک له خه‌باتی سیاسی، ئه‌و کتیبه زور گرنگ بوو له ولاتدا. به‌لام لیره هه‌موو وا ده‌زانن که ئه‌مه کومه لیک فاکتی کوکراوه و له سه ر یه کن. به لام بو ئه وی زور مانابه خش بوو.

کتیبه که ۵۰۰۰۰ دانه ی لی فروشراوه، باسی موسلمانان ده کات که چون هیرش ده به نه سه ر ئه و که مایه تی یه هندووه مه زهه بییه. پاله وانه که ی کوریکی لاوی هندووه که به هوی نائومیدی و قینه وه لاقه ی ئافره تیکی ئیسلام ده کات، وه ک کرداریکی توله لیسه ندنه وه.

ئافره تان له نزمترین پله دان، هه ربویه ش ئه وانن که به ئاسانی ده ستدریژیان بو سه رده کریت.

رژیم کتیبه‌که‌ی قه‌ده‌غه کرد و ته‌سلیمه نه‌سرین پاسه‌که‌ی لی‌سه‌ندرایه‌وه. له شه‌قامه‌کان‌دا سه‌ده‌ها که‌س له توندره وه ئیسلامی یه کان خوپیشاندانیان کرد و داوای کوشتنی ته سلیمه نه سرینیان کرد.

داوای دادگایی‌کردنی ته‌سلیمه نه‌سرین له دادگادا قه‌یدکرا و فه‌رمانی گرتنی درا. ده یانگووت که گوایا ته سلیمه نه سرین داوای ئه وه ی کردووه که ده بی قورئان جاریکی تر بنوسریته وه، که ئه مه ش هه له یه.

ئه م باوه ری به دین نیه، داوای نووسینه وه ی قورئان ناکات چوونکه باوه ری پی نیه، به لکو داوای نووسینه وه و گورانی قانوونه کان ده کات که له سه ر شه ریعه تی ئیسلامی دانراوه.

ـ ئافره‌تان کویله‌ن له به‌نگلادش، قانوونیش پاریزگاری له‌م دیلیتی‌یه ده‌کات. پیاوسالاری‌و مه‌زهه‌ب هاوکاری یه کترین؛ ئافره تان ده بی ملکه چی پیاوه کانیان بن له هه موو شتیک دا. ده بی له ژیر ده سه لاتی پیاوه کانیان دا بمیننه وه که چه ند ژنیکی تریشیان هه یه. لی ده درین، شه للاقه ده کرین، ئیغتصاب ده کرین له لایه ن میرد ه کانیانه وه ته نانه ت له په یوه ندی خیزانیشیان دا.

له راستی‌دا ته‌سلیمه نه‌سرین داوای شتیکی نوی ناکات که له گویچکه‌ی منی سویدی دا شایه نی باسی گه وره و لیکولینه‌وه بیت. له چیشتخانه‌که‌ی خوی‌دا و له ناو موبل و ئه‌و تابلویه‌ی که خوی کیشاویه‌تی؛ تابلوی نیوه‌ی ئافره‌تیکی رووت که پرچیکی زه‌رد به‌سه‌ر شانی‌دا په‌خش بوته‌وه، ته‌سلیمه ده‌رباره‌ی سه‌ره‌تاییترین مافه مروڤایه‌تیه‌کان ده‌دویت. ده‌رباره‌ی یه‌کسان‌بوون له به‌رانبه‌ر قانوونه‌کان‌دا، مافی خویندن، کارکردن، موچه‌یه‌ک پیی بژیت، مافی ژیان به ته نها، ئازادی ئافره ت، بریاردان به سه ر ژیانی خویدا، له شی خویدا، بیره کانی خویدا و ویستی خویدا.

ته سلیمه نه سرین ده زانیت که ئه و له سه ر هه قه، له به ر ئه وه هیچ کات بیده نگ نابیت، سازش ناکات و واز ناهینیت.

ئه‌مرو له هه‌موو کات سوورتره له‌سه‌ر ئه‌م باوه‌ره، ئه‌گه‌رچی راونان و توقاندنی ئه‌و له پاییزه‌وه ره‌هه‌ندیکی‌تری به خویه وه گرتووه. ئه مه ش ئه وی ناچارکردووه که له چه نده ها شوینی جیاوازدا خوی بشاریته وه. له پاش فشاریکی زوری روژئاوا بو سه‌ر به‌نگلادیش، ناچار به "که‌فاله‌ت" وازیان لی‌هینا. پاشان له ژیرچاودیری پولیس‌دا له ماله‌که‌ی خوی‌دا، خوی شارده‌وه. به‌لام کاتیک هه‌ره‌شه‌ی تیروریسته‌کان زیادی‌کرد، به‌په‌له و له ژیر چاودیری دیپلوماتی

رۆژئاوادا گه یاندرایه فروکه خانه.

ـ بەنگلادیش مالی منە. رەگەکانم لەوێن، زمانم لەوێیە. ئەوی‌یە کە دەمەوی لیی بژیم. به لام نابێت. ناتوانم له ماله که ی خومدا زیندان بم.

تەسلیمە نەسرین هیشتا بریاری نەداوە لە چ ولاتیک دەیەوی ژیان بەسەر بەری. لە ماوەی ئەم چەند سالەی تاراوگەدا، لە سوید و ئەلمانیا و ئەمریکادا ژیاوە. بەلام نایەویت لە ئەمریکادا بژی چونکه پیی وایه که ئه مریکا ولاتیکی کونه خوازه و ته نها بیر له پاره ده که نه وه.

ـ من هه ست ده که م که له بالنده یه ک ده چم که لیره وه ده فریت بو ئه وی. ئه گه رچی ماوه یه که له سوید ژیان به سه ر ده به م، به لام هه ست ناکه م ره گم داکوتابی. زمان نازانم وه ک میوانیک وام.

ته سلیمه باسی ئه وه ده کات که له سالانی تاراوگه دا زور شت له ودا روویداوه. له به نگلادیشیش ئه و هه میشه تووره بوو. هه موو روژیک هوکار ئاماده بوو که پیی هه لچیت و تووره ی بکات له به رانبه ر ئه و هه موو نابه رابه ریه دا که له وی هه بوو؛ نه ک ئه وه ی ده رهه ق به ژنان ده کریت، به لکو رق و تووره یی له و هه ژاریه پان و پوره ی که ولاتی داگیرکردووه و ئه و خوشگوزه رانیه وه سف نه کراوه ی که که مایه تییه ک لیی به هره مه ندن.

ـ من بەراستی سەرکیش و جەنگاوەر بووم. لە دژی هەموو شتیک و هەموان دەجەنگام. لە دژی خیزان، دژی کومه ل، یاساکانی، ده سه لاتی دادگایی، دژی پولیس. له چه ندین روژنامه دا وتارم هه بوو. هه موو به یانیه ک به تووره یی ده چوومه ده ر. به لام لیره له سوید، هه موو شتیک ئارامه. هه ندیک جار یادی ئه و وزه یه ده که م که له تووره یی دا هه یه. هاوکات هه ست ده که م که ئه م ئارامییه ش بو من پیویسته. چونکه ده مه وی کاریکی زیاتر له گه ل چونایه تی هونه ری کاره کانم دا بکه م، ده مه وی ده رفه تم بو ئه وه هه بیت.

تەسلیمە نەسرین پیی وایە کە بەدەستهینانی پارە لە ئیستادا کاریکی پیویستە؛ تاکو بتوانیت بەرهەمەکانی لە رۆژئاوادا بە چاپ بگە یینیت. له گه ل ئه وه ش دا ئه و زور خوشحال ده بیت که به رده‌وام به رهه مه کانی له روژنامه کانی به نگلادیش دا بلاوبکریته وه. دوو روژنامه هه ن که تا ئیستاش ده ویرن بابه ته کانی ئه و به چاپ بگه یینن؛ به لام له هه ر شوینیکی نووسینەکاندا هیرشی راستەوخو بو سەر مەزهەب هەبیت، سانسور دەکریت. زور کەس لە خورئاوا ده یانویست که ته سلیمه نه سرین وه ک ئامرازیکی به گژدادانی مه زهه به کان له به رانبه ر یه کتری دا به کاربهینن. به لام ته سلیمه خیرا دیفاع له خوی ده کات و به راشکاوی راده گه یینیت: که ته نانه ت توندره وی مه سیحیش خه ریکه خوی بلاو ده کاته وه. ئه و نموونه ی ئه مریکا و گه شه ی راستی مه سیحی به نموونه ده هینیته‌وه؛ دکتوریک که نه شته رگه ری له باربردنی کردبوو، تیرورکرا.

ـ تەماشایەکی سوید بکەن! ئیوە زور خیرا هەموو شتیک لە ئەوروپاوە وەردەگرن. کیشەی "ئیککەهومو"(٢)، نیشانی ده دات که بنیاتگه رایی به شیوه یه ک له هه موو شوینیک هه یه.

ته سلیمه نه سرین که ته مه نی له ئیستادا ٣٦ ساله، له خیزانیکی روشنبیری چینی ناوه نده. ئه گه رچی باوکی ده یویست له ماله وه بمینیته وه و کچیتی خوی بپاریزی، به لام ریگای خویندنی پی ده دات و ده بیته پزیشک وه ک باوکی. ته سلیمه خوشکیکی بچووکتر و دوو برای له خوی گه وره تری هه یه.

ـ خیزانەکەم پشتگیریم لی‌دەکەن. ئەوان هەموو ئەو شتانەی من دەینووسم، د ه خویننه وه و خوشیان لیدیت. به لام دایکم هه موو کات ده ترسا که خوا روژیک سزام بدات.

تەسلیمە لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکات و ساتیک بیدەنگ دەبی. مەرگی دایکی قورساییەکی گەورەی لە سه ر داده نی.

ـ خوشەویستیەکی زورم لە دایکمەوە وەرگرت. ئیستا هەست بەمە دەکەم. ئەگەرچی کاتیک گە نج بووم هه میشه له گه لی دا ده مه ده ممان بوو. دایکم ده یویست قورئان له به ر بکه م. من به سه ری دا ده مقیژاند و گویم پیی نه ده دا.

ـ دایکم ده یگوت: ئه وه ی سووکایه تی به دین بکات، زمانی ده قرتی. بیرم دی ته مه نم ١٢سال بوو کاتیک ده رگای حه مامی ماله وه م له سه ر خوم داخست و له به رخومه وه ده مووت: که خوا هیچ و پووچه. زور ده ترسام. بینه پیش چاو زمانت بقرتیت و بکه ویته سه ر ئه رز! به لام وا ده رنه چوو. دواتر بوم ده رکه وت که راستییان له گه لم دا نه ده وت.

ته سلیمه نه سرین هه ست به ئازاری ویژدان ده کات. به لام کچ و دایک توانیان له یه ک خوش بن. زستانی پار دایکی بو ماوه ی ٥ مانگ له سوید بوو. گه لیک دوکتوری گه راند، به لام به بی سوود. له ئه مریکا پییان زانی که شیرپه نجه ی ریخوله ی هه یه.

ـ به لام من دوا داخوازی ئه وم به دی هینا؛ ئه ویش ئه وه بوو که لای بووم کاتیک گیانی له ده ست دا.

بو ماوەی چەند سالیک، تەسلیمە نەسرین وەک دوکتوری ژنان "جین‌ئیکولوگ" لە یەکیک لە خەستەخانە دەولەتیەکان‌دا کاری دەکرد و ناچارکرا واز بینیت کاتیک کتیبەکەی هاتە دەر و تەحریم کرا. ئەگەرچی چەند جاریک شووی کردووه، به لام هیچ مندالی نیه. به جوریک پیده که نیت، وه ک ئه وه ی نه چیته ورده کاری بابه ته که وه.

ـ ناکری ئافره تیکی سه ربه خو بیت و شووت کردبیت، به تایبه ت له ولاتیکی وه ک به نگلادیش دا. زوریک له پیاوان به ر له زەواج قسەی جوان دەکەن، دواتریش وەکوو باوک و باپیرەکانیان رەفتار دەکەن. ئەوان لە دوایی‌دا خوازیاری مل پیکه چکردنی ژنه کانیانن. ئه و شته ی که من ناتوانم له گه لی دا بیمه وه.

له بەرانبەر ئەو هەموو ریگریانەش‌دا، تەسلیمە نەسرین توانی مالیک لە پایته خت، له "ده ککا"دا بو خوی په یدا بکات. شتیک که له واقیع دا له وی بو ئافره ت قه ده غه یه. له گه ل ئه وانه ش دا ئه و قژیکی کورتی هه یه و جگه ره ش ده کیشیت. ئه گه رچی ئه و حه زی له له به رکردنی ساری یه، به لام پانتول و چاکه تی دریژیش له بەردە کات.

به ر له وه ی جیی بهیلم پیم وت: تو هه موو ئه و شتانه ده که یت که ئافره ت له به نگلادیش نایکات.

ـ ئی وایه، به زه رده خه نه یه که وه وه لامی دامه وه.

## پەروایزەکان:

١ـ ئه م چاوپیکه وتنه له ریکه وتی ١١ی مانگی دووی ١٩٩٩ دا له روژنامه ی "یوتوبوری پوستن " دا بلاوکراوه ته وه.

٢ـ ئیککەهومو: پیشانگایەکی فوتوگرافی‌یە، بەرهەمی ئیلیزابیت ئولسون لە سوید. له م فوتوگرافی یانه دا، "عیسا مەسیح" لە ناو هوموسیکسوالەکان‌دا پیشان‌دەدری و بوو بە هوی هاتوهاواری توند وتیژی تاقمی توندره وي کلیسا و ته نانه ت جه ماعه تیک له ئیسلامی یه کان له سالی ١٩٩٨ دا.

***

# بەدەم چاوەروانی شاعیریکی بەرزەفرەوە

حه مه  سه عسد حه سه ن

مـن هیـچ نانووسم، منیش وه کوو که سانی دیکه ده خوینمه وه. جیاوازی من و خوینه ریکی ئاسایی ره نگه هه ر ئه وه بی که من خوینه ریکی پاسیڤ نیم. ئه وی ئیوه به به رهه می منی ده زانن بریتییه له کولاجکردنی به رهه می که سانی دیکه. ( به رهه می مـن): تـه نها ره نگدانه وه ی ئه وه یه چی و چونم  خویندوته وه.(١)ئه وی ده ینوسم دوای بلاوبوونه وه منیش له ئاستیدا ده بمه خوینه ریکی ئاسایی و مافی ئه وه م نییه خوینه ریکی دیکه تاوانبار بکه م که به د لیی حالی بووه، ئاخر ئه ویش مافی خویه تی چونی ده خوینیته وه.
لـه کوتـایی سـالی ١٩٩٤دا (زەبروزەنگ و بەرژەوەندی تایبەتی) م نوسی، که بەشیکی کەمی تەرخان بوو بو بەسەرکردنەوەی نوسینیکی رەفیق سابیر و لە سەرەتای ١٩٩٨یشدا له نوسینی ( گه ران له دوای خود) بوومه وه، که باسیکە تایبەت بە سەرجەمی بەرهەمی شیعری شاعیری ناوبراو و لە دوو ژمارەی (رامان) دا ( ٢١ و ٢٣) کە سەنگترین گوڤاری ئەدەبی کورد بە خویەوە بینیبیت، بلاوکرایەوە، کە دەستگای (گولان) یش ئه وی به پیی ده قی نوسینی ره فیق سابیر: ( به پاره ی به عس و دولاری خیانه ت دامه زراوه)، کومه له شیعریکی بو چاپکرد، راستگویی ئه وم به فاکسیک خسته ژیر تیشکی گومانه وه.
رەفیـق سابیـریش بـە چـوار نـوسین: ( روون کردنەوەیەک .کوردستانی نویی لەندەن ٢٣. ١. ١٩٩٨، پرمـاناترین بی دەنگی.هەتاوی ژمـارە: ٢٠ و ٢١ رابـوونی ژمـارە:٢٤.کەرویشـک دەرچـو یـان نـاسـر حـەفید؟.هەتـاو ی ژ: ٢٢ .دیداریک لەگەل شاعیر و بیرەوانی گەورەی کورد دکتور رەفیق سابیر.هه تاوی ژماره ٢٢) هینده ی جنیوداوه فه رهه نگی هه ژاری جنیوی کوردیی ده وله مه ندو خه نی کردووه.

## روونکردنەوە یان پاکانە؟

ده مزانی (ینک) هه رچی بکا، ره فیق سابیر ده نگ هه لنابری و هه رجاره ی بیانوویه ک د ه بینیته وه. بیانووی ئه مجاره ی ئه وه  بوو : (کاری هاوبه ش له گه ل نوسه ری ئه م دیرانه ناکا) منیش سووک و باریک به ره ی ئه و بیانووه م له ژیر پیی راکیشا. ئیدی ئه وه بوو گوشاریان بو هینا، پاکانه یان پی نووسی و له رادیو و روژنامه ی ( ینک) وه بلاویان کرده وه.
ئیمزاکردنی هاوارنامه که( بژی وشه ی جوان و ئازاد) له ماوه ی دوو سی سه عاتدا و له لایه ن ئه و هه موو نووسه رانه وه، پووچکردنه وه ی ئه و ئه فسانه یه بوو که گوایا روشنبیران له گه ل( ینک) دان، بویه یه کیتی ئارامی لی هه لگیرا و هه رچی له ده ست هات بو گوشارخستنه سه ر و سووکایه تی پیکردنی  ئیمزاکه رانی هاوارنامه که ختییه گه ر.
رەفیـق سابیـر لـە پاکانـەکـەیدا هـەولی داوە بـە تـەپوتوزی پشتکردنە راستی بەرچاوی خوینەر لیل بکات و نووسیویه تی:( حه مه سه عید حه سه ن به سه رنووسه ری ـ القدس ـ ی گوتووه: الاستاذ و ـ باشترین ـ سلاوی بو  ناردووه.)
* ره فیق ده زانی ئه و ستوونه ی ته رخانه بو نامه ی خوینه ران، کلیشه یه کی نه گوری هه یه و بەم جوره یه:
( لاستاذ رئیس التحریر
تحیه طیبه و بعد) هه موو روژی چه ند نامه بلاوبکه نه وه، هه موویان هه ر له ژیر هەمان کلیشه دان و ئه و وشانه من نه منووسیون، ئه وی گومانی له م قسانه ی من هه یه، هه ر بائه مرو سه رنجی روژنامه که بدات.
* روژنامه که ناوی ( القدس العربی) یه نه ک القدس، (طیبه) یش (باش) دیت نه ک باشتر.

# كـه هـاوارنـامـه كـه لـه القدس العربی دا بلاوبووه وه، زمـانحـالی ینـک لـه لـه نده ن: المنار الكردی. دیسه مبه ری ١٩٩٧ . گوتاریكی پر جنیوی به ناونیشانی: (ایضاح حول ما نشرته القدس العربی) بلاوكرده وه، روونكردنه وه كه ی ره فیق سابیر كورته ی هه مان گوتاره، به بی ئه وه ی ئاماژه بو سه رچاوه كه ی بكات.

# هاوارنامه كه م به ئاگاداری به شیک له نووسه رانی ستوكهولم، كه یه كیكیان فه رهاد شاكه لی بوو، بو: الشرق الاوسط، الحیاه و القدس العربی فاكس كرد.

# هاوارنامـه كـه م بـو ئـه مجـه د ناسر نارد، كه زور لـه رە فیق سابیر ئینسان دوستتر، شورشگیرتر و شاعیرتریشه، ئاخر ئه و به رپرسی لاپه ره ئه ده بی و هونه ریه كانی القدس العربی یه.

# بـه شیكی زور لـه ئـه دیبـه چـه پـه كانی عـه رە ب لـه القدس العربی دا دە نووسن و سـه رنووسـه رە كـه یشی نـه دە ستی لـه تالانكردنی هه له بجه ی دوای كیمیاباراندا هه یه و نه له باشماخ یشه وه تا كویه پیش پاسدار كه وتووه.

ره فیق ده نووسی: ( مورالی من ریگه م نادا هانا بو روژنامه یه كی دوژمن به رزگاری ولاته كه م ببه م.)

بـه شیـک لـه نووسـه ره گـه وره كـانـی كـورد لـه بـه غدا دە ژیـن و لـه روژنامـه و گـوڤاره عـیراقیـه كاندا دە نووسن، لـه وانـه: محـه مـه دی مـه لا كـه ریم و د.كـه مـال مـه زهـه ر، بـه رهـه مـی سـه عدی یوسف، ئـه دونیس، ئـه دوارد خـه رات، محـه مـه د بـه نیس، مـوزه فـه ر نـه واب، بلند حـه یده ری، هـادی عـه لـه وی، سـه رجون پـولس و عـه بدولره حمان مـونیف م لـه القدس العربی دا بینیوه، به لام تو بلیی لوتكه ی مورالی ره فیق له هی هه موو ئه وانه بلندتر بی؟ ئه وی به لای منه وه گرنگه القدس العربی هاوارنامه كه ی وه ک خوی بلاوكردبووه وه.

ره فیق به دریژایی سالانی حه فتا هانای بو به عس ده برد، ئیستایش ده ست به داوینی (ینک ) وه ده گری، ئایا ئه و دوو لایـه نـه روژی لـه راژه ی سـه ربـه خویی كوردستـاندا بـوون؟ كـه سـی هینـده عـاشقی ولاتـی خـوی بـی، چـون دە بیژی:( هـه موو كوردستانم له سه ر تاپو بكه ن تیبیدا نامینمه وه) (٢)

ره فیق ده لی: ( حه مه سه عید هاوارنامه كه ی بو روژنامه یه كی شوفینیست و لایه نگری ده وله تی عیراق ناردووه.)

ینـک كـه رە فیـق پاكـانـه ی بـو نـووسیـوه خـه و بـه وه وه دە بینـی بـه عـس وه ک لایـه نگری خـوی سـه رنجـی بدا، سه یره، ئه وی ئـومیـدی ( ینـک)ه، خـالـی لاوازی القدس العربی یـه! رە فیـق سـالانـی حـه فتـا نـه ک هـه ر گـلـه یـی لـه وه نـه بـوو كـه حشـع لایـه نگری بـه عـس بـوو، بـه لـكو هـه مـوو تـوانـای بـو پتـه وكردنـی ئـه و لایـه نگرییـه تـه رخـان كردبـوو. رە فیـق خـوی وە ک ناسیونالیستیكی به رچاو ته نگ، سووک سه رنجی عه ره ب ده دات، كه چی گله یی له شوڤینیزمی عه ره ب هه یه!

رە فیـق دە لـی: ( حـه مـه سـه عـید سوئـی ئیستیفادە ی لـه هـاوارنـامـه كـه كـردووه.) بـو پشتگیری لـه نـووسـه رانـی سلـه یمـانـی و رسـواتركردنـی ینـک تـه نیـا ئـه وهـه فتـه یـه ئیمزاكـانـم كـوكـرده وه و هـاوارنـامـه كـه م بـه دنیـادا بلاوكـرده وه، زیتر لـه مـووچـه ی مـانگیكـی كـاری خـومـم بـو تـه لـه فـون و فـاكس تـه رخـانكـرد. ئـه وی گـومـانـی لـه م قسـه یه هه یه ده توانی به هوی ژماره ی تـه لـه فـونه كه مـه وه سوراخی ئه م هه واله بكا. نه ک به راوه ژوو كه لكم وه رنه گرتووه، به لكو قوربانیشم به به رژه وه ندی خوم داوه، تـه نانـه ت ینـک حاشا لـه م راستییـه ناكا. ره فیق لـه ئه ورووپا بـوو كه من لـه سـه ر داكوكی كردن لـه نووسـه رانـی كورد دووچاری راونـان بووم. ره فیق ئه گه ر له پاكانه كردن نییه، له گه ل نووسه راندا هاوارنامه یه كی ئیمزاكردووه، كه بادە داته وه بـوچـی پـه شیمـاننـامـه كـه ی بـو رادیـو و روژنـامـه ی ینـک دە نیـری؟ سلڤادور دالـی دە لـی: ( گـه وره تـرین هـه لـه ی هـونـه رمـه ند ئه وه یه: هه لویسته كانی پاشكوی لایه نیكی سیاسی بن.)

شـاعیر ویژدانـی میـژووه، بیـانـووه كـان هـه رچی بـن، نـابـی لایـه نـی دە سـه لاتداری سـه ركوتگـه ر بگری. ئه و شاعیره ی لایه نی جه للاد بگری، له جه للاد تاوانبارتره، ئاخر جه للاد به شیره خویناویه كه ی ده ستیدا ده ناسینه وه، به لام شاعیری جه للادان ده شی بتوانی به وشه ی جوان به شه واره مان بخات. من پینج سال ئه ندامی حشع بوم، نه وشیروان مسته فا پیم ده لی: كونه شیوعی، (٣) ره فیق چونكه (گوی بو بلویریان راده دیری) بیست و پینج سال ئه ندامی هه مان حیزب بووه، رادیوی ینـک پیـی دە لـی: شـاعیری هیـژا. روونكردنـه وه كـه ی رە فیـق سابیر پاشكویـه تـی بـوو بـو ینـک و لایـه نگری جه للادان بوو.

ئەمە تەنیا بوچوونی من نییە، هی ئەو نووسەرانیشە بەرگەی گوشاری ینکیان گرت و لە هاوارنامەکە پاشگەزنە بوونە وە.
رە فیق لە پاکانە کە یدا دە لی: ( حە مە سە عید شە ری پی فروشتووم.) ئە و ( شە رە ) ی گوایە من پیم فروشتوو، بریتییە لە وە ی: ئە و لە رابوون ی ژ: ١٢دا، سالی ١٩٩٤ نووسیبووی: (وە زیریکی حوکومە تی هە ریم لە قومارخانە یە کی پایتە ختی ولاتیکی ئە وروپایی سوزانی بو لە پە ردا کراوە.) منیش بە ناخی ئە و وشانە دا روچوو بووم و بو خوینە رم شیکردبووە وە کە: مە بە ستی رە فیق لە و وە زیرە شیرکو بیکە سە و ناکوکی نیوانیشیان، ناکوکی ئایدولوژی نییە بە لکو لە سە ر ژنیکە. کەواتە ئەوە خویەتیشەر بە شیرکو دەفروشی، ئەگەر نە من کیشەی تایبەتیم لە گە ل هیچ کامیاندا نییە، تە نیا بە شیک لە و شتانە م درکاندووە کە رە فیق وە ک نووسە ری دە قیک لییان بیدە نگ بووە. من هە ندی لە بوشایی و شوینە سپییە کانی تیکستە کە م هیناوە تە گو و نە هاتووم شتی بخە مە سە ر زاری نووسینە کە ی کە نە ی گوتبی. شولز گوتە نی: ( تیکستە کە م ئازار نە داوە، تا ناچارم کردبی، دان بە تاوانیکدا بنی کە پیی هە لنە سابی.) ( ٤ )

## شاعیریکی بیدەنگ

رەفیق سابیر بەناوی خوازراوی (ریبوار)ەوە لە: (پر ماناترین بیدەنگی) دا دەنووسی: ( من شاعیریکی بەرزەفر و نووسە ریکی داهینە رم، ئە ویشی رە خنە ی لیگرتووم: گزگلە، داخ لە دلە، فاشیلە، فە قیرخە یالە، بی بە هرە یە، تیکشکاوە، کولکەشاعیرە، کەمبەهرەیە، چەورەسیاسییە، شەرفروشە، قومارچییە، دوراوە، مایەپووچە، دەروون ناساغە، چە ورە روشنبیرە، سە رسە رییە، چە قوکیشە، پووتنووسە، شیعارنووسە، شیعری راوکە نووسە، دە م پیسە، سفری دوای ویرگولە، مروڤکوژە، موشیرە، ئاستی نزمە و وەک سەگ دەوەری.) تا ئیرە رەخنەگرەکە، کەسوکارەکەیشی: ( سەرسەرین، راوورووت دە کە ن، خە لکی گوند لە حە وز هە لدە کیشن و دارکاریان دە کە ن ومامۆستای زانکویش د ە کوژن.)
رە فیق گوایە بی دە نگە ئە م هە موو جنیوە ی داوە، ئاخو ئە گە ر هە لبچیت و بیتە دە نگ، جنیوی دیکە شک دە با! ئە م زارخاوینە و هەر لەم نووسینەدا گلەیی لەوەدەکات: ( ئازادی بیرورا دەربرین لە ئە وروپا دە رفە تی جنیودانی بو کە سانی دە روون نە ساغ رە خساندووە) و خورخور بە سە ر تە رمی دیموکراتیدا دە گری!
کە سانی نادیموکراتی، ئە وی راستیی بدرکینی ئە گە ر بویان لوا زمانی دە برن، ئە گە ر نا جنیوی پیدە دە ن. رە فیق سابیر دە سە لاتی زمان برینی نییە، بویە چی جنیو دە زانی بە هە موو ئە وانە ی دە دا، ئە و راستیانە دە خە نە روو کە ئە و پییان سەغلەتە.
لە و جنیونامە یە دا جنیوفروشە کە: رە فیق سابیرە، شاعیرە بە رزە فرە بیدە نگە کە: رە فیق سابیرە، جنیوپیدراوە کە یش: هە ر رە فیق سابیرە، ئاخر ئە وی جنیو بدات، جنیوە کانی بو خوی دە گە ریتە وە، بە تایبە تی ئەگە ر جنیوفروشیکی لە بابە تی خویی دە ست نە کە وی. با رە فیق سابیر هە ر خوی شاسواری نسکو نە ناسی گورە پانی شە رە جنیو بی. ریکخستنی ینک لە سوید لە سە ر زیدە رویی لە شە رە جنیودا پشکو ناکامی تە زاند، ئە و هە نگاوە هاوزە مان شارستانی و نادیموکراتیش بوو، ئاخر پشکوی ئارە زوومە ند نورە بری لە رە فیق ی پسپور کرد.
رە فیق با بە لیشاو جنیویش ببە خشیتە وە، من نە ک هە ر ئاواتی ناهینمە دی و دانابە زمە ئە و ئاستە وە، بە لکو کە بە و شیوە بازارییە دەبمە نیشانە بو تیری جنیو، توزقالیک لە کاریگەری نووسینەکانم دلنیا دە بم. دە زانم زمانی زال لە گوتاری سیاسی ئە مروی کوردی باشوور و باکوردا، زمانی توقاندنە وە و ئە وی بویری راستییە کان بدرکینی، جە للادان ئە گە ر دە ستیان نە یگاتی، نووسە ریکی جنیوفروشی لە هان دە دە ن.
جەللاد دوو جوری هەیە، قەلەمدار و چەکدار، یەکەمیان فەتوای کوشتنت دەدا، دووەمیان دەتکوژی. قەلەمدار:

جنیوت پیوه ده نی، چه کدار گولله. جه للادی چه کدار بروای به وتوویژ نییه، قه له مداریش هه روه ها. جه للادی قه له مداریش وه ک جه للادی چه کدار هه ستی سرکراوه، ده نا ده یزانی جنیویش وه ک گولله ئازاری هه یه. ئه وه ی وه ک ره فیق بیرنه کاته وه، له بری ئه وه ی ریزی بیرورای جیاواز بگری ، وه ک دوژمنی شه خسی خوی سه رنجی ده دا. سوکرات: دوژمنی جه للاده که ی نه بوو، داوای ئازادیی بیروراده ربرینی ده کرد، بویه کوژرا. ( ئه و کاته ی نازم گزاری جه للاد سه روکی خویندکاره به عسییه کانی عیراق بوو، حه مید سه عیدی . شاعیر. جیگری بوو.) ( ۵) ره فیق ئه گه ر حه زی لییه ببیته ( بیره وان) با لاسایی ئه دوارد سه عید بکاته وه نه ک حه مید سه عید. سه باره ت به جنیونامه که ی ره فیق سابیر، ئاسو ده لی:( نووسه ری پر ماناترین بیده نگی له لاپه ره یه کدا قامووسیک له پیسترین جنیوه کانی شه قامی کوردی کوکردووه ته وه وهه ستی ئینسان به دزیوترین شیوازه کانی جنیو تیرورده کا. پە یام ژ: ۸ ل: ٦و۷ یولی ۱۹۹۸له نده ن)

سه لام ع ئیبراهیم به نووسه ری جنیونامه که ده لی:(تو ۴۷جنیوت داوه، ۷ یان: سه رسه ری یه، داوای لی بوردنت لیده که م که من یه کیکیان به کارده هینم: نه ده بوو کورته وتاریکی وا .سه رسه ری.یانه بنووسی. شاعیری جه للاده کان ۲. ٦. ۱۹۹۸ )

برایمی کاکه حه مه له ( نامه یه ک بو ره فیق سابیر) دا ده لی: ( دوالاپه ره ی رابوونی ژ: ۲۴ باشتروایه به لاپه ره ی جنیو ناوببری، چونکه له ۴۸۹ وشه، ۴۹ی جنیوه. نووسه ری ئه و لاپه ره یه ناوی خوی نه نووسیوه و جنیوی به خیزانی ره خنه لیگیراوه که یش داوه، بویه ترسنوکه و به عسی ره فتار.)

حاجی مه مو ده لی: ( ریبوار!.شاعیره به رزه فر.که یه و به زمانیکی.سه رسه ری . یانه داکوکی له خوی ده کات و رووی نووسینی هه موو چه وره روشنبیریکی سپی کردوته وه.) ( وشه کانی نیوان داشه کان له نووسینه که ی (ریبوار) وه وه رگیراون.)

(به و شیوه یه ی پیتان خوشه هه لسوکه وتتان له گه لدا بکری، به هه مان شیوه ره وتار له خه لکیدا بکه ن.) با ره فیق سابیر ئه و قسه یه ی مه سیح له به رچاو بگری و له مه ودوا جنیو به که س نه دات. وه ک چون هه ستی ناسکی ئه و به: سیسارکه که چه له.شیعریکی که زال ئه حمه ده بو ره فیق سابیری گوتووه.بریندار ده بی، خه لکیش به جنیوه کانی وی بریندار ده بن.

## که مال میراوده لی

ئه میش له بواری شه ره جنیودا جی ده ستی دیاره وله خوت و خورایی خوی به سکرتیری یه کیتی نووسه رانی کودرستانیش ده زانی، ( ٦) به لام که ی؟له کوی؟ چون بوو به سکرتیر؟ هیشتا به نهینی ماوه ته وه! که مال یه که مین ( سکرتیره )جنیوی له بابه تی: (دووسه ران، بوشبیران، خه سیو، سووک، که م، خوفروش، دوورله شه ره ف، بی هه لویست، میش، ئه ندازیاری خیانه ت، په یامبه ری جاشایه تی، چاوشور و ده بابه خور.) (۷)به ئه ندامی سه ندیکاکه ی خوی ئه دا!. ئه مانه ته نها مشتیکن له خه رواری جنیوه کانی . .

که مال هه ر به جنیوه کانی خوی ئارام ناگری و هه ر که سی جنیو به نووسه ران بدات، بوی بلاوده کاته وه. یه کیک له هاوجنیوه کانی د.ده رسیم عه زیزه و به رووناکبیران و نووسه ران ده لی: ( کلاش له سه ر، بووده له، پیلاو هه لگر، رسوا، فشه روونا کبیر، کاسه لیس، پیلاودانه ر، میسواگچی، نوکه ر و سووک.) ( ۸)

یه که مین جار که ئیبراهیم ئه حمه د سه ردانی مه د تی ڤی کرد، ( دلبه خوین) پیشوازی لی کرد و که مال میراوده لیش جانتای بو هه لگرتبوو، ته له فزیونی مه د ئه م پیشوازی و جانتاهه لگرتنه ی هه ر له فروکه خانه ی بروکسله وه تا ستودیوکانی، ،به زیندویی نیشان دا و منیش یه کیک بووم له له شکری بینه ران. ره نگه که مال خوی ئه مه به یه کیک له سه روه ریه کانی بزانی، منیش هینده (ره فیق سابیر باشی بو چووه) فه قیرخه یالم به نه نگیی تی ده گه م. یه ک دوو مانگی له مه وبه ر به کر شوانی له مه د تی ڤی به رنامه یه کی به ریوه ده برد و یه کی له میوانه کانی که مال میراوده لی

بوو. کەمال بە پیچەوانەی جارانیەوە سەبارەت بە پدک زور دلوڤان بوو. زانیم ئەو ماستە بی موو نییە، دواتر بوم دە رکە وت  بە هیوایە یە کی بی لە ئە ندامی ئە نجومە نی ئاشتی و تە بایی بو لای بارزانی، کە ( رە فز) ی بو هاتە وە، خوی دایەوە جنیو بە پدک دان. مامجەلال وا راهاتووە لە کاتی بادانەوەی وەهادا پەنا بو: (عادت الحلیمە الی عادتها القدیمە) دە با.

پاییزی رابردوو برادە ریکی سە ر بە پ ک ک پیی گوتم: ئە گە ر نیازت هە یە (خە رمانە ) بخە یە وە گە ر، لە رووی داراییە وە پشتگیریت دە کە ین. منیش گوتم زور سوپاستان دە کە م جاری نیازی وام نییە. گوتی تو زور سە یری، کە مال میراودە لی بو هە تاو داوای یارمە تی کرد، ئیمە رە فزمان کرد.

کە مال لە م دواییە دا چوو بوە لای دە ستە ی نووسە رانی ( پە یام) و پیشنیاری کرد بوو پە یام و هە تاو ببن بە یە ک، لە کن ئە وانیش رە فزی بو هاتبووە وە.

کەمال میراودەلی تا ئیستا چەندجاری چاوپیکەوتنی لەگەل تاوانکارانی جەنگ: نەوشیروان مستەفا و جەبار فە رمان دا سازکردووە، یە ک ژمارە یشی هە تاویشی بو داکوکی کردن لە جاشە سورچیە کان تە رخان کرد و گە لی جاریش هە ولی داوە وتوویژی لە گە ل مامجە لالدا بکات و بە لام هیشتا بە خت یاری نە بووە. ستانیسلاڤ جیریزلیک کە شاعیریکی پولونییە دەلی: (کا: لای عاشق و لای ئەسپ هەمان بونی نییە.) بویە ئاساییە من و کەمال جیاواز شتەکان هەلبسەنگینین.

رەفیق سابیر و کەمال میراودەلی پاکانە و ماستا و بو بەشیک لە سەرانی کورد دە کە ن و جنیویش بە زوربە ی نووسە رانی کورد دە دە ن، ئە مە ئە گە ر رە نگدانە وە ی گە ران لە دووی بە رژە وە ندیی تایبە تی نە بی، ئە وە بویریش نییە وە ک بانگە شە ی بو دە کە ن.

## هاشم کوچانی

ئە و جنیوانە ی بە نووسە ران دە درین، سە رە تا کە مال لە هە تاودا و دوباتریش رە فیق لە رابووندا بلاویان دە کاتە وە، ئە و جووتە بە هوی نووسینە کانیانە وە وە ک دوو شاسواری گورە پانی جنیودان ناوبانگیان دە رکردووە، بە لام چی هاشم کوچانی لە گە ل ئە و دوو جنیوفروشە دا کوکردوتە وە؟ ئایا ریکە وتە شە ش حە وت سالە هاشم هاوکاری ئە و دوو جنیو فروشە یە؟ ئومید دە کە م ئە و گوتە یە هە لە بی کە دە لی: ( پیم بلی دوستە کانت کین، پیت دە لیم تو کیی)

هاشم کوچانی بە وە نابیتە نووسە رکە لە لاپە رە ی یە کە می رابووندا ناوی لە ژیر ناوی دوو جنیوفروشدا بنووسری، بە لکو تە نها بە رهە می خوی بریار دە دات، نووسە رە یان نا؟ بە لام پرژە ی چلکاوی جنیوە کانی رابوون بە ر ئە ویش دە کە ویی و کەمال و رەفیق بە دوو جنیونامەکەی سەرەتا و کوتایی ژمارە بیست و چواری رابوونیان کلاویان لە سە ر ناوە، بە هیوام سە ری بو کزنە کا.

لە هاشم کوچانی دە پرسم: تو و کە مال میراودە لی ئە ندامی دە ستە ی نووسە رانی هە مان گوڤارن، کە ئە و بە بە رچاوی تووە دە روزە ی سوزی بکوژانی محە مە د حە للاقی نزیکترین هاوریت دە کات، ویژدانت هیچ ئازارت نادا؟

چونکە کە مال جنیوە کانی بە ناوی ئاشکرای خویە وە بلاودە کاتە وە، کە متر ریشی هاشم دە گرنە وە، بە لام رە فیق کە لە رابوون دا و بە ناوی خوازراوە وە جنیودە بە خشیتە وە، هاشم کوچانیش دە خاتە سە نگە ری خویە وە.

# کەرویشکەکەی ناسر حەفید

لە ل ٥٢ ی ژ: ٢ ی کونتراکت دا ناسر حە فید باس لە ناتە بایی نیوان هە لویست و نووسینی رە فیق سابیر دە کا و پیی سە یرە ناوبراو بە نووسین: نیچیرە وان بە عودە ی و گولان بە بابل دە چوینی و بە کردە وە یش دە ستگای گولان کومە لە شیعری بو چاپدەکا. رەفیق لە وەلامی ناسردا دەپرسی: (کەسی خوی بە مروڤیکی جدی و ئیمامی مورال بزانیت و خە لکی بە بی مورال و دووروو تاوانبار بکات، چون فاکسیکی پر لە دروی جنیوفروشیک دە کاتە سە رچاوە؟)

ئە مە دە قی فاکسە کە یە: ( رە فیق سابیر ئابی ١٩٩٤ لە ل ١٢_ ١٧ی ژ:١٢ی رابووندا نیچیرە وان: بە عودە ی، گولان: بە بابل، سە رو قادری سە رنووسە ری گولانیش: بە قە لە میکی: خویری ناو دە با، لە ئابی ١٩٩٧یشدا لە و عودە ی و بابل و خویرییانە ( خوی گوتە نی) دە پاریتە وە دیوانی بو چاپبکە ن! رە فیق لە لایە کە وە( لە سوید) دە چیتە خزمە تی کوسرە ت رە سول و پاکانە لە کوردستانی نوی دا بلاودە کاتە وە، لە ولایشە وە پیوە ندی لە گەل دە ستگای گولانی ( خوی گوتە نی) سە ر بە پاراستندا دە بە ستی؟)

یە ک وشە ی ناراست لە و فاکسە دا نییە، ئە گە ر نا با رە فیق دە ستنیشانی بکا. هیشتا رستە یە کی دروم نە نووسیوە، ئە گە ر دژی عە لی کیمیاویش بنووسم دروی بو هە لنابە ستم، هە ر لە بە ر ئە و هوکارە یشە رە فیق بالانسی لە دە ست داوە و جنیودە بە خشیتە وە، ئاخر ئە ویش ت س ئە لیوت گوتە نی: ( لە و جورە کە سانە یە کە بە رگە ی راستی ناگرن.) ئە و خوی لە لاپە رە یە کی بچوکدا نزیکە ی پە نجا جنیوی داوە کە چی خە لکی دیکە بە جنیوفروش ناودە با!

سەرو قادر لە وەلامی جنیوەکانی رەفیق سابیردا دەپرسی: (دووریش نییە ئیمە کرابینە قوربانیی موجامەلەیەکی پشتە وە ی پە ردە.... خوش نییە رە فیق لە سە ر حسابی ماندووبوونی ئیمە سە ودا و مامەلە ی خوی لە گە ل خە لکی تردا ساغ بکاتە وە. گولان: ژمارە ٣٥)

وشە نەنووسراوەکانی سەرو وەها دەخوینمەوە: رەفیق یەکیک بوو لە وانەی دەیانویست بالیکی حشع بو ناو ینک ببە ن، کە زوربە ی شیوعییە کوردستانییە کان دژی لە ینک دا توانە وە وە ستانە وە، ئیدی ئەویش پاشە کشیی کرد، ئە مە فاکتایە نە ک فانتاسی. هە ر بویە مام جە لال هاوینی ١٩٩٢ لە قە لاچوالان دواهە والی پیوە ندی نیوان رە فیق و حشع ی لە ئە حمە د بانیخیلانی پرسی بوو.

رەفیق لە نیشتیمان لە لایەن شیرکوی رونالدوی شیعری کوردییەوە گولیکی میژوویی لی کرابوو، بەو نووسینەی دەیویست لە مەنفا تولەی ئەو گولە بکاتەوە. نووسینەکەی ناسر حەفیدیش لە ناکوکیی نیوان رە وتار و گوتاری رە فیق سابیرە وە سە رچاوە دە گری، نە ک لە و فاکسە ی منە وە کە هیچی نویم تیادا نە گوتووە، تە نیا نووسین و هە لویستی رە فیقم بە راوردکردووە.

رە فیق دە لی: ( چاپکردنە وە ی کتیبە کە م لە لایە ن گولانە وە بو من جورە موفاجە ئە یە ک بوو، پیم ناخوش بوو.) ( ١٠)

رە فیق بە شانازییە وە لە هە ندی جی، باسی لە وە کردبوو، کە شاعیریکی (بە رزە فرە ) و هاوزە مان دیوانی لە هە ندە ران و لە کوردستان دیتە بلاوکردنەوە. موفاجەئەی چی؟ ئەدی خودی خوت بە نامەوە بو بەرپرسی دەستگای گولانت نە ناردبوو، تا بوت چاپبکا! موفاجە ئە بە کوردی کوتوپرییە، هە ر باشە تووشی صە دمە نە بووی کە بە کوردی: تاس، راتەکاندن، دلداخورپان و حەپەسانە. کە پیت ناخوش بوو، نەدەکرا وەک چون پشکو نەجمەدین حاشای لە نووسینیکی کرد کە گولان شیواندبوویان، تویش هە لویستیکی وات نواندبا؟ یان ئە گە ر فاکسەکە ی من و نووسینە کە ی ناسر حە فید نە بوونایە، ( بیدە نگییە کی پر مانای) دیکە ت هە لدە بژارد؟

رەفیق دەلی: (دوای راپەرین بە کوششی سەرو قادر... چەند ژمارەیەکی رابوون بە کوپی بلاوکرانەوە... من کتیبم ناردووە سە روی برادە رم بوم چاپبکا، بو گولانم نە ناردووە.) (١١)

ئە وی ١٩٩٧کتیبی بو رە فیق سابیر چاپکردووە، برادە رە کە ی سە ردە می فوتوکوپی نییە، بەرپرسی دە ستگای گولانە کە

تەلەفزیون، رادیو، چاپخانە و چەندین گوڤاری وا دەگریتەوە کە لە سنووری دەسەلاتی گەلی ولاتی ناوچەکە و هە ندیکی ئە ورو‌پایش بالاترە، سە رو قادر ئە گە ر بە هوی دە ستگای گولانە وە نە بی، بە چی دە توانی کتیب چاپبکا؟ سە رو برادە ری رە فیقە و ناوی دە نی: قە لە میکی خویری! گولان بە دولاری خیانە تی ئاب بە ریوە دە چی و یازدە هە مین کتیبی بلاوکراوە ی دیوانیکی رە فیقە!

رەفیق سابیر پیشتریش سالی ١٩٨٩دوو هەزار و پینج سەد دولاری چلکنی لە ریکخراوی دیمە شقی حشع بە قە رز وە رگرت، بە و مە رجە ی لە سوید بیداتە وە، نە ی دایە وە و بە دراوی عیراقچییە کان هاتووە و سە رقالی کوردستانی بوونە!

رەفیق دەلی: (بە تەلەفون بو ناسر حەفیدم رونکردەوەکە ژوانی رووناکیم بو دە ستگای گولان نە ناردووە. هە تاو ژ: ٢٢ )

ئە دی بوچی متمانە ی پی نە کرد و ( تاوانی بی مورالی و دوورووییی دایە پالی؟ هە تاو ژ:٢٢ ر. س کە رویشک دە رچوو یان ناسر حەفید؟) تو بلیی هیچ پیوەندی بەو ناکوکییەی نیوان رەوتار و گوتاری رەفیقەوە نەبی؟ جەواهیری دەلی:(مەحالە ئینسان ببیتە شاعیر، ئەگەر ژیان و گفتاری ناکوک بن. بروام بەو شاعیرە نییە ژیانی شتی بی و نووسینی شتیکی تر. دوورتر دە روم و دە لیم: کە سایە تی شاعیر لە شیوازی دە ربرینی گرنگترە.) (١٢)

رەفیق سەبارەت بە کاروان عەبدوللایش راستیی بزردەکا، ئاخر هەر سەرو قادر، کاروانی ئەندامی دەستەی نووسەرانیشی کردە سەرنووسەری کاروانی سەر بە وەزارەتی روشنبیریی لە کوردستان. لە وە لامی ناسر حە فید و لە ( دیدار) ە کە ی هە تاودا، رە فیق بە ناوی ئاشکرای خویە وە نووسە ری ئە م دیرانە ی پی: ( نووسە روکە یە کی شە رفروش و دروزنیکی جنیوفروش و حوسالەیەکی روشنبیرە.) حوسالە بە کوردی: گەجەر و گوجەر،هەرچی و پەرچی، چەورە، شەللاتی و چەقوکیشە. رەفیق پیشتر بە ناوی خوازراوی (ریبوار) یشەوە، هەر ئەم جنیوانەی دابوو. رەفیق تا پار هاوینیش جنیوی نەدەنارد، کە لە ٢٨_ ٧_ ١٩٩٧دا ژووانی رووناکیی چاپی سویدی بو پوست کردبووم لیی نووسی بوو: ( برای بە ریز کاک:____) کە لە ٢٥_ ٤_ ١٩٨٩دا لاوکی هە لە بجە ی لە شامە وە بو ناردبووم لیی نووسی بوو: ( برا و هاوریی شاعیرم...) کە لە ٦_ ٨_ ١٩٩٠دا کاروانسە رای بو رە وانە کردبووم لیی نووسی بوو: ( هاوریی هیژام کاکە...) کە لە ٢٤_ ٥_١٩٩٣دا وەرزە بەردینەی بو هەناردبووم لیی نووسی بوو:(برای بەریزم کاک...) لە ل: ٩١ی یەکەم ژمارەی رابووندا، بەهاری ١٩٩١نووسی بووی: (خەرمانە دەرچوو، برادەری شاعیر حەمە سەعید حەسەن سەرنووسەریتی.)

کە واتە لە نیوان سالانی ١٩٨٩_ ١٩٩٧ دا: هاوری، برا، برادە ر، کاک، کاکە، هیژا، بە ریز و شاعیریش بووم، کە چی ئە وە چە ند مانگیکە بووم بە: (حوسالە، کولکە شاعیر، نوسە روکە و چل جنیو و ناتورە ی تریش) بە لام فە رهاد شاکە لی بە پیچەوانەی منەوە بە گویرەی هەلسەنگاندنی رەفیق سابیر لە سالی ١٩٩١دا :(دەمشر، شەرفروش و ئاستی کومە لایە تی نزم) ( ١٣) بووە، کە چی لە م دوایییە دا بووە بە: ( برادە ریکی هیژای) ( ١٤) وە ک دە ردە کە وی هە تا دی من بە ناخی قوردا دە چم و فە رهاد شاکە لیش بە ردە وام گە شە دە کا.

ئەوانەی رەخنەیان لە رەفیق هەبی لە باشترین حالەتدا: (دەستەیەک کولکە نووسەر و ئینزیباتی فیکرین) (١٥) ئە گە ر نا: سە ر بە چل و قسوور جنیوە کە ن، پیم سە یرە ئە ویکی (خوی گوتە نی) بەرزە فر، وە لامی ئە و ئاستنزمانە دە داتە وە! هە ق نییە. من گە رچی بە رزە فریش نیم گە لی قە لە مداری سە ر بە ینک یش دە ستریژی جنیویان لی کردووم، بە لام گوران گوتە نی: ( لییان نە هاتوومە دە نگ و لیی گە راوم هە رخویان هە ردوو تە رە ف بن.) تاقە کە سیکی سە ر بە ینک کە دژی نووسی بووم و جنیوی نە دابوو، گە لاویژ بوو، بە لام ئە ویش لە بلاوکردنە وە ی ئە و ساتیرە دا کە دژی مە لا بە ختیار نووسی بووم و ریکخستنی ئە ورو‌پای ینک ناوی ئیمزاکە رانی هاوارنامە کە ی پیوە لکاندبوو، دریغی نە کرد، ئە و ئە رکە میژووییە لە باکووری ئە وروپا شیرکو بیکە س رای دە پە راند.

## ره‌فیق ( سا )بیره‌وان

(من فه یله سووفم به لام ئه گه ر پیویستی کرد شاعیریشم. به شیر موشیر.)

له ل: ١١ی هه‌تاوی‌ژ:٢٢دا ره‌فیق سابیر به‌ناوی (په‌یامنیری هه‌تاو له سویده) وه که خودی خویه‌تی، دیداریکی له گه ل خویدا سازکردووه و هه ر خوی ئه م ناونیشانه ی بو هه لبژاردووه: ( دیداریک له‌گه ل شاعیر و بیره وان ی گه وره ی کورد دکتور ره فیق سابیر) هه ر له و ( دیدار) ه دا خوی له ستایشی خویدا ده لی: ( له مه یدانی شیعردا هه نگاوی گه وره م ناوه، خاوه نی ریبازیکی تازه و تاکم له شیعری کوردیدا، زمانم گه یشتوته پوپه ی شه فافیه ت و رووناکی و ئاوینه یی، من خوم به شاعیری چونایه تی ده زانم نه ک چه ندایه تی و پشتم به روشنبیرییه کی قول به‌ستووه.) هه ر خوی سه باره ت به (ئیمپراتوریای لم) که دوا به رهه می خویه تی، ده لی: ( کاریکی فیکری به رز و نایاب و لیکولینه وه یه کی میژوویی و کومه لایه تی قووله. هه تاو ژ: ٢٢)

له هه مان ژماره ی هه تاو و له وه لامی ناسر حه فیددا ده نووسی: ( من شاعیریکی ناسراو و نووسه ریکی پر به رهه مم، هه ندی که س ئه مه یان پی ته حه مول ناکری.)

ره فیق وا راهاتووه، خوی گه وره و که سانی دیکه بچووک ببینی، سه رنج بده ن چون خوی هه‌لده کیشی: ( به شیکی زوری شاعیرانی کورد ئاستی روشنبیرییان نزمه. یان: ئه‌وانه‌ی له ئه‌وروپا گوڤار و روژنامه ده رده که ن، زوربه یان ئه سله ن کوردی نازانن.)( ١٦ ) به مه رجی یه کی له و ئاست نزمانه به کوردییه که ی دوا به رهه می ئه م بیره وانه دا چوته وه! ره فیق پیی وایه به وه گه وره ده بی که سووک سه رنجی نووسه رانی دیکه بدا، به لام راستییه که ی گه نم که گوله که ی پووته، قنج و قیته، که پرده بی، سه رداده نه وینی.

ئه نوه ر مه سیفی له هه لسه نگاندنی دوا کومه له شیعری ره فیق سابیردا ده نووسی: ( فورمی شیعری ( ژووانی رووناکی) له فورمی ئایدولوژیاوه نزیکه و دریژه‌پیدانی فورمی سه‌ره‌تای حه‌فتاکانه. ره‌فیق راسته وخو گوتاری شیعری خوی ره سم کردووه، شیعری زیتر بو گورانی ده شی و به شیوه یه کی فولکلوری ته عبیر له غه ریبی ده کا.) ( ١٧ )

ره فیق شاعیره، به لام ده ستی که له گه ترین شیعری ناگاته داوینی شیعره جوانه کانی محه مه د عومه ر عوسمان، قوبادی جه لیزاده، جه مال غه مبار، نه وزاد ره فعه ت، که ریم ده شتی و ئاراس عه بدولکه ریم.

ره‌فیق له ناکاو له بیری ده‌چیته‌وه که بیره‌وانیکی گه‌وره وشاعیریکی به‌رزه‌فره، بویه ده ست ده کاته وه به جنیودان و ده‌لی: (ژیانی روشنبیریی کورد ئاست نزم و بوگه‌نه، ئه‌ویشی ره‌خنه‌ی لیگرتووم: حوساله یه، کولکه یه و بازرگان. ژ: ٢٢ ی هه تاو)ئاخر قاره مانی ساخته، ته نها له ریی سرینه وه ی که سانی دیکه وه سه رهه لده دا. (١٨) حه زره تی نالی ده فه رموی:

هه رکه سی ئیظهاری دانایی بکات و مه قصه دی

خودپه سه ندیی بی یه قین ئیظهاری نادایی ده کا.

به‌وه‌ی که ده‌لی: ( زمانی شیعرم شه‌فاف و ئاوینه‌ییه) ره‌فیق یه‌که‌مین بیره‌وانه، پیی وابی ئاوینه ش شووشه ئاسا شه‌فافه! له‌م سالانه‌ی دواییدا سی ئه‌دیبی ئه‌فریکایی خه‌لاتی نوبلیان وه‌رگرت: ( سونیکا ٨٦، نه جیب مه حفوز٨٨، نادین گوردیمیر٩١) ئه گه ر سالی داهاتوو نوره ی ئاسیا بی و ره فیق سابیریش خوی گوته نی: ( شاعیریکی وا به رزه فر و بیره‌وانیکی وا گه‌وره بی) ئه‌وا ئه‌ندامانی ئه‌کادیمیای سویدی له‌ویان له‌بارتر ده ستگیرنابی. ئه وانیش سه یرن به ئوکتاڤیو بازی ده‌ده‌ن، هه‌ر شاعیره، به ره‌فیقی ناده‌ن هه‌م شاعیره و هه‌م بیره وان! عه بدولمه لیک گوره که ی بیته جیژوانی رووناکی ده یگووت: خه لکی کورد سه یرن، دوای مام جه لال ده که ون هه ر پاریزه ره، دوای من ناکه ون، هه م پاریزه رم، هه م ئه فسه رم!

ره فیق ده لی: ( چونکه من وه ک شاعیریک و نووسه ریک زیاتر بو کاری روشنبیری ده ست ده ده م... بریارم دا ده ست له

کاری پارتایه تی بکیشمه وه هه تاو ژ: ۲۲)
ره نگه نووسه ری ئه م دیرانه یه که م که س بووبی، به نووسین داوای له ره فیق کردبی: (شه قیکی توند له توپی سیاسه ت هه لبدات)( ۱۹) به لام شه قه که ی (گه ر به راستی بی) زور دواخست. پاش چی؟ پاش ناردنه وه ی محه مه د حه للاق بو کوردستان و به کوشتدانی؟ ئاخو کوره که ی ئایشه گوله یش مافی ئه وه ی نه بوو له بری ئه وه ی له ژیر ئه شکه نجه دا بکوژری، وه ک ره فیق له سوید بژی و ناو به ناو یه ک دوو ( بیره ی پریپس بخواته وه؟) ( ۲۰)
ئاخو ره‌فیق که ته‌وقه له‌گه‌ل بکوژانی محه‌مه‌د حه‌للاقدا ده‌کا، خوینی گه‌شی ئه و هاوری دیرینه ی به ده ست و په نجه ی خویه وه نابینی؟ رازیم ده ستم ببرنه وه، به لام ته وقه له گه ل بکوژانی هاوریکانی خومدا ناکه م.

## راستییه خه‌مگینه‌کان

ره فیق نامه بو خوی ده نووسی و به بالای خویدا هه لده لی! دیدار له گه ل خویدا سازده کات و خوی ناوده نی: بیره وانی گه‌وره! به ناوی ئاشکرای خویه‌وه ده‌نووسی: نووسه‌ریکی پربه‌رهه‌م و شاعیریکی ناسراوم! جنیو به ده ستگای گولان ده دات و دیوانیشیان پی چاپده کا! به ده یان جنیو ده به خشیته وه و خه لکی پی جنیوفروشه! بروای به حشع نامینی و تا ته واوکردنی خویندنی بالا و وه رگرتنی کریی سه فه ر بیده نگی هه لده بژیری! جنیو به هاوری دیرینه کانی خوی ده دا! له تکردنی حشع له ینک به قونته رات ده گری! ناره زایی ده رده بری و لیبی پاشگه زده بیته وه! فیل له ئه ندامی ده سته ی نووسه رانی خوی ده کا! ته نانه ت به راوه ژوو سوود له شوکردنه وه ی دایکی شاعیریکی ناسراو وه رده گری! (۲۱) جنیو بو که‌س و کاری ئه‌وانه‌یش ده‌نیری که ده‌ویرن ره‌خنه‌ی لی‌بگرن! ئایا ئه‌مانه لای که م ره نگدانه وه ی سه رلیشیواوی نین؟ ناپرسی بوچی بالانسی تیکچووه؟
کیشه‌ی نیوان من و ئه‌و، کیشه‌ی نیوان دووکه‌س نییه، کیشه‌ی نیوان دوو هه‌لویست، دوو گووتار، دوو روانگه‌ی جیاوازه، که چی ره فیق وا ده په یڤی، وه ک کیشه ی تایبه تیمان له نیواندا هه بی!
ره‌فیق جاران جنیوفروش نه‌بوو، له‌وساوه ئاشنایه‌تی له‌گه‌ل کولتووری ینک دا په‌یداکردووه و له‌سه‌رچاوه‌ی ناسیونالیسته به رچاوته نگه کان ده خواته وه، ئه و هونه ره فیر بووه. ره فیقی ئیستا ئه وی وه ک خوی بیرنه کاته وه ،سووک سه رنجی ده دات و به کولکه، گزگل، سفری دوای ویرگول و کافری ده زانی و ره جمی ده کا! ئه مه یش لایه نیکی گرنگی دیکه ی کلتووری ینک ه.
پیست سپی و پیست ره ش، جووله که و دیان، گوشتن و لاواز، که له گه ت و کورته بالا، ماموستای زانکو و کولکه خوینده‌وار، بیره‌وان و ئاشه‌وان هه‌ر هه‌مان مافیان هه‌یه. ره‌فیق پازده بیست سالیکه له ئه‌وروپایه و تازه منی ناچارکردووه ئه م قسانه ی بو بکه م! با حشع قوتابخانه که ی دابخات، ئه گه ر به چاره‌که سه ده یه ک نه ی توانی هاوری ره فیق فیری ئه وه بکات، که به هه مان چاو سه رنجی ئینسانه کان بدات. ئایا یه شار که مال به ده یان شاکاری نووسیبی و له‌سه‌ر ئاستی جیهانیش ناسراو بی، مافی ئه‌وه‌ی هه‌یه به حه‌مه که‌ریم عارف بلی: گزگل ! به وه دا ره فیق له گوڤاری ( دیدار) ی لاوانی کوردی سویدا( ریکلام) بو بیره‌ی پریپس ده‌کا، ده‌شی ( بیره‌وان) له ( بیره )وه هاتبی. فه یله سووفی ئیسپانی ئورتیگا گاسیت ( ۱۸۸۳_ ۱۹۵۶) ده لی: ( هونه ری نوی له سه ر حه وت کوله که به نده، یه کیکی گرنگیان: بایه‌خدانه به لایه‌نی گالته‌جاری.) له‌و روانگه‌یه‌وه هه‌ندی جار په‌نام بو ساتیر بردووه، ئه‌ویش به‌و مه به سته ی رووی خه مباری راستییه کان به زه رده خه نه یه ک بگه شیته وه.

## سەرچاوەکان:


١_ 90 TAL nr: 23&24, s. 106, 1998 Stockholm

٢_ سە رو قادر لە بارترین هاندە ر گولان ژ: ٣٥ هە ولیر ١٢.١٥_١٩٩٤.

٣_ نە وشیروان مستە فا پە نجە کان یە کتری ئە شکینن ل ٣٠٩.

٤_ عبدالعزیز حمودە من البنیویە الی التفکیک ص ٢٨٨ نیسان ١٩٩٨الکویت.

٥_ فاضل العزاوی جیل الستینات فی العراق ص ٢٢١ دارالمدی ١٩٩٧ دمشق.

٦_ هە تاو ل: ٣ ژ: ١٣ و ١٤ی مای و یونی ١٩٩٧ لە ندە ن.

٧_ رابوون ی ژ: ٢٤ و هە تاوی ژ: ٢٢.

٨_ هە تاوی ژ: ٢٠ و ٢١ ١٩٩٨.

٩_ رە فیق سابیر کە رویشک دە رچوو یان ناسر حە فید؟ هە تاوی ژ: ٢.٢.

١٠_ دیداریک لە گە ل شاعیر و بیرە وانی گە ورە ی کورد د. رە فیق سابیر هە تاو ژ: ٢٢.

١١_ سە رچاوە ی پیشوو.

١٢_ ادونیس النص القرانی و افاق الکتابە ص ١٥٤ بیروت ١٩٩٣ دار الاداب.

١٣_ بە ربانگ ژ: ٦٩ ل ٥٣ دیسە مبە ری ١٩٩١.

١٤_ ر. سابیر روونکردنە وە یە ک کوردستانی نوی لە ندە ن ٢٣. ١. ١٩٩٨.

١٥_ ر. س کە رویشک دە رچوو... هە تاوی ژ: ٢٢.

١٦_ مە لبە ند ژ: ٨٠_٨١ ل ٢٤ ی نیسان و مایسی ١٩٩٧ لە ندە ن.

١٧_ رامان ل ١٩١ژ: ٢١ ی ئازاری ١٩٩٨ هە ولیر.

١٨_ ل ٩٧ سە رچاوە ی پینجە م.

١٩_ حە مە سە عید حە سە ن گورانییە بالنە کراوە کان ل ٥٨ ئاپیک ٩٩٤ سوی.د

٢٠_ دیدار ژ: ١٢ و ١٣ی سالی ١٩٩٤ ی یە کیتی لاوانی کورد_ سوید.

٢١_ حە مە سە عید حە سە ن شیعر و تە ور ل ٣٢_ ٣٩ ئاپیک ١٩٩٨ ستوکهولم.


***

# برینێکی هانابەر عەودالی ساریژ بوونە

بژار

له هه ر شوینیک
کلیلی زوان، ده رگای ناخت ده کاته وه
پشکو ده نیی
به جه نگه لی ئومیدته وه و
ئه سپی دلت له شه وگاری ژین، بار ئه که یت
بیشه یه کی چروپری برینیت و
هه ر به ته نیاش ژوان له گه ل ئازار ئه که یت.
که سیک نیه
له و په رتووک و نامیلکانه ی
له سه ر
ره فه کانی ده روون هه لچنراون
دانه یه کیان دابگریت و سه یری بکات.
که سیک نیه
بچیته ناو ده ریاچه که ی چاوانته وه و
له شه پولی غه مه کانی تو تی بگات.
تو ئاماده ی
له قیتاری مه رگی خوتا
دانیشیت و، ره گی نا سورت هه لکه نی!
تو ئاماده ی
به له ش ده می شمشیره کان
هه لگریت و، به رگی برسیتی داکه نی!

زور چوله که ی پرسیاری تو
حه زیان کردووه
له هیلانه ی بیری خه لکا بنیشنه وه؛
به زور شاخی وه لامیشا
خوت و بیر و لیکدانه وه ت
چوونه سه ری و به ربوونه وه؛
رات کرد به شوین چاره سه را
به لام "چاره" له "مه حال" ا خوی شارده وه؛
راتکرد به شوین "خوگرتن" ا
به لام ئه ویش
زنجیره که ی ده ست و قاچی خوی نارده وه.

ئاواته کان
به زیندویتی خرانه چال
بویه ئاوا، ژانه کانت
میوانیکن، خانه خوییان جی ناهیلن
ساته کانیش به تیکرایی
ده ست و په نجه ی روژگاریکن
له گولزاری بیره کانتا، گولی خوزگه ت پی ناهیلن.

***

چووبوویته لای ئه و که سانه ی
لا یان وایه کوردایه تی
شوره بی یه و جاربه جاریک ئه گریجه که ی لا ئه دات و
به ده م بزه و
هه لفر ینی پوله که وی نیگایه وه
ئاوی جوگه ی بیره کانیان ئه خواته وه؛
ئه و که سانه ی لایان وایه کوردایه تی وه لامیکه
بوخچه ی هه موو پرسیاره کان
له فارگونی قیتاریکی شه ق وشری
له کار که وتووی دوو هه زار و پینج سه د ساله ده کاته وه.
هانات کرده میرگی به هار
تاکو ئه سپی سه رنجیان بیت
له گیای مه رگه ساتت بخوات؛
بیره وه ری تفت و تالی
روژه کانت کرده چیای پیره مه گرون
تاکو هه وری گوی گرتنیان له سه ر لوتکه، بی، دابدات.
تو هه ناوت ئاوا فه رشی کاشانی بوو
چاوه روانی دانیشتنی وشه ی نه رمی ئه وانی کرد
که چی ئه وان
مانگی یه کی "ئه سپی سپی" و "چه قوی زه رد" (١) بوون
کریوه یان به ده ربه ندی خواسته کانی تودا ئه برد
پییان وتیت: پرسیار بو ئیش
مووچه نانی ته رکراوی تیری کونه،
له "قولینه" و "نانه شان"ی پشت هه یوانی
مناله گوندیکی "بیتوینی" ا
له سه رده می هه لهاتنی

رزگاربوونی ئه م خاکه وه! ئه ویش که رووی هه لهیناوه
وه ک جامانه دراوه که ی "عه به شیت"ی "به رده ره شه"
له چه ند لاوه،
ریگه و توونیل و ده ربه ندو
کلاوروشنه ی تی براوه.
پییان وتیت: ئه م باسانه
گر ئه خاته دارستان و ئه م ئه کاته
کراسیکی ئاودامانی به ر سامال و
ئا سووده یی له چاوانی پیشمه رگه دا رامال ئه کات
بو پچرانی که له پچه که ی
بابه گورگور، داری به روو، نه ریتی کون
چاوگه ی ئاوی "جومه ره سی" (٢)
ئه م خه باته ی ده یان ساله ی کوردایه تی لیخن ئه کات.
پییان وتیت: مه یته کینه
ئه و دره خته ی له سه رگردی خه یاله که ی تو رواوه
بیوه رینه ئه و جلوه یه ی
پیکه نینی ئه ستیره که ی گه لاویژه و
له گیانته وه شه پول ئه دا و
بو گابه ردی به ربناری شاخه کانی ئه م ولاته دانه کراوه.

***

چووبوویته لای ئه و که سانه ی لایان وایه
ئیسلام، کانیی قه دپاله کان،
ئاوی به لووعه ی ماله کان، پلوسکی ده م حه وزه کانه؛
هه ر کاتیکیش
ده م و چاوی ده روون، چلکی خه فه ت گرتی
پاک کردنه وه ی به و ئاوانه
وه ک ژماره ی
"نان"ی سه ره ت، لای نانه وای نزیک ماله که ت، ئاسانه؛
ئه و که سانه ی لایان وایه
ئیسلام میرگی لادیکان و
وه رزی سه وزی باخه کانه
هه ر په ستی یه ک هیرش بینی
ئه و لا فاوی بونی گوله و
به ته زبیح و به سیواک و به ماشه للا و به رمالیه وه

میوانیکی به ویقاری چه می وشکی دله کانه!
ئه و وشانه ی نیرگز بوون و
له باخچه که ی بیری خوتا گه وره بووبوون
بوون به شه تل و
له گوی چه می بیستنیانا رووانه وه؛
ئه و ئاخانه ی حه زیان ئه کرد سینه و گه روو به جی بیلن
هاتنه ده ری و له مه یدانی نیگای ئه وان گه شانه وه.
پارایته وه که تیت بگه ن
تو نه زوپای مزگه وته که ی "خانه قا"یت (۳) و
نه کووره ی پر له چلوسک و گرو پشکوی
حه مامه که ی "سابوونکه ران" (۴)
بوچی ئاوا
لیژنه داری وشکی مه راق، ئاگر بگری و کلپه بکات؛
نه شوفیری "گاران"یت (۵) و
نه فیته ری ژیر پیکابه شکاوه که ی "عه لی عه جه م"
بوچی نابی شه و تا به یان
هه وری خه ویک له پیده شتی چاوه کانتا
بارانیکی نه وروزانه ت بو دابکات.

پارایته وه
تا برسیتی له سه ر سفره به تاله که ی
هه موو جاری وه کو ژه مه رازاوه که ی سه یرت نه کا؛
تا له شکری سه رماوسوله ی
ئه م زستانی مه ینه تی یه
به سه رتاپای "که لیخان"ی (٦) گیانتا ئاوا هیرش نه کا؛
تو به و جوره وشه کانت فه رشی گولیان ئه کرده وه
بو پیشوازی له بریاری گه رم و گوریان
به لام ئه وان
له رووی ئه شک و ناله و خواست و پارانه وه ت
بوونه مه لای چه ک به ده ست و
بیشه رمانه ش که وتنه سه نگه ر لیگرتنیان.
پییان وتیت: ئه م با سانه
ده ست و په نجه ی مروفیکه
به خه لوزی ئاگردانی مه یخانه کان
وینه ی ئافره ت له په نجه ره ی مزگه وته کان ئه نه خشینی
سامی گه وره و

خه ته رناکی واشه یه کی شالاو به ره
"عایله مه نه" و "کلاو کووره" و
"په پوو"ی (۷) هه موو فه رمووده کان له دلمانا ئه ترسینی.
پییان وتیت: پرسیار بو ئیش
له که ی قوری ده م شه روالته و
له "به رمال"ی وه لامانا نویژکردنی قه ده غه یه،
که له شیری مل رووتاوه و شه رفروشی "دیوانه یه" (۸) و
ئه م خویندن و ده نگه به رزه ی به م ئیواره،
ناوه خته یه.

پییان وتیت:
باله خانه ی خه یالی پووچ، هه رزالی ئاواتی نه زوک،
مه رامی جرج له باوه شت،
سواری وته ی سه وداسه ری
کاری ئاسان، کاری سه نگین، کاری جیگیر، کاری گه روک
به لیزه ریک قورئان هینای
بو کوشتنی ئه و که سانه ی
پشتیان له هه تاوی دینه، بیسوتینه
با سه ر گیژ و، له ش.. که نه فت و
دل.. غه مبار و، سک.. برسی بی؛
گرنگ شه تلی گوله باخی ئه م دینه یه و
هه ربه ده ستی ئه م ته مه نه که م و کوره ش
تابوت ئه کری
له ده شتایی به رینی گیان، بیروینه.

***

چووبوویته لای ئه و که سانه ی لایان وایه لیبرالیزم
ئه کته ریکه له سه ر شانوی مه ینه ت ئاوای کوردستانا
دوور بی و نزیک
هه ر ئه گاته ئه و فرسه ته ی ئاوی زه لم
بینی و بیکا به سه ر ناخی په نگرئاوای هه ژارانا؛
ئه و که سانه ی لایان وایه
لیبرالیزم هه ناسه یه و ناکری به ناو
خانه کانی ئه م جه سته یه ی کومه لگادا نه یه و نه چی؛
یان شادیمان که گیراو ی

گرتووخانه ی کوردایه تی و "ئه وین"ی پان ئیسلامیزمه
هه ر به ته نیا هیزی ئه مه،
ریی بو ده کاته وه ده رچی.
تو به په نجه ی شمشالی دل
تویشه به ره ی باسه کانت
له پشتینه ی بیر کرده وه و داتنا له سه ر سینی ویژدان
له وه رزی ئه م وه یشومه یه و
له پاییزی ئه م ژینه تا
چی دره ختی ئه مه ل هه بوو هه مووت خسته گه لاریزان
تا بوت کرا زووخاوه که ت کرده حه وزی قوله تین و
به سه رهاتت به فه رشی گیاو شنه ی هه واو سیبه ری دار؛
له م لاوه ده نگ
بوو به شوولی
شی کردنه وه ی لوکه ی ژینت و
له ولا شه وه فرمیسک و چاو
ده ریایه ک و وتی که شتی سووری هاوار؛
ئه و لیوانه ی
له را ره و و حه وشه و ژووری ماله که تا
فوواره بوون بو قریوه، کاریزه بوون بو پیکه نین،
به لام ئیستا هیلانه ن بو "زه رده وه لی"
بی ئارامی بزه و زه رده خه نه ی غه مگین؛
ئه و روانین و نیگایانه ی رایان ئه کرد
شه وان به سه ر بالاکه تا و
سرک تر بوون له کارمامزی چیای سه فین،
به لام ئیستا چه ند کوتریکی
په روازکه ری سه ر بورکانی ژانه کانن و
به ده م ترسی سووتانه وه، ته نیا بو چه ند ساتیک ئه ژین
ئه و رویشتنه
به سه ر ده می زولفه قاری ئیسلامه کان
به ر "مه قسه له"ی تیژی حیزبه زه رد و سه وزه خیله کی یه کان
نا و زیندا نه عیراقی یه کان؛
بو هه والی سوراخی نان
نه خشه و پیلان بو هه ر ئیشیک
چریکه یه ک بخاته ئه م گوره ته نگ و شه وئامیزه ی
له کوردستان ناوی ده نین دلی ئینسان،
هه موویانت وه ک مه لو گیای"کانی ماسیان" کوکرده وه

راشت گه یاند چون بتکه نه نیرگزیکی ده شتی بازیان
یان بتخه نه به ر ده ساری مردنه وه.
له پاش ئه وه ی وشه کانت وه کو بوخچه کردنیه وه
له پاش ئه وه ی پیشانیاندا
ده رده کانت ئاشنایانه و تاسیکی سووک بردنیه وه
پییان وتیت: ئه م ولاته
بویه ئاوا
مروف تیایا خه لووزی کوانووی گه شی کاره ساته
چوونکه ئیمه
له جه نگه لی سیاسه تا، که رویشکیکی راونراوین
له ناو یاسا گشتی یه کان و
له سه ر کورسی دائیره کان
وه ک چوله که ی لانه شیواو، بیکه سین و ده رکراوین.
پییان وتیت:
ئیمه ده نگمان هه لبریوه، به لام گوی کان ئاخنراون!
ئه م ریگه یه ی تو ئه یبینیت
زور فرسه خمان لی بریوه
به لام ده رگای شارو لادی به رووماننا داخراون!
پییان وتیت:
گه ر ئه ته وی
به له میکی بچکولانه ی ده م زریانی "ئه تله س" (۹) نه بی
گه ر ئه ته وی
ئه م ئه شکه وتی حه سره تانه به جی بیلی و
له "یوکن"ی (۱۰)
ده رد و به لای کوردستانا، ریبواری ژیر هه ره س نه بی
له مه یدانی خه باتمانا
به ردی خوری ئیمه زوره، شووشه ی ئازارت بشکینه
له بناری ئه م هه ورانه
توش هه وره که ت جی که ره وه و
له گه لمانا، بی راوه ستان، بروسکه ی خوت بوه شینه!

***

تو ته نیایت و ته نیاییشت گه رداویکه
هه ر خول ئه خوا و بی ورنگ دان دیت و ده چی
نه ئه وه ته که شتی گیانت

وه ک هه لچوونی شه پولی خوی بخاته ناو ده روونیه وه
نه ئه وه ته ئه م که شتیه ش
چاروکه ی وه ک بالی هه لوی تیژره و به ده ربه ندی ته سکا
بینی و ببا و به نیوانی ریزه چیای
ئه م شه پوله هارانه دا ریی خوی بکاته وه و ده رچی.
تو ته نیایت و ته نیاییشت
له م زستانه ی "مانه توبا"ی (١١) کوردستانا
وا پالتاوی غه مه کانی بی کارانی مه یانه که ی سلیمانی له به رایه،
وا بلیسه و لرفه لرفی ئاگره کانی
ئه و ئافره ته سووتاوانه ی چرای دینیان پی داگرسا، له دلایه،
تو ته نیایت و ته نیاییشت
گه رده لوولی ویژدانیکه
به قه د وشه ی پرو پووچی فه رهه نگه که ی کوردایه تی
ته پ وتوزی ئاخ و ناله ی ئاواره کانی که رکوکی له کولا یه.

په راویز:

١ـ "ئه سپی سپی" و "چه قوی زه رد": دوو پایته ختی دوو سه رزه مینه که ی باکوری "که نه دا"ن.
٢ـ ئاوی جومه ره سی: ئاویکی سازگاری بناری "سورین"ه به دیوی عیراقدا.
٣ـ خانه قا: مزگه وتی "مه ولانا خالید" له سلیمانی.
٤ـ سابوونکه ران: گه ره کیکه له سلیمانی.
٥ـ گاران: شاخیکه له نزیک شاری "سنه"ه وه.
٦ـ که لیخان: له به رزترین شاخه کانی ده ور و پشتی شاری "بانه"یه.
٧ـ عایله مه نه، کلاوکوره و په پوو: سی بالنده ن.
٨ـ دیوانه: کابرایه کی پیر بوو له دیی "ئاسناوا" له ناوچه ی مه ریوان.
٩ـ ئه تله س: مه به ست له ده ریای ئه تله سه.
١٠ـ یوکن: یه کیکه له دوو سه رزه مینه که ی باکوری که نه دا.
١١ـ مانه تووبا: یه کیکه له ویلایه ته کانی که نه دا.

❊❊❊

# نه‌زمی نویی جیهان

رزگار عومه ر

که ده بینی ژیان پایزیکی
زور چلکن و بی شه رمه
لیم زویر نه بی... که له جیاتی ورده نان
مه مکی ژان
ده رخواردی مناله که م ئه ده م
خه تای من نی یه دله که م... گه رام
کووچه و کولانی بازاری فروشتنی مروف
گه رام
هیچ شتیکم ده ست ناکه وی
بو خواردنی مناله که م
بو شورینی رووی ئه م ژیانه
په رداخی له فرمیسکی خوم پی ناکری.

پیت ئه لیم: سه رسام نه بی که پیم ناکری
نه زمی نوی یه گوله که م
له سه ر برژانگ به ربه ست دروست ئه کری
له م خه ونه بی تام و ره نگه دا
خاوه نی خه ونه کانم
کاتی ده یه وی نوستنیکی تر
به زور به سه رم بسه پینی
چاوچنوکانه تیم ده روانی
ته ماشام ده کا... به ته مایه
دوشاو مژه یه ک له شووشه ی شیرینی ته مه نم بکری
وه ک روژی روون دیاره
دلوپ دلوپ ئاره قه ی منه
له لیکی ده می ئه و ده تکی

پیت ئه لیم:
دیلی ده ستی سه رسامی نه بی
که ئه م کریاره پیده که نی
زره ی زنجیری ده ست و پیم دی
نه زمی نوی یه گوله که م

بونی ئالتوونی ئه وان
له گولدانی ئیسقانی ئیمه  ده روی
که شیعری نه زوکی شیعرفروشه کان
له ئابروو یاخی ده بی
ئاشق به دولبه ری گیرفانی
کریاره کان ده بی
که سه روای شیعریان سه مای روژهه لاتی یه
ده نگی ته قه ته قی پیلاوی
بورژواکانی لی ده بیستری
بوچی له موزه خانه ی شه ره ف
به شوین پیی هه ولویست ده گه ریی؟!

پیت ده لیم: سه رسام نه بی
که شیعره کانی ئیمه
پیش ئه وه ی له کاغه ز بنووسری
خامه مان قاچاخ ده کری
نه زمی نوی یه گوله که م
لیوی شاعیرانی نان
به زنجیری ئازادی ئه وان ده به ستری

تشرینی دووه م ١٩٩١

***

# خولقینەر

خالید بایە زیدی (دلیر)

ئە و مروفە ی

کە خوای خولقاند...

خوا هات و بە دیلی گرت!

زنجیر لە مل و

کە لە پچە لە دە ست

پیی ووت:

ئە بی شە و و روژ کرنوش بە ری بو من

کە من خوای توم و

توش... خولقینە ری منی

ئە گینا لە ئاگری جە هە نە مدا

ئە تسووتینم!

***

# گەڕان بە شوێن ونبوویەکدا

عبدالله سليمان (مه شخه ل)

سه راب ... تراويلكه ی ديده ی خه مه شينه كانن و
له په نجه ره ی وردبوونه وه دين ناويكی نويت لی ده نين
جاری خه ج و جاريكی تر ده بی به روز Ross (١)
ديوی يه كه می نهينی ئه م ژيانه ت لی ون ده بی و
ديوی دووه م به نزگره و قرقينه وه
وه كوو گوشتی نه كولاو ده يجووی
ئه وه ی چوكی شل نه بووبی، له مانای پيشوو تی ناگات!
ئه وه ی سنگی نه كرابيته عه ماری هه ناسه ی ته زيو
قه د نرخی ئوخه ی نازانی!
ديويک... دوو ديو...
له م ديوه وه پيناسه ی خوت
خوا و خه لكی شار
ته فره و درو
له و ديوه وه، ژيانيكی پر ته مسيلی
شانوگه ری ئه وينی نو (٢)
ئه و كيله قه برانه ی چاويان تی بريوم
هيمای كوتايی هاتنی ژيانيكن
حه ق و ناحه ق تيكه ل بوونه
من ده گه ريم به شوين تودا
تو ليم هه لديی
من ده مه وی دژه كانت بو له يه كتر جوی كه مه وه
تو گوی و چاوی خوت داده خه ی
من ده مه وی بتدوزمه وه
ئه ی ون بووه كه ی شاتووی خه مم
توش راده كه ی
راده كه ی
را.

١_ روز، كچه پاله وانه كه ی فيلمی تايتانيكه
٢_ نو، به مانای تازه، نوی به كارهاتووه.

# بو منالانی سربیا و کوسوفو

حه مه عه لی حه سه ن

له نیوانی گه له گورگی جه نگه لی راوی ئازاد و
ریوی یه کی به جیماوی جه نگی سا ردا...
له نیوانی چزوی خیله دووپشکان و
کاژی مار دا...
ئاخو ئه مشه و
به ر له وه ی چاوی بی ئومید بچیته خه و،
باله ره نگاوره نگه کانی چه ند په پووله
به ئاگری ململانی له سه ر عه رشی حوکمرانی
بن ده وه نیک له م جه نگه له
ببنه سوتووی ئه و سیگاره ی
وا له سه ر لیوی شپرزه ی سه رکرده یه کی بوده له ؟!

ئاخو ئه مشه و
به ر له وه ی کیلگه ی گه نمی به ربه یانی روژیکی تر
بگاته به ر وه ختی دره و...
چه ند شکوفه ی چاوخه والوو ئه بنه خاک وخولی گلکو
به رمبازینی گایه لی گه وری ناتو؟!
ئه ی په پووله نه شمیله کانی سربیا،
شکوفه چاوخه والووه کانی کوسوفو...
له کریوه ی ئه م وه رزی مه رگه دا، منیش
دلم له گه ل دله بچکوله کانتانا هه لده له رزی و
ده ست و په نجه م له گه ل خه پله ی چنگ و په لتان
سه رمای ترس، سری کردوون، نایه نه گو...!!

***

# ئافات

مه ریوان رئوف

گه رده لوولیک دیت و ئه چی
توزی بیابانی جه هلی پی یه
له ته حه سیر، کوته په رو
بونی قه ره  م
درک و دالی ده شتی پی یه.
بی ته قه ... بی پرس
مال به مال مه ودایه کی به رین ئه بری
جار جاره یه ک سه رسم ئه دات
به بی وه ستان زور به په له
له و راستایه  تی ئه په ری.
به ره و خوار دی.. به ره و شار دی!
گزره گیای ده شت لوول ئه دات و
به لای چه پدا وه رئه گه ری.
وه ر ئه گه ری و
ریزه شریتی ناوچه رداخی
سه رزینانی پال که پره که ی به رئاوایی
لیک هه لئه بری.
به روه و خواردی... به ره و شار دی!
لوول ئه خوات... پیچ ئه خوات
به گور... خیرا ته وژم ئه دات
غه زه بیکی بی شه رم... هیرشیکی بی ئامان
دره نگ یان زوو
سه ری شوومی خوی تال ئه دات.
هانا! هانام بو تو هیناوه
ده ستم به دامینت به ری بگره
مه رگی پیشخه... پی هه لگره
منداله کان چاوه ریتن
فرمیسکی ترس له چاویاندا قه تیس ماوه
بویان بسره.
قوژبنه  تاریکه کان چاوه ریتن
چرای شادومانی داگیرسینه
بو نووسینی په یامه که ت
ستووونه کان ده ربهینه... سنووره کان بهه ژینه.

***

# "ئەلوەن و ئەم بەر و ئەو بەر"
(رانانی کتیب)

* ناوی کتیب: ئه لوه ن و ئه م به ر و ئه و به ر

* نووسه ر: سه لام عبدالله ئیبراهیم

* ناوه روک: رومان

* لاپه ره: ۱۱۰

* چاپه مه نی: ئینتشاراتی هانا

* چاپی یه که م، سالی ۱۹۹۸

* قیمه ت: ۷۰ کرونی سویدی به پاره ی پوسته وه

ئه سعه د حاج حه سه نی

وه کوو هه ر به رهه میکی تری هونه ری، ده کریت (و ده بیت) له لایه نی جوراوجوره وه رومانی "ئه لوه ن و ئه م به ر و ئه و بەر" بدریتە بەر لیکولینەوه. ئەمە کات و جیگەی تایبەتی خوی دەویت. لیرەدا تەنیا ئەو خالانەی وا وەک خوینەریک سەرنجی منیان راکیشاوه، دەخەمە بەرچاو و بە هیوام یارمەتیدەر و هاندە ری تیکوشانی داهینە رانە ی نووسە ر بیت.

دوای خویندنه وه ی ئاخرین دیره کانی رومانی "ئه لوه ن و ئه م به ر و ئه و به ر"، ئه وه ی وا به زوری له بیری خوینه ردا دەمینیتەوه و لە هەستدا تام دەداتەوه، زمانی سادە، خومانه و به هیز وپیزی نووسینه که یه. خوینه ر هه ست به نامویی ناکات؛ هه ست به وه ناکات که خه ریکه رومانیک ده خوینیته وه، به لکو وا هه ست ده کات له "ئه لوه ن"دا ئه م به رو ئه و به ر ده کات و له گه ل "ئه لوه نیه کان"دا خه ریکی هه ستان و دانیشتنه. رووداو ه کانی رومانه که و دیالوگه کان ئەمەندە روون و زیندوون که دەبنە تەجروبەی خوینەر خوی و لە هەست و بیریدا کاریگەر د ەبن و بی بیر لیکردنه وه، به رووداوه خوشه کان شاد ده بیت و له ناخوشه کان خه مبار؛ له ته ک ئه لوه نیه کاندا پیده که نیت و ده گریت.

* ئەلیی سەفەریکت کردووە لە "هەمەدان"ەوە بو کرماشان و قەسر و بەرەوخوار هەتاکو مەنەلی و خانقین و توزخرماتوز و تکریت و... بی ئه وه ی هیچ ژاندارمه یه کی سه رسنوور یان پولیسی نیوشار، یان عه سکه ری سه یته ره کان، سه عاتی سه دجار ریگه یان پی گرتبی و داوای سجیل و ته سکه ره و هه ویه و پاسپورتیان لی کردبیت.

خه لکیکی میهره بان و دلسوز له هه موو بواریکدا دین به ره و پیرت و ده تبه نه لای خویان و له قسه و باس و ژیانی خویاندا به شدارت ده که ن. حه ز و ناحه زی، ترس و ئازایه تی، خه نده و گریان و شادی و ناشادمانی یه کانیان به بی بەخیلی لە تەکتا بەش دەکەن. کەس لە کەس ناپرسیت کییت، لە کویوە هاتوویت و لە ئه لوه ن چ ده که ی. هه ر ئه وه ی که له ئه لوه نی به سه؛ پیویستیت به ته سکه ره و هه ویه و پاسپورت نیه. ئه لوه نیکی بی سنوور، بی په رچه م و بی زمانیکی نه ته وه یی!

ئینسانه کانت بو غه ریب نین. هه موویان ده ناسیه وه؛ جیرانیک، هاوگه ره کیک، دووکانداریک... دیته وه بیری خوینه ر. هەر وەک ئەو شارەی لیی ژیاوی؛ هەر وەک ئەوی کە کەس ریگا لە کەس ناگری لە بە ر ئە وە ی تورکە، کوردە، عەرەبە، فارسە یان... بەلکو لە ئامیزی دەگری لە بەر ئەوەی ئینسانە؛ گالتەی لە گەل دەگا، پرسی پی دەکا،

رینوینی لی وه‌رده‌گری و ئاره‌قیشی له گه‌ل ده‌خواته‌وه. ئه‌ری "ئه‌لوه‌ن" هه‌ر ئه‌و جیگه یه ـلادی یان شار، فه رقی نیه‌ـ ئیمه ش لیی ژیاوین.

له به ر ئه و هویانه ی سه ره وه، واته له به ر ئه وه ی ئه لوه ن هه م له ژیان و هه م له دل زور نزیکه، گفت و لفت و ری و ره وشتی وای تیدایه که بو مروفی ئه مرو ئه گه ر ئاره قه ی شه رم نه خاته ته ویل به لانی که مه وه سووری هه لده گه رینی. سووکایه‌تی کردن به ئینسان له هه‌ر کوی و هه‌ر جیگه‌یه‌ک بیت، ده‌بیت به‌رپه‌رچ بدریته‌وه. زمانی ئه‌لوه‌ن و وینه‌گه‌ری‌یه‌کانی هینده زیندوو و خومانه و له دله‌وه نزیکن که زور جار و له زور جیگه خوینه‌ر هه‌ست به بوشایی یه ک ده کات، هه ست به نه بوونی (ئه لوه نی یه ک) که پر به ده م بنرکینی و به ره نگاری ئه و شیوازه قسه کردنه بیت که بی حورمه تی یه به ئینسان. رومان و هه ر به رهه میکی تری هونه ری نابی گیرانه وه و وینه گه ری ده قاوده قی رووداوه کانی دونیای ده ره وه بیت. هونه رمه ند بویه ده خولقینی که داهینه ری ری و ره وشت و گفت ولفتی مروفانه تر و نابووتکه ری  نامروفایه تی بیت. له "ئه لوه ن  و ئه م و به ر و ئه و به ر"دا ئه و ده نگه بی هیزه.

له کوتایی دا ئه م پرسیاره دیته پیش که ئه م ئه لوه نه ی وا ئه وه نده میهره بان و دلسوز و خومانه یه کی یه؟ چی یه ؟ بیر و باوه ره، ئایینه، ئیمامه، ئیمامزاده یه... چیه؟ ئه وه ی راستی بیت بو من "ئه لوه ن" مانای هه ر ئه و چه مه ی بوو که له زه‌مانی زوو دا خه‌لک له ده‌ور و به‌ریدا کو ده‌بوونه‌وه و خه‌لکیکی باش بوون، پر له مروفایه تی. باشه ئه مه چ فه رقیکی هه یه له ته ک "داوودی که وسوار"دا. دواییش هه ستیکی وا ده ستی دامی که گوایه ئه‌لوه ن شتیکه له فه زا دا؛ به سه ر شاره که دا؛ له سه رووی هه موو شتیکه وه؛ له سه رووی ئینسانه میهره بان و دلسوزه کانی ئه لوه نه وه. ئه وانه ی وای پیی بزانن ده بنه ئه لوه نی و ئه وانی تر نه. له م حاله ته دا ئیتر ده بیته شتیک وه ک "نیروانا"ی بودا و "اشراق"ی صوفیانه. پیم وایه به ئه ندازه ی خوی، خوا و پیغه مبه ر و ئیمام و ئیمامزاده و شیخ... رواله تی مروف و مروفایه تی یان تیکداوه. مروفی ئه مرو ئیتر پیویستی به شتیکی زه مینی تره که پیویستی به شایه تمان نه بیت.

***

# "میدووسا به سه‌ر ئابیده‌ره‌وه"

## (ناساندنی کتیب)

* ناوی کتیب: مدوسا بر فراز آبیدر
* نووسه ر: شاهو پیرخضرانیان
* ناوه روک: رومان
* لاپه ره: ۱۵۸
* چاپه مه نی: ئینتشاراتی ناوه ندی لیکولینه وه ی کوردستان
* چاپی یه که م، سالی ۱۹۹۹
* قیمه ت: ۴۰ کرونی سویدی

ئه سه د نودینیان

"میدووسا به سه ر ئابیده ره وه" ناوی رومانیکه که "شاهو پیرخضرانیان" به فارسی نووسیویه تی و تازه بلاو بووه ته وه. ئه م رومانه له سه‌ر ئه‌ساسی رووداویکی دلته‌زین که له سه‌ره‌تای ساله‌کانی ۹۰ له شاری سنه‌دا رووی‌دا، نووسراوه. "سوببه" ، یه کیک له که سایه تی یه کانی سه ره کی رومانه که، ژنیکی گه نجه که به زور به شوو ده دری و به دوای زولم و زور و ئه‌زیه‌ت و ئازاریک که له لایه‌ن شووه‌که‌ی و بنه‌ماله‌ی دایک‌وباوکی‌یه‌وه پیی ده‌کری، د ه‌ست ده‌داته تاوانیکی سه رسورهینه ر و منداله کانی شووه که ی ده کوژی. "سوببه" خوی قوربانی فه رهه نگی ئیسلامی و پیاوسالارانه یه و ده ست دان به و تاوانه ، نه به هوی خه سله تی تاوانکارانه ی ئه وه وه، به لکو کاردانه وه‌یه که به رامبه ر به و وه زعه ی که تیبدا گرفتار بووه. نووسه‌ری رومان، ئاگاداری ئه‌م راستیه‌یه و بنچینه‌ی تاوان له په‌یوه‌ندی‌یه‌ کومه‌لایه‌تی‌یه‌کاندا ده‌بینی و هه‌ول ده‌دات باری تاوانه‌که له سه‌ر شانی سوببه بینیته خوار و سه‌رنجی خوینه‌ر به‌ره‌و هوکاری‌یه کومه‌لایه‌تی‌یه‌کانی ئه‌م کاره‌ساته رابکیشی.

بلاوبوونه‌وه‌ی هه‌والی ئه‌م کاره‌ساته له شاری سنه و شاره‌کانی‌تری کوردستان، زور زوو بوو به مه‌سه‌له‌یه‌کی کومه‌لایه‌تی و هه‌لویستی جوراوجوری هینایه روو. نووسه‌ر به شیوه‌یه‌کی سه‌رکه‌وتوانه، وینه‌یه‌کی روون له‌و کومه‌لگایه‌ی که کاره‌ساته‌که‌ی تیدا خولقاوه، ده‌خاته به‌رچاو؛ کومه‌لگایه‌ک که له زاتی خوی‌دا پره له کیشه‌ی چاره‌سه‌رنه‌کراو: ئه‌و فه‌زا کونه‌په‌رستانه‌یه‌ی که به سه‌ر کومه‌لگادا حاکمه و جوریک پاشه‌کشه و دواکه‌وتوویی فه رهه نگی به سه ر خه لکدا داده سه پینی و هه روه ها جه وی سیاسی زیندوو و هه لسووراو به هوی ئاماده یی جوولانه وه ی کریکاری و کومونیستی.

هینانه سه ر کاغه زی ئه م به شه له میژوو، یه کیک له و بوشایی یانه پر ده کاته وه که له ئه د ه بیاتی کریکاریدا سه باره ت به جوولانه وه ی کریکاری_کومونیستی کوردستان، به رچاو ده که وت.

ریکخستنی مه‌راسیمی یه‌کی ئه‌یار و هه‌شتی مارس، به‌شداری هه‌لسووراوانه‌ی ژنان له تیکوشانی جوربه‌جوری کومه لایه تی، واقعیه تی میژووی ئه مروی کوردستانن که نووسه ر له هه یئه تی که سایه تی یه‌کانی رومانه که دا پیشانمان ده‌دا. مریم، که‌سایه‌تی راسته‌قینه‌ی ژنیکه که ژنانی کوردستان دژی حکومه‌تی ئاپارتایدی جنسی ئیسلامی هان ده دات، رابه ری یان ده کات و رابه ریکی خوشه ویست و جیگه ی متمانه ی شوینی ژیانیه تی.

"میدووسا بە سەر ئابیدەرەوە" توانیویەتی هەستی جنسی و خوشەویستی سەرکوت کراوی لاوان لە ژیر دەسەلاتی کوماری ئیسلامیدا، تەئسیری فەرهەنگی ئیسلامی لە نیو بنەمالەکان دا و فشار و تەنگ وچەلەمەی هەلقولاو لەم فەرهەنگە بە جوانی بخاتە روو. لە رومانەکە دا هەول و مەیلی راستەقینەی لاوان بو دوزینەوەی ریگای جوراوجور بو جواب دانەوە بەو نیازە سروشتی یە دەبینین. لە لایەکەوە هەستی سویبە، کچیکی فەرش چن کە بەشی هەرە زوری ژیانی لە ژووریکی تاریکدا خەریکی کاری تاقەت پرووکینەری چنینی فەرشە و گیرودەی بوچوونی پیاوسالارانەی برایەکەیەتی؛ لە لایەکی ترەوە شەهلا دەبینین: ژنیک کە بو جواب دانەوە بە نیازەکانی واقیعی خوی تابوەکانی بنەمالە و ژن وشوویی دە شکینیت.
هەلویست گرتن سەبارەت بە کوشتنی منالەکان و بوچوونە جوراوجورەکان لەوبارەوە، خوی لە باس و کیشەی مریم و دەسگیرانەی خسرو دا نیشان دەدات. جیاوازی بوچوونی مریم و خسرو پیشاندەری گرایشە جیاوازەکانی ناو کومەل سەبارەت بەم مەسەلەیە.
"میدووسا بە سەر ئابیدەرەوە" رومانیکی ئەدەبیاتی کریکاری یە. من بە نووسەر بو بەرهەمە سەرکەوتووانەکەی دەست خوشانە دەلیم و خویندنەوەی رومانەکە بە خوینەرانی هانا پیشنیار دەکەم.

***

# کوتایی چاوەروانی (۱)

هیوا

هه رچه نده به فریکی زور نه باریبوو، به لام ره شه باکه  ئه وه نده ی له چال و چوله کاندا کوکردبووه وه که زه وی یه که  لووس ئەینواند. له گەل ئیوه ش شەریکی توندی بەرپاکردبوو. چەندە بەفر له ئاسمانه وه ئه باری، سی ئه وه نده ی له زه وی هه لئه گرته وه و به رقه وه  له سنگ و نیوچه وانی ئه کوتان؛ ئه و ده مه روژئاوایه ی وا لی تاریک کردبوون که هه ر چه ند چاوەکانت بچکوله ئەکردەوه و ئەتروانی، چەند مەتریک زیاترت به دەوری خوتاندا نه ئەبینی. گرمه و نرکەی ره شه باکه هه ر ده مه و ئاوازیکی ترسناکی دروست ئه کرد، به جوریک هه موو ده نگیکی له خویدا کپ کردبوو و ته نها ده نگی خوی ئه بیسترا. له گه ل براکه ت دا یه کی نایلونیکی شین باو که کتیب و ده فتەره کانتان تیا ئه پاراست له بن بالتان قایم کردبوو و به هەنگاوه وردەکانتان بەفرەکەتان ئەشیلا. دایکت هاته وه خه یالت که چه ند له به ریوه به ری قوتابخانه که پارایه وه "ماموستاگیان هه ر ئه و دوو منداله م هه یه . بیانخه ره د ه وامی به یانیان، زستانه و تاریکی زوو دادی، به ینی دوو شار ئه برن و ده وامی ئیواران به که لکی ئه مان نایه ت" ده نگه ناسکه که ی "هیمن" به رگویت که وت:

ـ چنار، تو به فرت خوش ئه وی؟

ـ نا، خوشم ناوی، ئه ی تو؟

ـ منیش خوشم ناوی. (پاش که میک بیده نگی دریژه ی به قسه کانی دایه وه)

ـ که داوات له سایه قی قه مه ره سووره که کرد، ئه وه  نه بوو ژنیکی له پیشه وه و منالیکی به قه د منیش له دواوه دانیشتبوو...

ـ ئی، ئه زانم.

ـ له قسه ی ئه و منداله زور بیزار بووم.

ـ بوچی؟

ـ شووشه که ی نزم کرده وه و وتی "ئای چه ند خوشه به فر ئه باری"...

سه رنجت دایه، به هه نگاوه خیراکانی ریگای ئه بری. هه ر دوو ده ستی له گیرفانی قەمصه له که ی (۲) ناوه و سه ری تویژالیک به فری گرتووه. ئه وه نده راتگرت سه رو چاویت پاک کرده وه، به بزه یه کی شیرین وه لامی دایته وه و که وتنه وه ری.

ترسی ئه م ده شته چوله و ئه م زریانه تووشه پیشنیاره که ی "هیمن"ی به بیر هینایته وه:

ـ با له جاده که وه بروین.

ـ نا، زور دره نگه، له م ده شته وه زووتر ئه گه ین.

ئه مجاره ش به پرسیاریک ده ست پیشکه ری گفتوگوی کرد:

ـ ئه و سه یاره سووره بو سواری نه کردین؟

ـ ئه ویش وه ک ئه وانی که وتی "ته ر و قوراوین"

ـ ئه گه ر ته ر و قوراوی نه بووینایه، سواریان ئه کردین؟

ـ باوه ر ناکه م، چونکه پاره یان لیمان ئه وی و ئیمه ش پاره مان پی نی یه.

ـ هەر كە دەستت لی‌راگرت و لە بەردەمماندا وەستا، لە خوشیاندا ویستم خومی تی فری بدەم؛ نەمزانی بو میوە کرین وەستا، ئاخر جیگە شی هە بوو!

هە ستت کرد ریگاکە تان دە ستی داوە تە هە وراز، ئە وە ت بە بیر داهات کە ریگای ئیوە هە ورازی تیدا نیە. بو دلنیابوون دریژەت پیدا. زوری نەبرد تیگەیشتی لە بناری گردولکەیەکدان. ترسی ون بوون لە دەروونت چەکە رە ی کرد. دە ستی هیمن ت گرت و هە لویستە یە کت کرد. نە خشە ی دە شتی شارە زوورت هینایە پیش چاوی خوت و میشکە بچکولانە کە ت لیکی دایە وە. زانیت بە لای چە پدا زور خوار بوونە تە وە، بویە ئاراستە ی ریگاکە ت گوری. باکە ی تا ئە هات قایم تر ئە بوو و سە رما زیاتر ئە ی لە رزاندن. باسیکی تازە ت کردە وە:

ـ خوزگە چە تریکمان پی بوایە.

ـ ......

ـ هە ردووکمان ئە چووینە ژیری و ئە گە ر گورگ بهاتایە بومان، ئە مانکرد بە چاویدا؛ ئیتر نە ی ئە ویرا بیتە وە، وانیە چنار؟

لە سە رە تای ریگاوە ئە م ترسە لە دلت میوان بوو نە ت ئە ویرا بیدرکینی، بە لام بو دلدانە وە ی براکە ت بە لە خوبایی بوونیکە وە پرسیت:

ـ لە گورگ ئە ترسی؟

ـ ئە ی تو ناترسی؟

ـ گورگ بە م توفانە لە م دە شتە چولە نابیت.

هە ولت ئە دا خوتی بو بکە یتە قە لغان و لە رە شە باکە بیپاریزی، بە لام گیژی بایە کە لە هە موو لایە کە وە ئە یگرتنە وە. لەرزینی ئەژنوکانتان هەرەشەیەکی ترسناک بوو بەرەو رووت ئەبووەوە. هەر بەدەم ریوە بەفری سەر شانی هەر دووکتانت تە کاند. ئە مجارە ش رووی پرسیاری تیکردی:

ـ پولی چوارە م قورسە؟

ـ نا، قورس نیە.

ـ کە ی منیش ئە گە مە پولی چوارە م؟

ـ سی سالی تر.

خە یالی باوکت سە رتاپای هە ستی داگرتی. بە خوت وت: "لە کوی وە چاوی لە دوو جگە رگوشە کە ی بی، وە ک بالدار خوی بگە یە نی پیمان. هە ر دووکمان لە باوە ش بگریت، هە نگاوە گە ورە کانی بە خیرایی ئە م دە شتە تە واو بکات و بە مالە وە مان شاد بکات. ئاخ بابە گیان... هە تاکە ی چاوە ریت بین؟! هە ر نە بیت هە والیکت پیمان بگات هە تا بزانین لە ژیاندایت. ئە وە تا هە ر کە س باس لە ئە نفال کراوە کان ئە کات بە تە مای گە رانە وە یان نین، بە لام ئیمە هە ر چاوە روانین" لە کاتیکدا فرمیسکە گە رمە کانت بە سە ر روومە تە تە زیوە کانتدا خزە یان ئە کرد و بە نیو بە فرە کە دا روئە چوون، بە پرسیاریک بە ئاگای هینایە وە:

ـ هە تاکە ی ئاوارە ئە بین؟

بە خیرایی هاتە وە بیرت کە هە فتە ی پیشوو بە هوی نە خوشی "هیمن" ە وە زوریک لە خە لکی گە رە ک شە ویک لە مالی ئیوە کوبوونە وە و باسی ئاوارە بوونی خویان ئە کرد. هە ر دایکی "دیار"ی رە فیقت وتی:

ـ دلتان بە ئە مریکا خوش نە بی، ئە مریکا و سە دام وایان لە ئیمە کرد.

چە ند کە سیک رووبە رووی بوونە وە:

ـ تو شوین قسە ی کومونیستە کان مە کە وە. مە گە ر ئە مریکا کورد بکاتە شتیک و بە ئیجگاری کوتایی بە ئاوارە بوون

بهینی.
تو به باشی له م قسانه تی نه ئه گه یشتی بویه به کورتی وه لامی براکه ت دایه وه:
ــ هیمن گیان، نازانم.
هه ستت کرد تاریکی بالی ره شی به سه رتاندا ئه کیشی. ئه وه نده ی تر ترسی خزانده ده روونت. ویستت پیی بلیی په له بکات. بینیت ته واو بی هیزی پیوه دیاره و به ئاسته م توانای هه نگاونانی هه یه. په شیمان بوویته وه .
دایکت هاته وه خه یالت که هیچ کاریکی بو ناکری، به بی ئارامی دیته ده ره وه و چاویک له کولانه که ئه کات و به په له ئه چیته وه ژووره وه، وه ک په یکه ر له ناوه راستی ژووره که رائه وه ستی؛ پاش که میک دیته وه ده ره وه ده ست له سه ر ده ست دائه نیت و چاو له کولانه که ئه بری؛ بریار ئه دات به ره و قوتابخانه بکه ویته ری، به لام ئه ترسی هه ر له مال ده رچیت ئیمه به ته ری بگه ینه وه ماله وه و سه رمامان بیت، بویه هه ر زوو له و بریاره پاشگه ز ئه بیته وه.
گه یشتنتان به رووباره که په تی خه یالی پساندی. له قه راغه که ی راوه ستان. که ف دروست کردن و لوول بوونه وه و به یه کدادانی به رد و ئاو هیزی ئه ژنوی شکاندی؛ نه خیر له وه دا نه بوو لیی بپه رنه وه. ئه تزانی پردیک هه یه، ته نانه ت سه یاره شی لی ئه په ریته وه، به لام نه ت ئه زانی روو له کام لا بکه ن بوی. سه رنجت دایه هیمن، کتیبه کانی له ده ست به ربوته وه و که میک بو پیشه وه کوور بوته وه. به له رزه له رز ده سته بچکوله کانی جووت کرد و له نیوان هه ر دوو ئه ژنوی رایگرت. به په له باوه شت بو کرده وه و سه ریت به سنگه ته ره که ته وه نووساند و خوت به سه ردا خوار کرده وه.
له کاتیکدا به ریه ک که وتنی ددانه کانتان ته قه ته قی دروست ئه کرد و زمان و لیوه کانتان وه ک ده رزی به نجی لی درابی، به ئاسانی قسه ی پی نه ئه کرا، پرسیت:
ــ هیمن ئه وه چیه؟
به قورگی پرگریانه وه وه لامی دایه وه:
ــ زور سه رمامه و برسیمه.
ــ هیمن گیان، زورمان نه ماوه؛ هه ر ئه وه نده ی پرده که بدوزینه وه ئه گه ینه ماله وه.

نایلونه که ت هه لگرته وه و له ناو کتیبه کانی خوت هاویشت. ده ستت به قولیه وه گرت تا نه هیلی بکه ویت و به ئاراسته ی رویشتنی ئاوه که به ریکه وتن. هاژه ی رووبار و لووره لووری با و بانگی گریانی هیمن تیکه ل به تاریکی ئه و شه وه ئه بوون و دیمه نیکی توقینه ریان له ناختدا به رجه سته کرد. زورت له خوت کرد و توانیت گریانه که ت له سنگتدا په نگ بده یت.
زور نه رویشتن. ئه ژنوکانی نوشتانه وه و له ناو به فره که دا گرموله بوو. کتیبه کانت به ردایه وه و هه رچه ند هیزت دایه به رخوت نه تتوانی به رزی بکه یته وه. ده ستت له قژی وه ردا، هه ستت کرد مووه کانی چلووره ی کردووه. به په له ده ستت له ئه ژنوی کوتا، شه رواله که ی وه ک چه رمیکی وشک هه لاتوو خشه ی ئه هات. ئیتر گریان نه یتوانی له قه فه زه ی سنگت جیی بیته وه. که به دیاریه وه هه لتروشکایت (۳) به خوت زانی ته نووره که ت به ستوویه تی. سه ریت به رز کرده وه و له ناو هه ر دوو ده ستت راتگرت. ده نگی گریانی نزمتر ئه بووه وه، تا وای لیهات ته نها نووزه نووزیکت لی ئه بیست. ده سته کانت هیزی هه لگرتنی سه ری نه ما، نووزه که شی لیبرا. توانای بینینت کز ئه بوو و خوت له سه ر قاچه کانت بو رانه گیرا. له کاتیکدا به گریانه وه هاوارت ئه کرد "دایکه گیان، له ماله وه چاوه ریمان مه که، فریامان که وه، لیره بمان دوزه وه ، ئیمه نامانه وی بمرین..." به ئیجگاری لای سه ری براکه ته وه له ناو به فره که دا که وتی و سه رت چووه نزیکی کتیبه کان و هه ر به واندا دوا په یامت بو دایکت نارد:
ــ ئه مشه و کوتایی به چاوه روانی بینه؛ نه چاو ه روانی ئیمه به، نه چاوه روانی بابه.

## پەروایز:

١_ رووداوی ئه م چیروکه ٧_١_١٩٩٢ له نیوان شاروچکه ی "سیدصادق" و "شانه ده ری، له راستیدا رووی داوه.

٢_ قه مصه له: کاپشین.

٣_ هه لتروشکان: دانیشتن له سه ر هه ردوو پی.

***

# بانگەواز

داوا و تکا

بە مەبەستی چاپ و بلاوکردنەوەی شیعرەکانم کە ژمارەیەکیان لە گوفاری "رابەر" ئورگانی حەلقەی ئەدیبانی کومونیست لە نیوانی سالەکانی ١٩٨٧ ـ ١٩٩٠ بلاو بوونەتەوە و نامیلکەکانی "چرای شورش" ١٩٨٩، "چاوم لیبە"، "چەندگورانی‌یەك لە جەنگەلستانی ژیانەوە" ١٩٩٢، یان هەر نووسین و شیعریکی‌تر، تکام وایە لە هەر دلسوزیکی ئەدەب و شیعری کریکاری کە هەر بەرهەمیکی منیان لا دەست دەکەویت بە ئادریسی گوفاری هانا، یان بەم ئادریسە ئاگادارم بکاتەوە و بیگەیینیتە دەستم، لە گەل ریزم‌دا.

عبدالله سلیمان (مەشخەل)

فانکوفەر ـ کەنەدا


Abdullah Sulaiman<br>
408 - 747 East 8th Ave<br>
Vancouver, B.C. V5T 1T3<br>
Canada


❊❊❊

# بازگە

عە بدول حسین

سە فە رە کە ت ناچاریی بوو... نە خوشیی هاوریکە ت گە یشتبووە سنووری مالئاوایی کردن لە ژیان... دە نا باسی ریگاکە یان بو کردبوویت... لیرە هەتا ئەوی دەیان بازگەی ئەم و ئەو یەخەیان گرتیت. لە سە ر تا خواری لە شتیان پشکنی و ناوی جانتاکە تیان ئە م دیو و ئە ودیو کرد.

وەکو خەلکی ئەم ولاتە نەبیت، لە بازگەی یەکەمی هەردووکیاندا... ناونووسیان کردیت. لە دوا بازگەی ئەمدا پرسیارە کان وە کو بزمار بە سە ر سنگتدا، دائە کوترا:

ـ بو کوی دە چیت؟

ـ خو تو خە لکی ئە وی نیت... ئیشت بە وی چیە؟!

هە ر کە لە وی دە رباز بوویت... لە یە کە م بازگە ی ئە وانیشدا... دیسانە وە پرسیارە قیزە ونە کانیان کیشایە وە بە رووتا:

ـ دی کیفە چی؟

ـ خو تو خە لکی فیرە نی... تە چ شول ل فیرە هە یە؟!

بە شە کە تی گە یشتیە ئە وی. شوینە واری تابلو ئاوژووە کانی نیوان ئیوە و ئە وان پانتایی دە روونتی داگیر کردبوو. هە ر کە وینە کان بە میشکتدا، تیدە پە رین... چرنووکیکیان لە ناخت ئە گرت... لە گە رانە وە تا، لە ریگا هە مان هە لسوکە وتیان لە گەل کردیت بویە لە ناو پاسەکەدا هەتا گەیشتنە قەراغ شار، تو بە ناو خوتا روچوو بوویت و کارە دزیوە کانی دوای راپە رین وە کو فیلمیکی تراجیدی بە بە رچاوتا تیدە پە رین... هاواریکی کپ بوو بە هە ناسە یە کی دریژ و لە ناختە وە دە رچوو:

" ـ ئەمانە بو دروشمە پیروزەکانیان ئاوەژوو کردەوە؟ ... شورش و مافی گەلیان گوری بو تالانکردنی سامانی نیشتمان... لە پیناوی کورسیش دا، کەوتنە خوکوژی! ئەو توزە تروسکای یەی بە رووباری خوین و فرمیسک سەری دەرهینا ئەیانەوی لە پیناوی مشتی دولاری داهاتدا کپی بکەن و دیسانەوە بمانخەنەوە ناو شەوەزەنگ... چوارپارچە کە یان کرد بە پینج... پیشیان نە نگ نە بوو، پە لی دوژمن راکیشن هە ر لە بە ر ئەوە ی وا بمیننە وە... نابی وا بویان بچیتە سەر... دەبی راپەرینیکی تر پوخلەواتی راپەرینەکە رامالی... دەنا رە نجمان بە فیرو دە بە ن... ئە توانری بکری... ئە ی بو ناکری؟!... دە بی بکری..."

ـ لە کویوە هاتوون؟

ـ لە شاری هە...

ـ دابە زنە خواری بو پشکنین.

سلیمانی ١٠_٦_١٩٩٧

***

# برا گەورە (١)

شیکهار جوشی Sekhar Joshi

تە رجە مە : ئە سعە د حاج حە سە نی

جگدیش بابوو Jagdish Babo هەوەل جار لە قاوەخانە چکولەکەی پەنای تابلو زەلامەکەی وا لە لای چەپی بازارەکەوە بوو، چاوی پیکەوت. چاوانی گەش، قژی قاوەیی کال و هەژینیکی نەرمی نەناسیاو لە جم و جولیدا، تیکەلاویەکی جوانی ــ وەک دلوپی ئاو وا بە رووی گەلای گولالەی گەرمیاندا بکشیتە خوار ــ پیک هینابوو. بە وریایی چاوە کانیدا، دە کرا تە مە نی نیوان نو و دە سال گومان لی بدریت و هە ر وایش بوو. کاتیک جگدیش بابوو بە مژدان لە سیگارە نیوە کە ی هاتە نیو قاوە خانە کە وە، کورە کە خە ریکی لابردنی چەند دە وریيە ک لە سە ر میزیک بوو. بە لام هە ر کە جگدیش بابوو ویستی لە پشت میزیک لە گوشە یە ک دانیشی، کورە کە پیش ئە وە ی ئە و دانیشیت لە بە رانبە ری دا حازر بوو، وە ک ئە وە ی بلیی چە ندان سە عات بە تە مای ئە و، بە تەمای یە کیک بووبیت لە و جیگە یە دانیشیت.

کورەکە هیچی نەوت. بو ریزگرتن، توزی دامووکایەوە و زەردەخەنەیەکی کرد. هە رکە سفارشی چایە کی وە رگرت، دووبارە زە ردە خە نە ی کرد، نە ما و لە چاوتروو‌کانیکدا بە چایە کە وە گە رایە وە.

هەستەکان سەیرن. لەوانەیە یەکیکی بە تاق‌کەوتوو لە شوینیکی تەریک و ساباتا، هە ست بە تە نیایی نە کات. سەرەرای بە تاق‌کەوتنەوە، هەموو شتیک زور ناسیاو و خومانە بیتە بە رچاو. بە پیچە وانە یش، لە نیوان هە زاران کە سیش دا هە ست بە تە نیایی دە کریت. هە موو شتیک نە ناسیاو و نامو دیتە بە رچاو. بە لام ئە و هە ستی تە ریکی یە و بە تاق کە وتنە حە تمە ن رە گە کانی لە جیابوونە وە و جودایی لە میژینە دایە.

جگدیش بابوو لە شوینیکی دوورە وە هاتبوو و بە تە نیا بوو. لە هاتوچووی بە پە لە ی نیو بازارە کە، لە هە راو هوریای قاوە خانە کە دا هە موو شتیک بی پە یوە ندی لە تە ک یە کدا دە هاتنە بە رچاوی. لە وانە بوو دوای ماوە یە ک ژیان لیرە و پیداکە وتن، توزی ئاشنایی لە تە ک دە ور و بە ریدا پە یدا بکردبایە. بە لام جیگە کە ئە مرو زور بیگانە دە ینواند، زور دوورتر لە ئاسوی بوونیەوە. بیرکردنەوە لە رابوردوو دەستي پیکرد و خەلکی لادیکە ی خوی و کورە مە درە سە یی و دانشگاییە کان و قاوە خانە ی شارە نزیکە کە ی وە بیر هاتنە وە.

ــ چایی "ساحیب"! (٢)

جە گدیش بابوو خولی جگە رە کە ی داتە کاند. لە "ساحیب" وتنی کورە کە دا، هە ستی بە زاراوەیە ک کرد کە ونی کردبوو. لە سە ر گومانە کە ی دریژە ی بە قسە کردن دا:

ــ نیوت چیە؟

ــ "مە دە ن".

ــ زور چاکە مە دە ن، خە لکی کویی؟

ــ خە لکی کویستانم، بابووجی.

ــ سە دان شوین لە کویستاندا هە یە ــ "ئابوو"، "دارجیلینگ"، "موسوریە"، "سیلما"، "ئالمورا"... ئاواییە کە ی تو لە کام کویستانە؟

بە زە ردە خە نە وە وتی:

ــ "ئالمورا"، ساحیب، ئالمورا.

بە شارە زاییە وە پرسی:

ـ کام ئاوایی له ئالمورا؟

کوره که ده ستاوده ستی کرد. شایه د له نیوی سه یری ئاوایییه که شه رمی ده کرد، به ژێری یه وه جوابی دایه وه:

ـ زور دووره ساحیب. له وانه یه بیست و پینج، سی کیلومه تر له ئالموراوه دوور بیت.

ـ به لام هه ر ده بی نیویکی هه بیت.

به شه رمه وه جوابی دایه وه:

ـ "دووتیالگاوون".

ته می ته نیایی له رواله تی جه گدیش بابوودا ره وی و کاتی به بزه وه به "مه د ه ن"ی وت ئه ویش خه لکی ئاوایییه کی دراوسییه، چی وای نه مابوو کوره که له خوشیاندا که شه فه که ی له ده ست بکه ویته خوار. مات و بیده نگ له جیگه ی خوی راوه ستا، وه ک ئه وه ی رابردووی وه بیر بیته وه.

رابردووه که ئاوایییه ک... کیوه به رزه کان... چه میک... دایک... باوک... خوشکی گه وره... خوشکی چکوله... براگه وره؟ شیوه ی کامیان بوو وا له رواله تی جه گدیش بابوودا ره نگی ده دایه وه؟ دایک؟... نه، باوک؟... نه، خوشکی گه وره یان چکوله؟... نه، براگه وره؟ ... ئه ری... "داجیو"!

دوای چه ند روژ، بوشایی نائاشنایی له نیوان مه ده ن و جه گدیش بابوودا نه ما. هه ر ئه و پیاوه داده نیشت، مه ده ن بانگی هه لده هینا:

ـ به خیر بییت، داجیو! داجیو، ئه مرو زور سارده. داجیو، لیره ش به فر ده باری؟ داجیو دوینی زور خواردنت نه خوارد. له پر له سووچیکه وه هاواریک ده کرا "کوره!" و مه ده ن پیش ئه وه ی ده نگه که بگاته ئه و سه ری قاوه خانه که، ده سبه جی ئاماده ده بوو. دوای وه رگرتنی سفارشه که له گه رانه وه دا ده یپرسی:

ـ چت ناوی داجیو؟

ـ توزی ئاوم بو بینه.

له وپه ری قاوه خانه که وه بانگی هه لده دا: "هه ر ئیستا، داجیو."

وشه ی "داجیو"ی به تاسه و شه وقی دایکیکه وه که کوره که ی دوای جیایه کی دریژخایه ن له باوه ش ده گریت، ده گوته وه.

دوای ماوه یه ک، ته نیایی جه گدیش بابوو له ناوچوو. ئیستا نه ک هه ر بازاره که و قاوه خانه که به لکو شاره که ش ره نگیکی خومانه ی لی نیشتبوو. ئیتر "داجیو" داجیو وتنی به رده وامی مه ده ن که له سه رانسه ری قاوه خانه که دا ده زرنگایه وه به که یفی نه بوو.

ـ مه ده ن! وه ره بو ئیره.

ـ وا دیم داجیو!

به رده وام به کارهینانی وشه ی "داجیو" خووی بورژوازیه تی جه گدیش بابووی ده ره نجاند. د ه زووی باریکی به یه ک راهاتن به رگه ی کیشی به هیزی "خوپه ره ستی" ناگریت.

ـ چاییشت بو بینم، داجیو؟

ـ چاییم ناویت. به لام ئه مه چیه، یه ک شه ق هاوار ده که ی "داجیو، داجیو"، که رامه تی خه لک لای تو ریزی نیه؟

جه گدیش بابوو تووره هه لگیرسابوو و ئاگای له گفتی خوی نه بوو. بیریشی له وه نه ده کرده وه که مه ده ن له مانای "که رامه ت" تیده گات یان نا.

به لام مه ده ن به بی ئه وه ی مانای وشه که ی بو لیک بدریته وه له هه موو شتیک تیگه یشت. جا ده کریت که سیک وا له ته مه نیکی وه ها ناسکدا ویرابیتیه تیگه یشتن له و دونیایه، له مانای وشه یه کی بی قابل تی نه گات؟

مه ده ن لای خاوه نی قاوه خانه که سه رئیشه ی کرد به بیانوو و له دیوه چکوله که ی خوی دانیشت، سه ر له نیوان ئه ژنودا،

هه نیسکی ده دا. له م بارودوخه ی دووری له که س و کار خووکردنی ئه و به جه گدیش بابوو ڕووداویکی زور ته بیعی بوو. به لام ئیستا بو یه که م جار له ولاتیکی غه ریب دا هه ستی ده کرد یه کیک ئه وی له باوه شی دایکی، له ده ستی باوکی و له ژیر سایه ی خوشکی دا ڕفاند.
مه ده ن هه ر وه ک جاران گه رایه وه سه ر کاره که ی خوی.

ڕوژیک، کاتی ڕویشتن بو قاوه خانه که، جه گدیش بابوو کوتوپڕ،"هیمانت"، هه والیکی کاتی مندالی خوی بینی. دوای ئه وه ی چوونه نیو قاوه خانه که، جه گدیش بابوو به ئاشیره ت مه ده نی بانگ کرد، به لام هه ستی به وه کرد که کوره که تیده کوشا نزیک نه که ویته وه. دوای ئه وه ی بو جاری دووه م بانگی کرد، مه ده ن هاته پیشی.
ئه مرو نه بزه ی جاران له سه ر لیوه کانی بوو و نه وتی: "چیت بو بینم، داجیو؟" جه گدیش بابوو خوی ده ستی پیکرد:
ـ دوو چایی و دوو هیلکه و ڕون.
دواییش له باتی ئه وه ی جواب بداته وه: "هه ر ئیستا، داجیو" وتی: "هه ر ئیستا، ساحیب" و ڕویشت، هه ر وه ک ئه وه ی ته واو له یه ک بیگانه بن.
ـ له وانه یه مندالی کویستان بیت، "هیمانت" گومانه ی کرد.
جه گدیش بابوو له ژیر لیچه وه وتی "ئه ری" و باسه که ی گوری.
مه ده ن چاییه که ی هینا.
هیمانت پرسی "نیوت چیه؟" و تیده کوشا ڕواله تیکی دوستانه بگریته خوی.
ماوه یه کی کورت بیده نگی میزه که ی داگرت. جه گدیش بابوو سه ری داخستبوو و ده یروانیه پیاله چاییه که. مه ده ن بیره وه ریه کانی هاتنه وه بیر: ڕوژیک هه ر به م شیوه یه جه گدیش بابوویش نیوی ئه وی پرسیبوو... دوایی... "داجیو، دوینی زور خواردنت نه خوارد"... و دوایی یه که شی، "تو هیچ ڕیز له که رامه تی خه لک ناگریت..."
جه گدیش بابوو چاوی به رز کرده وه و بینی له وانه یه مه ده ن وه ک بورکانیک بته قیته وه.
ـ نیوت چییه؟ هیمانت دووپاتی کرده وه.
ـ "به هه تیوه بانگم ده که ن، ساحیب" و لییان دوورکه وته وه.
ـ "که لله شه قیکی ڕاسته قینه یه"، هیمانت وتی و قومیکی له چاییه که ی دا:
ـ نیوی خوشی نایه ته وه بیر.

(۱) ئه م کورته چیروکه له کتیبی MAGINE; J.W. Cappelens Forlag A/S, Oslo 1994 را کراوه به کوردی.
(۲) ساحیب: ئاغا

# داوای لیبوردن:

له ژماره ی ۱۰ ی هانا دا، نامه ی عباس شوان، بو ریبوار، بلاو کراویه وه. به داخه وه له په ره گرافی کوتایی نامه که دا ۲ دیر له کاتی دووباره نووسینه وه ی نامه که دا که وتبوو. ئیمه لیره دا له گه ل داوای لیبوردن له "عباس شوان" و خوینه رانی هانا به خاتری ئه مه هه له یه، ده قی په ره گرافی کوتایی نامه که ی "عباس شوان" لیره دا دینینه وه. ئه و ۲ دیره ی که له ژماره ی ۱۰ دا که وتبوون، به خه تی جیاواز لیره دا نووسراونه وه:

"من له مه عده ن پاکی خومه وه بو تو و بو شیعر و ئه ده بیاتی کریکاری هینده به وه فا بووم و ناوتم به رز راگرت. که چی به ریزت تا ئیستا پرکیشی نووسینی نامه یه کت نه کردووه! که هاتووشیته سه ر ئه و په ره گرافه موشه خه صه، بی ئینسافیت کردووه، له کرده وه ی کومونیسته حه قیقی یه کانی په یره وی مارکس ناوه شیته وه و ئاماژه ت به ناوی من نه کردووه! گریمان ناوی من زه روری نییه، خو ده کرا بتنووسیایه که سیکی خه لکی سلیمانی ئه و به رهه مه ی بو به چاپ گه یاندووم!!"

***

# وەلامی ریبوار بە نامەکەی عەباس شوان

مصلح شیخ الاسلامی (ریبوار) ٣١_١_١٩٩٩

سه باره ت به نامه كه ی عه باس شوان بو من، كه له "هانا"ی ژماره ده دا هاتوه، به پیویستم زانی چه ند نوكته یه ك روون كه مه وه:

سەرەتا حەق بەو دەدەم كە لە ژیاننامەی هونەری من، بلاوكراوه لە روژنامەی **"پەیام"** ژمارە ی ٧ (ئایاری ١٩٩٨)دا، ناوی ئه و، وه ك بلاوكه ره وه ی كومه له شیعریكی من: **"چه ند لاپه ره له ده فته ری به ریاخه ل"** نه هاتووه. گه رچی، مه به ست له و ژیاننامه كورته، هینانی ناوی بلاوكه ره وه ی به رهه مه كان نه بووه و ناوی زوربه ی ئه وانی تریش نه هاتووه؛ به لام وادیاره پیهاتنیكی واش به وان قه رزدارم.

به لام ئه گه ر، به واته ی خوی، "شایه تمان به دیار" ئه وه ناهینی كه، وه ك له ویدا (له په رانتزیكدا) هاتوه، من یه كیك له دامەرزینەرانی كومەلەی شورشگیری زەحمەتكیشانی كوردستانی ئیران بووم، ئیتر موشكیلی خویەتی. ئەوه حه قیقه تیكه و هه موو دامه رزینه رانی كومه له ی قه دیم لیی ئاگادارن. به داخه وه هاورییانی وه كو فواد و حه مه حسه ین كه ریمی زور زوو گیانیان به خت كرد. به لام كومه لیك له وانه، خوشبه ختانه، ماون و هه ر لیره دا ده توانم ناوی چه ند كه سیكیان كه ئیستاش نیوبانگی سیاسی و كومه لایه تی یان هه یه بینم كه ده توانن شاهیدی له سه ر ئه م راستی یه ش بدەن. **ئەمە خالیكی** گەشی ژیانی منەو ریگا نادەم بە رەخنەی بی‌جی و نامیهرەبانی لەم چەشنە خەوش هەلبگری. نەك هەر كەسانی وەكو حسین مراد بیگی (حەمەسوور) و ئیرەج فەرزاد، كە لەوانەیە كاك عەباس "شایەتمان"یان پی نەهینی چونكو ئەمانیش و گەلیكی تریش لە دامەرزینەرانی كومەلەی قەدیم، بە واتە ی ئه و، نه ده بوو كومه له یان به جی هیشتبایه، ئه وانی تریش، وه كوو عەبدوللای موهتەدی و ماموستابرایم، كه له كومه له دا ماونه ته وه، ده توانن ئه م دیرانه بخویننه وه و، ئه گه ر به پیویستی بزانن، قسه ی له سه ر بكەن.

من، بەپیچەوانەی عەباس شوان، بەجی هیشتنی كومەلەو دامەرزاندنی حیزبی كومونیستی كارگەریش لە سالی ١٩٩١دا هەر بە خالیكی گەش و گەلیكیش گەشتر لە دامەرزاندنی كومەلە دەزانم كە بەشداریم تیدابووە. چ دامەرزاندنی كومەلەی قەدیم (سالی ١٩٦٩) بەرانبەر بە ناسیونالیسمی حیزبی دیموكرات و حیزبی توودە و...، چ دامەرزاندنی حیزبی كومونیستی كارگەری (سالی ١٩٩١) بەرانبەر بە ناسیونالیسمی زال به سه ر كومه له و ... دا، سەرچاوەی لە یەك بوچوونی واحید دایە ئەویش دیفاعە لە كومونیسم بەرانبەر بە ناسیونالیسم. من، به پیچه وانه ی عەباس شوان، خودوراندن لە تەمكین بە ناسیونالیسم و دوراندنی كومونیسمدا د ه بینم كه هه ركه س كردوویه ده بی جواب بداته وه.

***

# وەلامیک بو عباس شوان

سه ردار عبدالله

دواهه مین لاپه ره ی هانای ژماره ١٠ نامه یه کی "عباس شوان"ه بو ریبواری شاعیر (مصلح شیخ اسلامی). له پیشه کی نامه‌که‌یدا باس له سه‌ختی باری ژیانی خوی ده‌کات له تورکیا و بیزاری و ناره‌زایی خوی ده‌رده‌بریت به رووی نوینه‌رانی سه‌ده ره‌شه‌کاندا به تایبه‌ت بزووتنه‌وه‌ی نامو‌باره‌کی ئیسلامی وه ک خوی ده لیت، ئه گینا ئه و کاری به تورکیا چی بوو. پاشان دیته سه ر هاوده رده کانی له په ناهنده ی هه لاتووی ده ستی بارودوخی ناجیگیری کوردستان به تایبه ت چه په کان به که سانی لاف وگه زاف لیده رو شکست خواردوو ده داته قه له م.

به پیشه‌کی ئه‌م نامه‌یه‌دا دیاره که عباس شوان له چ باریکی ده‌روونی خراپ و ناجیگیردا ده‌ژی وه‌ک ئه‌و په ناهندانه ی تر به چه پ و غه یره چه په وه، به لام ئه وه مان تی ناگه یه نی که هوی چی یه که ته نها له و نیوه دا ئه م به خوراگر و کومونیستی خاراو ماوه ته وه. به هه رحال ده کریت ئه و باره سه خت و ناهه مواره‌ی ژیانی په نابه ری له به رچاو بگیریت چ بو په ناهنده ی تر و چ بو عباس شوانیش، به لام ئه و په ره گرافه ی شوینی به حسی جددیمان نی یه. ئه وه ی وای لیکردم که وه لامی ئه و دوسته م بده مه وه ئه و سووکایه تی پیکردنه یه که کردوویه تی به تایبه ت به ریبواری شاعیر.

جا سه ره تا بو زیاتر ئاشنایی و پیناسی بوچوونه کانی عباس شوان، ده کریت هینانه وه ی قسه کانی خوی ببنه سه نگی مه حه ک بو خوینه ران. عباس شوان ده لیت:

"خوت (واته ریبوار) وا پیشان داوه که یه کیکی له دامه زرینه رانی کومه له ی کونی ئیرانی، هه رچه ندم کرد نه متوانی شایه‌تمان به دیار ئه‌و قسه‌یه بهینم... چونکه یه‌کی له دامه‌زرینه‌ری ریکخراوه یه کی وابیت هه رگیز ریکخراوه که ی ناکات به قوربانی هه ندی مه سائیلی تایبه تی و خوی نادورینی..."

پاشان دریژه به قسه کانی ده دات و ده لیت:

"هینده بزانم هه‌لقولاوی خیزانیکی ناسیونالیستی، بویه قه‌ناعه‌تم وایه که‌سیکیش له کویره دی یه کی وه ک مه ریوان هاتبیته دنیاوه به ئه‌سل له خیزانیکی کریکاری نه‌بووبی بناغه‌ی بوش ده‌بی و مه حاله بیته کومونیستیکی (...؟) خاراو."

ئه گه ر له پیشدا له به شی دوایی ئه م په ره گرافه بکولینه وه ده بینین که عباس شوان چه نده له روانگه یه کی ته سک و ناواقیعی یه وه له دنیا ده روانی. هه لسه نگاندیکی سه یرو سه مه ره و هه تا فریوده رانه ی له م چه شنه له دنیای ده وروبه ر و بزوتنه‌وه‌ی کریکاری وکومونیزم بی به‌ری‌یه له بوچوون و هه‌لسه‌نگاندنی مارکس ومارکسیزم، به لکو به پیچه وانه وه هه میشه نه یارانی کومونیزم کردوویانه. که م نه بوون قسه ی له م چه شنه ی حیزبه ناسیونالیسته کانی کوردستان که بو دژایه‌تی بزوتنه‌وه‌ی کریکاری وکومونیزم و بزوتنه‌وه‌ی شورایی سالی ١٩٩١ له کوردستان ده‌یانکرد، که گوایه کوردستان له رووی ئابووری‌یه‌وه دواکه‌وتووه‌و چینی کریکار گه‌شه‌ی نه‌کردووه، جابویه خه باتی چینایه تی و قسه له سه ر کومونیزم خه یال و بی سه مه ره.

جا دیاره هه‌ر له سه‌ر بنچینه و کاریگه‌ری ئه‌م بوچوونه‌یه که ناکریت شوان به ئه قلی دا بچیت که که کومونیزم و کومونیزمی خارا له جیگه‌یه‌کی خالی له پیشه‌سازی گه‌وره‌ی وه‌ک مه‌ریوان که ئه‌و به کویره دیی ناو ده‌بات، سه رهه لبدات.

عباس شوان سه‌رمایه‌داری به جیهانی چاو لی‌ناکات و پیی وانی‌یه که ئه‌م سیسته‌مه جیهانی ده بزویت، قازانج و به رژه وه ندی یه کا نی وا ده خوازی که ئینسانه کان به سه ر پله و پایه ی جیاواز و دژ به یه کدا دابه ش بکات. به رای من

خیل و هوزه بی به ش له شارستانی یه کانی ناوچه ی ئامازون و دارستانه کانی ئوستورالیا که سه ره تایی ترین ژیان به سەر دەبەن و کە هیشتا روخساری خویان لە ئاوینەدا نەبینیوە، دەرکیشانی لە سنووری کاریگەری و چوارچیوەی یاساکانی بزوتنه وه ی سه رمایه داری واقیع نه بینی و کاریکی ئه نقه سته؛ جا نه ک شاریکی وه ک مه ریوان که میژوویه کی له گه ل کومونیزمدا هه یه. له ئه نجامدا سه رهه لدانی کومونیسته کان وکومونیزم له هه ر بستیکی ئه م گوی زه مینه دا، دوور له سه نعه ته کان، له ناو جه رگه ی شوینه سه نعه تیه کاندا نه خه یال و نه دووره له واقیع. نموونه ی کومونیستی خاراو و جەسور لە جیگەی بی بەش لە پیشەسازی و دوور لە چەرخەکانی بەرهەمهیناندا، لە نیو خیزانە غە یرە کریکاری یه کاندا و دواتریش له خیزانه سه رمایه داره کانیشدا بهینینه وه، که چه ند خزمه تیان به بزوتنه وه ی کریکاری و کومونیزم کردووه، نموونه ی هاوریی گیانبه خت کردوو "فوئادی مسته فا سولتانی" که له دایکبووی هه ر ئه و مه ریوانه یه که عباس شوان به کویره دیی ده زانی. هه روه ها رابه ری بزوتنه وه ی کومونیزم "فریدریک ئه نگلس" په روه رده ی خیزانیکی سه رمایه داری گه وره بوو.

به واتایه کی تر ده کریت له هه موو چین و تویژه کومه لایه تیه جیاواز و دژ به یه که کاندا که سایه تی کومونیست سه ر هه لبدات و ببنه رابه ری کریکارانیش.

دەکریت بلیین بو کەسیک کە لافوگەزافی چەپ وکومونیزم لی بدات و ئینسانەکان لە سەر بنچینەی خیزان و عه شره ت و سنووره جوگرافیه کان پیناس بکات و داوای پاسپورت، بکات مه حاله کومونیستیکی خاراو بیت!؟

جا ئه وه ی ده گه ریته وه بو ریبواری شاعیر و به رهه مه کانی، هه میشه له سه نگه ری دژ به ناسیونالیزم بووه، به تایبه ت له ده ورانی کومه له ی کون دا. ئه وه ی واشی کرد که کومه له به جی بهیلیت "ناسیونالیزم" بوو.

عباس شوان به خاتری به رگری له کومه له ی تازه و ناسیونالیزمه عه یاره (۲۴)ه که ی ئه م هه لویسته ی ریبواری ناو ناوه خودوراندن. ئه م تومه ته بو که سیکی ناسیونالیست راسته که وه فادار نه بیت به ریکخراوه ناسیونالیسته که ی، به لام بو کومونیستیک که ده رباز بیت له ریکخراویکی ناسیونالیست، خوکرینه وه یه نه ک خودوراندن.

بەلام ئەگەر عباس شوان هەر سوورە لە سەر گومانەکەی، دەبیت چی بیت کە وا هە میشە لە گوفارە کە ی خویدا، "ئه ده بی کریکاری"، ئاماده بوو به رهه می بو بلاوبکاته وه و له سه ر ئیمکاناتی خوی دیوانی بو چاپ بکات، به بی ئه وه ی ریبوار ئاگای لی بی (وه ک خوی ده لی)؟! ئه مه کاریکی باشه و ده بی جیگه ی سوپاس و پیزانینی ریبواریش بیت، بەلام دەکریت پرسیاری ئەوە لە عباس شوان بکریت کە ئەم هەموو قوربانی دان و زەحمەتکیشانەی بو شاعیریکی غه یره کریکاری و ناسیونالیست زاده له چی؟! ده بوو عباس شوان ی په روه رده ی خیزانی کریکاری و شارنشینی سلیمانی، که میک له نموونه ی نووسین و به رهه مه غه یره کریکاری و ناسیونالیسته کانی ریبواری بخستبایه ته به رده ستی خوینه ران، تا بتوانریت قه زاوه تیکی دروست تر بکریت جا له و ریگه یه وه ده یتوانی پشتیکی پته وتر بو تیوریه که ی په یدا بکات، که له خیزانی غه یره کریکاری و کویره دی دا کومونیستی خاراو په یدا نابیت.

بە هەر حال باشتر بوو گەر عباس شوان دەیویست قەلەم بخاتە سەر کاغەز تا گوفاری هانا بوی بلاوبکاتەوە، ره خنه یه کی بابه تی بوایه له سه ر ریبوار یان هه ر که سیکی تر با گرنگ نه بوو، یاخود گه ر ده یتوانی به رهه میکی ئەدەبی بوایە کە رەنگدانەوەی باری ئەو کویرەوەری و نابەرابەری یەی کە یە خە ی بە هە زاران ئینسانی وە ک ئە و گرتووە چ لە کوردستان، چ لە تورکیا و... بەلی کاریک بوا یەخەی ئەو مەئسات و نەگبەتی یەی بگرتایە لە ئیسلامی ناموباره ک و هاوقوماشه کانیان که عباس شوان و هه زارانی تری ناچار کرد که کوردستانی ژیر ده سته لاتی ئه تاکورده کان به جی بهیلن و روو له ژیر ده سته لاتی شوفینزمی ئه تاتورکه کان بکه ن.

***

# بو ئەو ئینسانەی خوشم دەوی و بەجیمدیلی

بەیان

کاتی لە ناو شارە هە لقرچاوە کە ی قە لا دا بە نامویی ئە خولامە وە، تە نها ریشولە کانی سە ر تە لی کارە باکان هاودە مم بوون. هە موو کاتی جادە کانی ئە م شارە نائومیدی ژیانیان بە گویچکە مدا ئە چرپاند "... ئە بی ئە م شارە تە نها بو من وابی؟ ئەبی چی بی؟... بیری شاریکی تر ئەکەم، خەوی پیوە ئەبینم... بیری کولانە پیس و پشت گوی خراوە کانی ئە کە م... بیری ئاسمانە سوورە کە ی ئە کە م..."

دلم بە و شارە هە لنە گیرسایە وە تا توم نە بینی... تا هە ناسە کانمان لە بە ر تیشکی مانگە شە وی هاوین تیکە ل نە بوو... کاتی توم خوش ویست ئەم شارەم خوش ویست!! قەلا قەلایەکی تر بوو... هەموو شتی لە شار جوان بوو. کە توم خوش ویست، دنیام خوش ویست! کام وشە جوان و شیرین بوو بوم نووسی... دەفتەری یادگاریەکانم تەنها باسی خوشە ویستی گە ورە ی تو بوو...

ئیستا لیرە... دلشکاوم... ئیستا لیرە هون هون فرمیسک بە سەر دلشکاوی خومدا ئەریژم... لە دوای چوار سال خوشەویستیم گەورەتر بوو... هەستەکانم بەهیزتر و دلیشم زور ناسکتر بوو... بە جیم دیلی و ئە لیی من ژیانیکی خوشترم ئە وی... هە رچی بوو سریتە وە... جیابوویتە وە... بە لام من هە ر خوشم ئە ویی...

شتی نیە لە م روژە دا... لە م شارە گە ورە و پر خە لکە دا دلنە واییم بداتە وە، بەلام شتم زورە و لای تو ماوە... کە دلم هیور کاتە وە... ئە گە ر هات و روژی هاتی... لە بیر مە کە بونی خوت و هە ناسە تم بو بهینە...

تکایەکە و گەر بوت کرا... یادگاری زورم هەیە بە جی ماون... لە گەلیاندا میهرە بان بە... گە ر بتوانی لە مالە کە دە ریان مە کە ... تکات لیکە م گە ر مە لە کانی سە ردارە کانی بە رمال لە کوچی دووریان هاتنە وە، یە ک زە نگی کورتم بو لیدە. لە جیاتی من پییان بلی:
لە کوی بن ئیوە ی خوش ئە وی..
لە کوی بم منی خوش ئە وی..

***